کار و چالاکییەکانی ساڵی چوارەمی
کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەیلول – ٢٠٢٣

ناوەڕۆك

پێشەکی: ١
وەزارەتی داد ٢
وەزارەتی پێشمەرگە ١٢
وەزارەتی ناوخۆ ١٨
وەزارەتی دارایی و ئابووری ٧٨
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ٨٦
وەزارەتی تەندروستی ٩١
وەزارەتی پەروەردە ٩٥
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ١٠١
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ١١٨
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ١٤٥
وەزارەتی پلاندانان ١٦٣
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ١٨١
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ١٩٢
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ١٩٤
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠٢
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ٢٢٥
وەزارەتی ئەوقاف و کاروبای ئایینی ٢٢٨
وەزارەتی کارەبا ٢٣٩
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ٢٦٢
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ٢٦٧
فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ٢٧٤
فەرمانگەی میدیا و زانیاری ٢٩١
دەستەی وەبەرهێنان ٢٩٦
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ٣٠٨
دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ٣١٥
ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان ٣٢٠
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ٣٢٥
دەزگای گشتی کاروباری مین ٣٣٠
ئەکادیمیای کوردی ٣٤٤
فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ٣٤٨

پێشەکی:

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسیارێتی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خولی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت لە ئەستۆ دەگرێت، بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٢١)ی پەیڕەوی هەموارکراوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی ئەنجومەنی وەزیران.

لە چوارچێوەی بڕیاری ژمارە (٣)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/٧/١٥ لە دوای ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پۆلێن کردنی سەرجەم خاڵ و بڕگەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم لەسەر ئاستی پەیوەندی بە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکان.

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە چوارچێوەی ئەرکی خۆیدا هاوکار و هەماهەنگ بووە لەگەڵ وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە گەیاندنی پەیام و ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاووڵاتیان و خستنەڕووی کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دام و دەزگاکان.

ئەم ڕاپۆرتەی کە ئامادە کراوە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئاست و چۆنێتی کار ڕاپەڕاندن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە ماوەی ساڵی چوارەمی تەمەنی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەت، کە تیایدا چالاکی و کارەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو. لە داڕشتنی کار و چالاکییەکانیاندا هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمیان لەبەرچاو گرتووە کە بریتین لە حەوت ئاستی سەرەکی و پەنجاو دوو هێڵی گشتی.

لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆمان ڕوون بۆتەوە کە لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا، تێکڕای دامودەزگاکانی حکومەت، توانای خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرەو پێشبردنی پڕۆسەی چاکسازی؛ لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی داد

وەزارەتی داد

لە بواری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ :

لەماوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی توانراوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

١) سەرجەم دۆسیەکانی هەمیشەیی وەزارەتمان کە (٤١٥٨) دۆسیەیە وردبینی کراون.

٢) لە نێویاندا ژمارەی زیادەی پلە (٦٢) دۆسیە هەبووە.

٣) ژمارەی زیادەی سەرمووچە (٥٣) دۆسیە هەبووە.

٤) ئەژمێری بانکی بۆ (٢٥٩٩) فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەست کراوەتەوە، بەڵام بانکەکان ئاگاداری فەرمانگەکانیان کردووە لەلایەن تەکنەلۆجیاو زانیاری بە ڕاگرتنی کردنەوەی ئەژمێری بانکی لەبەرئەوەی دەکرێتە سیستمی (ITM).

خشتەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەتی داد

ژ	سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی	ژ. گشت دۆسیەکان	ژ. دۆسیەی وردبینیکراو	ژمارەی فەرمانبەران کە چاکسازی دەیانگرێتەوە	کۆی گشتی جیاوازی لە مووچەکەیان
١	دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد	١٨٩	١٨٩	٨	٩٥٩,٠٠٠
٢	ئەنجومەنی شورا	٦٠	٦٠	٠	٠
٣	سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی	٥٨	٥٨	٣	٢٧٨,٠٠٠
٤	سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی	٤٩٧	٤٩٧	٢١	٢,٩١٦,٠٠٠
٥	پەیمانگەی دادوەری	٢٥	٢٥	٥	٥٠٠,٠٠٠
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە	١٥٦٤	١٥٦٤	١١	٢,٧٤٨,٠٠٠
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان	١٧٥٢	١٧٥٢	٩	١,٨٧٥,٠٠٠
	کۆی گشتی	**٤١٤٥**	**٤١٤٥**	**٥٧**	**٩,٢٧٦,٠٠٠**

فۆرمی زانیاری کردنەوەی هەژمێری بانك

ژ	سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی	ژ. گشتی فەرمانبەران	ژ. فەرمانبەری هەژمێر بۆکراو	تێبینی
١	دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد	٢٢٣	٢٢١	٢ فەرمانبەر ماوە
٢	ئەنجومەنی شورا	٨٠	٨٠	
٣	سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی	٥٨	٣٦	
٤	سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی	٥٣٢	٤٣٦	٢٢ فەرمانبەر ماوە
٥	بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری	٢٧	٢٥	٩٦ فەرمانبەر ماوە
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە	١٦٩٥	١٢٨٥	٤١٠ فەرمانبەر ماوە
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان	١٩٢٩	١١٤١	٧٨٨ فەرمانبەر ماوە
	کۆی گشتی	**٤٥٤٥**	**٣٢٢٧**	**١٣١٨**

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

- لە چوارچێوەی پڕۆسەی بەناو کردنی زەوی کارت بۆ سەنەد؛ لە کۆی (١١٧٢٦٠) سەد و حەڤدە هەزار و دوو سەد و شەست کارت نزیکەی (٦٧٢٦٠) شەست و حەفت هەزار و دوو سەد و شەست کارت گۆڕاوە بۆ سەنەد، کە دەکاتە (٥٨٪).
- ڕاسپاردەکانی دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی لە کۆی (١٢٤٦) ڕاسپاردە (٨٠٠) ڕاسپاردە بەشێوەی پەرتووك چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە کە دەکاتە (٦٤%)، بەڵام ژمارەکانی تر ڕێکخراوە و کۆکراوەتەوە و لە ئێستادا بڕیار دراوە ئەوانیش چاپ بکرێن.
- سکانکردنی دۆسیەی فەرمانبەران و تۆمارە هەمیشەییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە و ڕینەیم کردنیان.
- هەموو تۆمارە هەمیشەییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە کۆی (٨٢٥٠) تۆمار سکان کراوە بەڵام لەماوەی ئەم چوار ساڵە لە کۆی (٢١٤٤) تۆماردا (١٨٧٧) تۆماری هەمیشەیی سکان و بە ئەلیکترۆنی کراوە کە دەکاتە (٨٧%) و هەر تۆمارێك نزیکەی (٤٠٠) مامەڵەی تیادا تۆمارکراوە و لە ئەنجامی لێکدانی ئەم ژمارەیە دەگاتە (٧٥٠٨٠٠) مامەڵە سکان و بە ئەلیکترۆنی کراوە و (٢٦٧) تۆمار ماوە و سکان نەکراوە.
- ڕینەیم کردنی (١٩٢٧) تۆماری هەمیشەیی کە هەر تۆمارێك نزیکەی (٤٠٠) مامەڵەی تیادا تۆمارکراوە لە ئەنجامی لێکدانی ئەم ژمارەیە دەگاتە (٧٧٠٨٠٠) مامەڵە ڕینەیم کراوە.
- پڕۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی زانیارییە کەسییەکان واتە تۆماری کەسی (سجلات الشخصية) و تۆماری گڵدانەوە لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.
- دامەزراندنی سیستەمی (G.I.S.) لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دهۆك و دانانی نزیکەی (٨٥٠) نەخشەی کادستروی تایبەت بە پارێزگای دهۆك لەسەر ئەم سیستەمە و بەکارهێنانی بۆ کاری ڕووپێوی.
- پڕۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنوسی لە هەرێم کە تاکو ئێستا (٦١) فەرمانگە بە ئەلیکترۆنی کراوە و (٦) فەرمانگە کە تازە کراونەتەوە ماوە.
- بۆ ڕێگریکردن لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی میللەت (٤٢) لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند پێکهێنراوە لەسەر ئاستی وەزارەت، کە بە سەرکەوتویی لە زۆربەی لیژنەکان کۆتاییان بە لێکۆڵینەوەکان هێناوە.

پڕۆژەکان:

- دروستکردنی باڵەخانەی تەواوکاری دیوانی وەزارەت، تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاپەڕین و سێمێل و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی پەیمانگەی دادوەری و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی تەرخانکراو بۆ (کۆمەڵگەی فەرمانگە دادییەکانی دهۆك).
- دیزاینکردنی (٤) پڕۆژەی جیاواز بۆ (ئارامگەی دیدەنی، باڵەخانەی تەواوکاری دیوانی وەزارەت، پێشانگای کتێب، دەروازەی پێشەوەی چونە ژوورەوە وەزارەت).
- دروستکردنی پێشانگای کتێب (سەرجەم کارەکان تەواو بووە لە قۆناغی دابینکردنی نەختینەیە).

چاپەمەنی (دەرکردنی گۆڤار و پەرتووک):

- دەرکردنی گۆڤاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) بە سێ زمان و (١٩٥) توێژینەوە وەرگیراوە و (١٦٣) توێژینەوە پەسەندکراوە هەروەها وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی کە (٥) ژمارەی لێ دەرچووە.
- دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی یاسایی بە بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ لە دیوانی وەزارەتی داد.
- دەرکردنی (١٥) کتێب و ئامادەکردن و چاپکردنی پەرتوکێك کە تێکڕا بڕیارەکان و ڕاڤەکانی ئەنجامدراو لەلایەن ئەنجومەنی شوورای هەرێم لە خۆی دەگرێت.
- کۆکردنەوەی ئامار لە پەرتووکێک و شیکردنەوەی قوڕسایی کار و چاپکردنی پەرتووکێکی تایبەت بە ڕاسپاردەکانی دەستەی ڕاوێژکاری و ڕێنماییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

لیژنەکان لەسەر ئاستی وەزارەت:

- **لیژنەکانی لێکۆڵینەوە:** بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلان و کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کابینەی چاکسازی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە و لە چوارچێوەی ئەو هەوڵە چاکسازییانەی کە وەزارەتمان بۆ ڕێگریکردن لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی میللەت داویەتی ئەویش پێکهێنانی (٤٢) لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بووە لەسەر ئاستی وەزارەت، کە بە سەرکەوتویی لە زۆربەی لیژنەکان کۆتاییان بە لێکۆڵینەوەکانیان هێناوە.
- **لیژنەی دیاریکردنی پێداویستی فەرمانگەکان:** پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند لەسەر ئاستی وەزارەت بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی فەرمانگەکان بە ژمارە (١١٨٩) لە ٢٠٢٢/١١/١، کە توانیان سەردانی (١٩٣) فەرمانگەی سەر بە وەزارەتمان بکەن لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم و هەندێکیان لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن و سەرجەم پێداویستییەکانیان دیاری بکەن و کارکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بەردەوامە بۆ دابینکردنی کەل و پەل و پێداویستییەکانیان لە ڕووی فەرمانبەر و باڵەخانە و شوێنی کارکردن.

دەرکردنی بەیان و ڕێنمایی:

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١ تاکو ٢٠٢٣/٦/١ (٢٨) بەیان دەرکراوە بۆ ڕێکخستنەوەو باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان و کردنەوەی فەرمانگەی نوێ وەکو لە خوارەوە دیاری کراوە:

ز	بەیان
١	بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە گۆڕینی هۆبەی بەدواداچوون بۆ بەشی یاسا و بەدواداچوون لەفەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی.
٢	بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (سەرجەم فەرمانگەکانی داد لە دهۆك).
٣	بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی هۆبەی تۆماری پێنج لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دووەمی هەولێر.
٤	بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی شێخان).
٥	ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٩/٢٠، تایبەتە بە (مادەی ١٠٥ لە یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (١٩٨٠)ی هەموارکراو).

٦	بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە گۆڕینی هۆبەی بەدواداچوون بۆ بەشی یاسا و بەدواداچوون لە فەرمانگەی داواکاری گشتی لە (هەولێر و دهۆك و گەرمیان).
٧	بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران).
٨	بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر یەك).
٩	بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و بەدواداچوونی تاوانکاری).
١٠	بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی قوشتەپە).
١١	بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی (هۆبەی بەدواداچوون) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی وەزارەت.
١٢	بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردنی دهۆك).
١٣	بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی سێیەمی سلێمانی).
١٤	بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر).
١٥	بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەراستکردنەوەی بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر و دەوروبەری).
١٦	بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (فەرمانگەکانی دادنووسی یەکەمی هەولێر و دەوروبەری).
١٧	بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (ژمێریاری و تۆمار لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی و دەوروبەری).
١٨	بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی سلێمانی و دەوروبەری).
١٩	بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردنی ڕاپەڕین و دەوروبەری پشدەرو حاجیاوا).
٢٠	بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی سلێمانی و دەوروبەری).
٢١	بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (فەرمانگەی دادنووسی هەڵەبجە و دەوروبەری).
٢٢	بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە).
٢٣	بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە کردنەوەی (هۆبەی خزمەتگوزاری) لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.
٢٤	بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (فەرمانگەکانی دادنووسی کەلار).
٢٥	بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی ئێوارانی هەولێر/٢).
٢٦	بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە ڕاگرتنی کاروبارەکانی (بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سۆران بۆماوەی دوو ڕۆژ).
٢٧	بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەم لە پارێزگای هەولێر).
٢٨	بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە بەستنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی) لە دیوانی وەزارەتی داد بە (نووسینگەی بەڕێز وەزیری داد).

شاندەکان:

لەماوەی یەک ساڵدا ژمارە شاندەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

١) بەشداریکردنی ڕاوێژکاری وەزارەت لە ڕێکەوتی ١٢-٢٠٢٢/٦/٢٦ لە خولی تایبەت بە داد لە وڵاتی (نیذەر لاند).

٢) بەشداریکردنی وتەبێژی وەزارەت لە ڕێکەوتی ٢٠-٢٠٢٢/٦/٣٠ تایبەت بە (پەیوەندی کردن لەگەڵ هاووڵاتی و ڕۆژنامەنووسان) لە وڵاتی هۆڵەندا لە شاری (لاهای).

٣) بەشداریکردنی بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگای دادوەری بۆ وڵاتی (لوبنان) لەشاری (بیروت) بەمەبەستی بەشداریکردن لە بەرنامەی کاری (المرکز العربی للبحوث القانونیة و القضائیة لعام٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢-٢٠٢٢/٨/٤.

٤) بەشداریکردنی بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی لە دیوانی وەزارەتی داد لە ڕێکەوتی ١٨-٢٠٢٢/٨/١٩ لە (اللجنة المعنية بآعداد مسودة القانون الخاص بمكافحة المهاجرين فى اقليم كوردستان) لە وڵاتی (نەمسا لەشاری ڤیەننا).

٥) بەشداریکردنی وتەبێژی وەزارەت لە ڕێکەوتی ٨-٢٠٢٢/١١/١٢ بە مەبەستی بەشداربوون لە خولی (پەیوەندی کردن لەگەڵ هاووڵاتی و ڕۆژنامەنووسان) لە وڵاتی تونس.

ئەنجومەنی شورای هەرێم:

چالاکی یاسایی	چالاکی دادوەری
دەرکردنی (١٦) پرۆژە یاسا	داواکانی پێداچوونەوە لە دادگای کارگێڕی باڵا (٢٥٥).
دەرکردنی (٩) پەیڕەو	داواکانی دادگای دادوەری کارگێڕی هەولێر (٥٤١).
دەرکردنی (١٢) ڕێنمایی	داواکانی دادگای دادوەری کارگێڕی سلێمانی (٣٨٥).
(٢٨) ڕادەربڕین	داواکانی دادوەری فەرمانبەرانی هەرێم (٨٩٦).

سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی:

بە یاسای ژمارە (١٢٤) ی ساڵی ١٩٧٩ پێکهاتووە و ئەم سەرۆکایەتییە تایبەتە بە چاودێری و سەرپەرشتیکردنی سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی داد، و بە پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی پشکنین و بەکارهێنانی لیستی ووردبینی و فۆرمی تایبەت لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا (١٨٠) سەردان و پشکنینیان کردووە، بەم شێوەیە:

ز	پارێزگا	ژمارەی سەردان و پشکنین
١	هەولێر	٥٠
٢	دهۆك	٦٠
٣	سلێمانی	٧٠
	کۆی گشتی	١٨٠

سەرۆکایەتی داواکاری گشتی:

کارەکانی ئەم سەرۆکایەتییە بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو ڕێکخراوە کە لە هەموو دادگاکانی کوردستان، داواکاری گشتی لایەنێکی گرنگ و ئامادەیە و پێکهاتووە لە (٥٢) فەرمانگە و جێگرایەتی و چالاکییەکانی بەم شێوەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارەی فەرمانگەکانی داواکاری گشتی بە پێی پارێزگا

فەرمانگە	ژمارەی فەرمانگە بە پێی پارێزگا						کۆی گشتی
	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	گەرمیان	هەڵەبجە	ڕاپەڕین	
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی	١						١
فەرمانگەی داواکاری گشتی	٣	٢	٣	١	١	١	١١
جێگرایەتی داواکاری گشتی	١٦	٦	٩	٦	٠	٣	٤٠
کۆی گشتی	٢٠	٨	١٢	٧	١	٤	٥٢

جۆر	ساڵی چوارەم تاکو مانگی ٦
بەدواداچوون	٢١٨٥
تانە لێدان	٣١
جولاندنی سکاڵای مافی گشتی	١٠٣٦
کۆی گشتی	٣٢٥٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد:

کاروباری دیوانی وەزارەت بەڕێوە دەبات و پێکدێت لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی و بەش لە خوارەوە وەکو نمونە بەشێکی کار و چالاکییەکانیان دەخەینە ڕوو:

بەڕێوەبەرایەتی راستاندن و پەیوەندییە داییەکان:

خشتەی ئەو مامەڵانەی راستاندنیان بۆ کراوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو کە کۆی گشتی (١٢٠٥٠) مامەڵە بووە:

جۆری مامەڵە	ژمارەی مامەڵە
بریکارنامەی گشتی	١٢٨٣
بریکارنامەی تایبەت	٣٤٠٥
بەڵگە نامە	٧٣٦٢
کۆی گشتی	**١٢٠٥٠**

چالاکی جۆراوجۆر:

چەندین خول و وۆرک شۆپێک بۆ دەرچووانی پەیمانگەی دادوەری ڕێکخراوە بەم شیوەیەی خوارەوە :

١) پەیمانگەی دادوەری وۆرک شۆپێک بەهاوکاری ڕێکخروی (UNDP) ڕێکخست سەبارەت بە پرۆژەی پەرەپێدانی پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٨.

٢) پەیمانگەی دادوەری بەهاوکاری ڕێکخراوی (UNDP) وۆرک شۆپێکی بۆ دەرچووانی خولی چوارەمی پەیمانگەی دادوەری و فەرمانبەرانی یاسایی لە ڕێکەوتی ١٥-١٦-٢٠٢٢/١٢/١٧ ڕێکخست.

٣) پەیمانگەی دادوەری لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٦ تاکو ٢٠٢٣/٣/٣٠ خولێکی پەرەپێدانی بۆ (١٤) فەرمانبەری لێکۆلێرەوانی دەستەی دەستپاکی لە نێو بینایەیی پەیمانگەی دادوەری بەڕێوەبرد.

٤) پەیمانگەی دادوەری وۆرک شۆپێکی بەهاوکاری ڕیکخراوی یونسێف بۆ دەرچووانی خولی چوارەم دەربارەی یاسای نەوجەوانان و ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە نەوجەوانان لە ڕێکەوتی ٢٥-٢٦-٢٠٢٣/٥/٢٧ بەڕیوەبرد.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە:

کارەکانی بەپێی یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ڕێکخراوە، کە بریتییە لە پاراستنی مافی موڵکایەتی هاووڵاتیان و دەوڵەت و کەرتی تایبەت و هەموو ئەو کەسایەتییە سروشتی و مەعنەویانەی یاسا مافیان دەپارێزێت، هەروەها جێبەجێکردنی هەر ڕەفتارێک کە بەسەر موڵکدا دێت وەکو (کڕین، فرۆشتن، گۆڕینی ڕەگەز...تاد) ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە پێکدێت لە (٥٥) بەڕێوەبەرایەتی و تێبینەرایەتی کە لە سەرتاسەری هەرێم بوونیان هەیە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و دانشتووانی هەرێم، و لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەمدا (٧١١٨١٦١) حەفت ملیۆن و سەد و هەژدە هەزار و سەد و شەست و یەك مامەڵەیان جێبەجێکردووە .

ئاماری مامەڵەکان و کارە خزمەتگوزارییەکان لە ماوەی چوار ساڵ

ژ	جۆری مامەڵە	کۆی گشتی
١	مامەڵە رەفتارکارییەکان وەکو (فرۆشتن و بەمولکەکردن و راستکردنەوەی رەگەز)	٤٢٥٩٩٣
٢	مامەڵە هونەرییەکان وەکو (چەسپاندنی سنوور و نەخشەی رووپێوان)	٧٣٠١٦٥
٣	مامەڵە ژمێرکارییەکان وەکو (پسوولەی پراو و یاداشتی رێگەپێدان)	١٤١٠٥٨٧
٤	مامەڵە پەرتەوازەکان وەکو (وێنەی تۆمار و پشتگیریکردن و مامەڵەی دەستگرتنی بانك)	٤١٧٨٥٨٣
٥	مامەڵە وردبینکراوەکان	٣٧٢٧٣٣
	کۆی گشتی / حەفت ملیۆن و سەد و هەژدە هەزار و سەد و شەست و یەك مامەڵەیە	٧١١٨١٦١

کار و چالاکی جۆراوجۆر:

- دروست کردنی فۆرمێك و دانانی میکانیزمێکی نوێ بەمەبەستی نەجوڵاندنی دۆسیەی خانووبەرە لەپێناو پاراستنی بەڵگەنامەکانی ناو دۆسیە.
- بڵاوکردنەوەی رێبەری رێکارە هونەرییەکان کە هەموو ڕێکارەکانی هونەری تێدا دیاریکراوە لە پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان کە ئاسانکاری دەکات بۆ فەرمانبەرانی هونەری و هۆبە هونەرییەکان.
- بەکارهێنانی ئامێری خوێندنەوەی کارتی نیشتیمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی رێگریکردن لە کاری تەزویر و ساختەکاری.
- دەرکردنی (٢١٩) راسپاردە لەلایەن دەستەی راوێژکاری هەمیشەیی پەیوەست بە دەرکردنی رێنمایی و ئامۆژگاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.
- یەکلاکردنەوەی (٢٣٣) داوا لە دادگاکان کە هەندێکیان لە بەرژەوەندی گشتی و گەڕانەوەی سامانی دەوڵەت بووە.
- رەزامەندیدان لەسەر کردنەوەی (٤٤١) نووسینگەی دەلالی.
- دەرکردنی (١٨) بڕیار لەلایەن وردبینی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.
- ئامادەکردنی (٣١) رێبەری رێنوێنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پیشکەش بە هاووڵاتیان و خزمەتخوازان دەکرێت لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رووی پێناسە و پێداویستییەکان و هەنگاوەکان و ناونیشانی شوێنی فەرمانگەکان و روونکردنەوەی مادده یاساییەکان و رێنماییەکانی وەرگرتنی بڕی رەسمەکان بەمەبەستی بەرچاو روونی و شارەزایی هاووڵاتیان لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.
- تازەکردنەوە و گۆڕانکاری لە بڕ و رێژەی ئەو ڕسوماتانەی کە وەردەگیرێن لەکاتی ئەنجامدانی مامەڵەکان بەهۆی هەموارکردنی یاسای ڕەسمی پول.
- بەشداری کردنی ژمارەیەك لە فەرمانبەرمان لەو خولانەی کە لەلایەن وەزارەتی پلان دانان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنستیتۆی (KIPA) سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی و باڵیۆزخانەی بەریتانیا/ ئادەم سمیث، رێکخراوی (I.O.M.) و رێکخراوی (KFMS) ڕێکخرابوو لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و هۆشیاری یاسایی و بیرکردنەوەی ستراتیژی و کارگێڕی ئەلیکترۆنی.
- تانەدان لە هەندێك بڕیاری دادگا بۆ گێڕانەوە و پاراستنی سامانی دەوڵەت:

- تانەدان لە بەرژەوەندی یاسا لە رێگای سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسرامان ژمارە (٢٠٥٠) لە ٢٠١٩/٤/١٨ لە بڕیاری دادگای کارگێڕی سلێمانی ژمارە (٥١/ك/٢٠١٨) کە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی

قەرەبوو بەناوی هاوولاتیان بە ڕێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١، و گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجومەنی شووڕای هەرێم/ دەستەی گشتی بە ژمارە (١٠٣/ الهيئة العامة/ ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١ ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی.

- تانەدان لە بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر ژمارە (٦/ك/٢٠١٩) بە هاوبەشی لەگەڵ داواکاری گشتی کە لەم بڕیارە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاوولاتیان بەڕێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١ ، گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجومەنی شووڕای هەرێم/ دەستەی گشتی بە ژمارە (١٢١/ الهيئة العامة/ ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١٥ ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی.
- تانەدان لە بڕیاری دادگای بەرایی شەقڵاوە ژمارە (١٤٠/ ب /٢٠١٧) لە ٢٠١٩/١٠/٩ بەپێی ئەم بڕیارە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شەقڵاوە پابەند کرابوو بە قەرەبوو کردنەوە بە بڕی (٦٢٠٠٠٠٠٠) شەست و دوو ملیۆن دینار. ئەو هاوولاتییەی لە ئەنجامی بڕیاری دادگا بە پووچەل کردنەوەی ئەو قەیدەی کە مولکەکە بەناوی هاوولاتیەکە بووە، تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکە گەڕایەوە بەبڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣٢/الهيئة العامة/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٤/٣٠، ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی.
- گەڕاندنەوەی مولکی گشتی ژمارە (٣/١ کەرتی ٤٦ وارش) کە ڕووبەری (٦١٠٠م٢) دەکەوێتە ناو شاری هەولێر ئەمەش لە دوای ئامادەکردن و پێشکەش کردنی دۆکیومێنتەکانی پێویست بە دواداچوون بۆ قۆناغەکانی داوای ژمارە (٢١٦١/ب/٢٠١٧).
- تانە لێدان لە بڕیاری دادگا لە داوای ژمارە (١٦٣١/ب/٢٠٢١) کە بڕیاری دابوو بە گۆڕینی ڕەگەزی مولکی ژمارە (٨٦/٥ کەرتی ٤٤ وارش) لە زەوی کشتوکاڵی بۆ زەوی بەتاڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەسەر فەرمانگەکانمان.

- ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەموارکردنی یاسای ڕەسمە دادییەکان ژمارە (١١٤)ی ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراو بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی تری وەزارەت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان:

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لەسەر ئاستی هەرێم پێکدێت لە:

- فەرمانگەکانی دادنووسی کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ ی دادنووسی کارەکانیان ڕێکخراوە.
- بەڕێوەبەرایتییەکانی جێبەجێکردن کە بەپێی یاسای ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ کارەکانیان ڕێکخراوە.
- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان کە بەپێی یاسای ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ کارەکانیان ڕێکخراوە.

سەرجەمیان پێک دێن لە (١٢١) فەرمانگە لەسەر ئاستی هەرێم.

فەرمانگە	ژمارەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد								کۆی گشتی
	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	هەڵەبجە	سۆران	زاخۆ	ڕاپەڕین	گەرمیان	
بەڕێوەبەرایەتی گشتی	١								١
فەرمانگە دادنووسی یەکان	١٨	١٨	١٣	٣	٦	٣	٦	٥	٧٢
بەڕیوەبەرایەتی جێبەجێ کردن	١٣	٩	٥	١	٣	١	٣	٣	٣٨
بەڕیوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان	١	١	١						٣
تێبینەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان	٢	١			١	١	١	١	٧
کۆی گشتی	٣٥	٢٩	١٩	٤	١٠	٥	١٠	٩	١٢١

یەکەم: کردنەوەی فەرمانگەی نوێ

کردنەوەی (استحداث) فەرمانگە دادنووسییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن:

ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ز	ناوی فەرمانگەی دادنووسی	پارێزگا	تێبینی
١	فەرمانگەی دادنووسی قوشتەپە	هەولێر	بەیانی ژمارە/ ١٨ ی ساڵی ٢٠٢٢
٢	فەرمانگەی دادنووسی سێیەمی سلێمانی	سلێمانی	بەیانی ژمارە/ ٢١ ی ساڵی ٢٠٢٢
٣	فەرمانگەی دادنووسی شێخان	دهۆک	بەیانی ژمارە/ ١٣ی ساڵی ٢٠٢٢
٤	فەرمانگەی دادنووسی ئێواران هەولێر/٢	هەولێر	بەیانی ژمارە/ ٣ی ساڵی ٢٠٢٣

دووەم: بە ئەلیکترۆنی کردن

بە سیستەم کردنی فەرمانگە دادنووسییەکان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی لە ساڵی چوارەم.

ز	ناوی فەرمانگە	ڕێکەوت	پارێزگا
١	فەرمانگەی دادنووسی کەلار	٢٠٢٣/١/٢٩	سلێمانی
٢	فەرمانگەی دادنووسی سید صادق	٢٠٢٢/٨/٩	سلێمانی
٣	فەرمانگەی دادنووسی پێنجوێن	٢٠٢٢/٩/١٣	سلێمانی
٤	فەرمانگەی دادنووسی قەرەداغ	٢٠٢٢/٨/٢	سلێمانی

لە پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووسی تاکو ئێستا (٦١) فەرمانگەی دادنووسی بەئەلیکترۆنی کراون بەم شێوەیەی خوارەوە کە ڕێژەکەیان دەکاتە ٩٢٪ کۆی فەرمانگەکان:

ز	شوێن	ژمارە
١	پارێزگای هەولێر	٢٠
٢	پارێزگای سلێمانی	٢٥
٣	پارێزگای دهۆک	١٣
٤	پارێزگای هەڵەبجە	٣
	کۆی گشتی	**٦١**

هەروەها (٦) فەرمانگەی دادنووسی کە تازە کراونەتەوە (استحداث)، ئامادە کراوە کە کار بە سیستەمی ئەلیکترۆنی بکرێت.

وەزارەتی پێشمەرگە

وەزارەتی پێشمەرگە

ئاستی چاکسازی:

بەردەوامبوونی کاری لیژنە لاوەکییەکانی چاکسازی لە بوارە جیاوازەکان بۆ دەستەبەرکردن و هێنانەدی ئامانجی پرۆسەی ڕیفۆرم لە وەزارەتی پێشمەرگەدا

لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەو کارانەی کە لەسەر ئاستی چاکسازی ئەنجامدراون، ئەمانەی خوارەوەن:

١) بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دابەشکردنی مووچە لە ڕێگای چەکی بانکییەوە و کردنەوەی هەژماری بانک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمەش هەنگاوێکی باش و ئەرێنی بوو بۆ نەهێشتنی شێوازی دابەشکردنی هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بە شێوەی کاش و لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە. تاکو ئێستا (**٣١,٣٨٢**) ئەفسەر و پلەدار بەشێوەی چەکی بانکی مووچەکانیان وەردەگرن.

٢) کارکردن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی یەک یەکەی ژمێریاری لە وەزارەتی پێشمەرگە.

٣) بەرکاربوونی (١٠) پرۆژە و پلانی بەرنامەی چاکسازی، ژمارەیەک پرۆژە ڕەشنووسەکانیان ئامادەن و لە قۆناغی کۆتاییدان.

٤) تەواوبوونی پلانی کاری پرۆژەکانی (یەکپۆشیی جلوبەرگی سەربازی، پرۆژەی پزیشکی وەزارەت، لۆجستی وەزارەتی پێشمەرگە).

٥) بەردەوامبوون لەکاری پێکەوەیی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە دیپلۆماسی و پاشکۆیە سەربازییەکان و لایەنەکانی هاوپەیمانان .

٦) بەردەوامبوون لەسەر ئامادەکردن و پێداچوونەوەی دۆسییەی ئەفسەران و کارمەندان و نەهێشتنی کەم و کوڕییەکان.

٧) ئامادەکردن و گواستنەوەی (**٣٠١٨**) دۆسییەی خانەنشینی (هۆکاری تەندروستی، سەربازی، کۆچکردن) بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٨) گواستنەوەی (**١٠٨٦**) دۆسییەی شەهیدانی سەنگەری دژ بە تیرۆرستانی داعش لە وەزارەتی پێشمەرگە، فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) بۆ سەر میلاکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٩) چاوپێکەوتن و پشکنینی (**٩٦٤٦**) کەمئەندام و ئامادەکردنی دۆسییەکانیان.

١٠) پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بۆ گواستنەوەی کەمئەندامانی کۆچکردوو لە وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠و٨٠) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

١١) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە **(٨٢١)** ئەفسەر لە وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کراون.

١٢) ئەنجامدانی لێک تێگەیشتنێک لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەڵمانی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، کۆلیژی ئەرکان.

١٣) ڕادەستکردنی پرۆژەی سیستەمی (DMR) لەلایەن کۆمپانیای گڵۆباڵی ئەمریکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن.

١٤) بەردەوامیی پرۆسەی وەرگرتنی چەک و ئالیات و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش.

لەسەر ئاستی دارایی و ژمێریاری:

١) بەردەوامبوونی هاوکارییە داراییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە بڕی **($٢٠،٠٠٠،٠٠٠)** بیست ملیۆن دۆلاری مانگانە بۆ هێزی پێشمەرگە.

٢) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراوی ژمارە (٦٩٥٦ لە ٢٠٢١/٦/١٦)، ڕەزامەندی داوە بۆ خەرجکردنی بڕی **(٥،٨٣٦،٦٧٠،٨٠٠)** پێنج ملیار و هەشت سەد و سی و شەش ملیۆن و شەش سەد و حەفتا هەزار و هەشت سەد دینار، وەک خەرجی هاوکاری و تێچووی چارەسەری بریندارانی جەنگ. بەمەش توانرا بەشێک لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ خاوەنەکانیان بگێڕدرێتەوە .

٣) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراوی ژمارە (١٤١١٧ لە ٢٠٢١/١١/١٨) ڕەزامەندی داوە لەسەر تەرخانکردنی بڕی **(١،٧٣٠،٠٧٩،٩٠٢)** یەک ملیار و حەوت سەد و سی ملیۆن و حەفتا و نۆ هەزار و نۆسەد و دوو دینار وەک قۆناغی یەکەم، بۆ دروستکردنی دوو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە. بە تەواوکردنی ئەم باڵەخانانە، کرێی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٤) بەردەوامبوون لەسەر خەرجکردنی پاداشتی کۆتایی شەهیدان کە مانگانە لەگەڵ لیستی مووچە تاکو بڕی **(٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠)** سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار دابین دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی (مانگی

٢٠٢١/٢ تاکو ٢٠٢٢/٤) بڕی (**٤،٨٣٣،٢٩٦،١٠٠**) چوار ملیار و هەشت سەد و سی و سێ ملیۆن و دووسەد و نەوەد و شەش هەزار و سەد دینار بۆ (**٣٤٤**) خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان خەرجکراوە.

٥) کەمکردنەوەی خەرجی بۆ کڕینی ئازووقەی وشکە بۆ لیواکانی پیادە و هەماهەنگی کردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ دابینکردنی تەواوی بەشە ئازووقەی وشکە بۆ یەکە سەربازییەکان.

ئاستی خزمەتگوزاریی کارگێڕی:

١) بەردەوامبوون لەسەر بەرەوپێشبردن و ڕاییکردنی کارە کارگێڕییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاروباری ڕۆژانە و کارکردن بە ئاراستەی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و پرەنسیپە سەربازییەکان لەناو وەزارەتی پێشمەرگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەمریکی بۆ بە سیستەمکردنی کارە کارگێڕییەکان. ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی ئامادەکردنی پلانی کارکردنە بە شێوەی ئەلیکترۆنی. کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە ناوی (بڕۆد لیف) کە بودجەکەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەمریکی تەرخان دەکرێت، ئەم کارە دەکات و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێنراوە بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای (بڕۆد لیف) کە لە ئێستادا داتا و زانیارییە کارگێڕییەکان کۆدەکەنەوە بۆ ئامادەکردنی پلانی کارکردن.

٢) دروستکردنی تۆڕی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە و دامەزراندنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ بەرەو پێش بردن و ڕایی کردنی کارەکانی بەشی مووچە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکان بگونجێت و توانای پێشخستن و گونجاندنی هەبێت لەگەڵ سیستەمی مووچە؛ کە لە وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە پەیڕەو دەکرێت.

لەسەر ئاستی ڕێکخستن (میلاکات):

١) ڕێکخستن و داڕشتنی پەیکەربەندی هەردوو فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی (٢،١) و گواستنەوەیان بۆسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.

٢) ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە خشتەی روکن و پەیکەربەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕووی میلاک و پێکهاتەیان.

٣) کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، بۆ دەستنیشانکردنی میلاکی پەسەندکراو لە ڕووی چەک و ئالیات و کەلوپەلی تەکنیکی بۆ یەکە سەربازییەکان.

٤) پێکهێنانی بنکەی کاروباری کارگێڕی (قاعدة الشؤن الأدارية) لەسنووری پارێزگای دهۆک و سلێمانی.

٥) دروستکردنی یەکەی پاسەوانی تایبەت لەسەر میلاکی فەرماندەیی کاروباری کارگێڕی و کۆکردنەوەی پاسەوانەکانی بەرپرسانی وەزارەت.

٦) دروستکردنی هەردوو کەتیبەی تۆپی مەیدانی (٢،١).

٧) دروستکردنی یەکەی جێندەر.

٨) دروستکردنی (٤) بنکەی هەماهەنگی هاوبەش و بەستنەوەیان بە بنکەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش کە ئەرکیان هەماهەنگی کردنە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ و ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆن بە هاوبەشی هەردوولا.

٩) دروستکردنی بەشی ڕاگەیاندنی شانەی جەنگی وەزارەت و هەماهەنگی کردن لەگەڵ شانەی جەنگی سوپای عێراقی فیدراڵ.

١٠) چڕکردنەوەی هەوڵەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ یەکخستنی هێزەکانی (٨٠،٧٠).

١١) گواستنەوەی میلاکی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی (٢،١) و لیواکانی (١٨ و ١٩ و ٢١ و ٢٢) لە فەرماندەیی هێزەکانی (٨٠،٧٠) بۆ سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، کە ژمارەیان (١٧،٨٩٣) ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەیە.

١٢) پێداچوونەوە بە بەرنامە و میلاک و چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی ڕاوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان و گۆڕینی پلانی پڕۆژەکان لە (٣٩) پڕۆژە بۆ (٢٨) پڕۆژە .

١٣) ئەنجامدانی خولی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی توانستی ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی پلانی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ ئەنجامدنی خولەکان لە بوارە جیاوازەکان بۆ پێگەیاندنی ئەفسەر و کارمەندان لە ڕووی پراکتیکی و تیۆری.

- بەشداریکردنی **(٢٨٩)** ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە خولەکانی دەرەوەی وڵات کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێکخراوە.
- بەشداریکردنی **(٢٢،٨٠٠)** ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە خولەکانی ناوەوەی هەرێم.
- بەشداریکردنی **(٢٥٠)** ئەفسەر و کارمەند لە خولەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و زانیاری پەیوەندی و تەکنەلۆژیا لە سەنتەری زمان.
- ئەنجامدانی **(١٤)** خول لە بواری سیستەمی گەیاندن بۆ **(٢١٢)** بەشداربوو.
- ئەنجامدانی **(٤)** خولی ڕشتەی بنەڕەتی بۆ ئەفسەر و کارمەندان و خولی پەرەپێدان بۆ **(٥١)** بەشداربوو.

- ئەنجامدانی چەندین خولی جۆراوجۆر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان.
- ئەنجامدانی خولی بەرزکردنەوەی توانستی ئەفسەری ئیداری و ژمێریاری لیواکانی پیادە، بەسەرپەرشتی تیمی هێزەکانی هاوپەیمانانی هۆڵەندی لە کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری سەربازی.
- ئەنجامدانی چەندین مەشق و ڕاهێنانی جۆراوجۆر لە بەڕێوەبەرایەتیی میرەی گشتی لە بواری (شۆفێری و ئالیات و ئامێری سەربازی).

توند و تۆڵکردن و پتەوکردنی سەنگەرەکانی بەرگری:

بەهۆی ئەنجامدانی چەند زنجیرە پەلامارێکی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و بوونی کەموکوڕی لە توندوتۆڵی سەنگەرەکان، لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بڕیاردرا بۆ توندوتۆڵکردن و پێداچوونەوە بە بارودۆخی سەنگەرەکان. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، چەند لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ سەردانیکردنی سەنگەرەکان لە گشت میحوەرەکان و دەستنیشانکردنی کەم و کوڕییەکان و نۆژەنکردنەوەی بارەگا و خاڵەکانی چاودێری و دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی سەربازی و ئامرازەکانی خۆپارێزی بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان.

وەزارەتی ناوخۆ

وەزارەتی ناوخۆ

- **هێنانەکایەی فەرمانگەکان:**

لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٤) بەڕێوەبەرایەتی، بنکە، نوسینگە، ڕادیۆ، بەش و هۆبە ئیستحداس کراون لەسەر ئاستی شار، قەزا و ناحیەکان لە چوارچێوەی پەیکەری ئیداری وەزارەتی ناوخۆ.

- **یاسای هەڵگرتنی چەک و پلانی وەزارەت بۆ نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت.**

دوای دەرچوونی یاسای نۆیی چەك ژمارە (٢) ساڵی٢٠٢٢ وەزارەتمان کاری پێویستی ئەنجامدا بە دەرچووواندنی دوو ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە .

یەکەمیان ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ داماڵینی چەکی جەنگی و تۆمارکردنی چەکی ئاگرین.

دوای دەرچوونی ئەم دوو ڕێنماییە وەزارەتمان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە دەستی کرد بەجێبەجێکردنی بڕگە و مادەکانی هەردوو ڕێنمایی و بۆ داماڵینی چەکی جەنگی و تۆمارکردنی چەکی ئاگرین (٩٠) بنکەی تۆمارکردن لەگشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کرایەوە و بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٢٢ یەك ساڵ دیار کرا بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٠٢٢/٧/٢١ تاکو ٢٠٢٣/٧/٢١ و لەو ماوەیە توانرا زیاتر لە (١٧) حەڤدە هەزار چەکی هاووڵاتیان تۆماربکرێت و پسوولەی تایبەت بە تۆمارکرنیان پێ بدریت و دوای کوتایی هاتنی ئەم ماوەیە وەزارەتمان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە تێیدا بەپێی یاسای چەك (٦٠) ڕۆژ مۆڵەتی بە هاووڵاتیان دا بۆ سەردانی کردنی بەشی چەك لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ داوا کردنی ڕاستەوخۆی پێدانی مۆڵەتی دەستداری و هەبوونی چەك وبۆ ئەوانەی کە تۆماریان کردووە و ئەوانەش کە فریای تۆمارکردن نەکەوتوون بە تۆمارکردنی چەکەکە ئەژماردەکرێت کە مۆڵەتی چەکیان پێ بدرێت.

وەزارەتمان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان دیکە بەردەوامە لە دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و دوای تەوابوونی ماوەکانی سەرەوە دەستدەکرێت بە کەمپینی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران بە پێی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

- **ژمارەی چەکی دەست بەسەرداگیراو ٢٠٢٢/٧/٢٢ تاکو ٢٠٢٣/٧/٢٠:**

دەمانچە و کلاشینکۆف و تاپڕ	٢٤٢

- **بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری:**

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە ساڵی (٢٠٢٢/٧/١٩ تا ٢٠٢٣/٧/٥) پێکهاتووە لەمانەی خوارەوە :

١) هەموارکردنەوەی بەڵگەنامەکان (کارایییەکان و ڕێنماییەکانی کارکردن، شێواکردنی فەرمانبەریەتی) بەشێوەیەکی خولاو بە مەبەستی باشتر کردنی بەردەوام بەپێی سیستەمی هەماهەنگی .

٢) سەرپەرشتی کردنی ووردبینی کردنی ناوخۆیی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی جۆری و دیاریکردنی ماوەی پلان بۆ دانراوەکان بۆ ووردبینی کردنی ناوخۆیی و گونجان لەگەڵ داخوازییەکانی خەسڵەتی نێودەوڵەتی (ISO٩٠٠١:٢٠١٥).

٣) وەرگرتن و بەرزکردنەوەی سکاڵاکانی سوودمەندبووی خزمەتگوزاری لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان بە گشتی، هەروەها فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بە تایبەت لەڕیگای وێبسایتی وەزارەتی ناوخۆ (skala@moi.gov.krd) ، سکایپ (skalamoi٢٠١٩@gmail.com)، نووسراو، سندوقی سکاڵا، ئامادە بوون و چاوپێکەوتن، هێلی گەرم (٤١٤) کە ژمارەیان (١١٣) سکاڵایە.

٤) بەداتاکردن و ئەرشیف کردنی خزمەتگوزاری سکاڵا لە ڕێگای تۆمارکردن لە داتابەیسی تایبەت، بە مەبەستی پۆلین کردن و ئامار کردنیان.

٥) سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبردنی پۆرتاڵی خزمەت بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن لە گشت فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

٦) سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی جۆری (ISO ٩٠٠١:٢٠١٥).

- **پەیمانگەی پەرپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆژیای زانیاری:**

ئەو خول و سیمینارانەی کە لە دەرەوە و ناوەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دراون لە ساڵی (٢٠٢٣) بریتین لە (٦٩) خول و سیمیناری جۆراوجۆر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان و (٢٢) خول و سیمینار لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

- **بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT):**

١) دروستکردنی سیستەمی کۆمپیوتەر تایبەت بە مۆڵەتی ڕێگەپێدانی ئۆتۆمبێلی جام ڕەش بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی (هەولێر، سلێمانی- دهۆك).

٢) سیستەمی کۆمپیوتەر تایبەت بە مۆڵەتی چەك هەڵگرتن.

٣) چاپکردن و نوێکردنەوەی (١٠٩٦٩) ناسنامەی ڕاژەی سەربازی و شارستانی وەزارت.

- **بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان:**

- پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری (٥٥٨) کۆمپانیا کە لە بوارەکانی (بەرگری شارستانی و هاوردەکردنی پێداویستی سەربازی و هاوردەکردنی کامێرای چاودێری و GPS و بەدواداچوونی کار و باری نشینگەی بیانیان و هاوردەکردنی تەقەمەنی و نووسینگەی فێرکردنی شۆفێری و دانانی سیستەمی غازی LPG بۆ ئۆتۆمبێل و کۆمپانیا و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل) بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتمان ژمارە (٦ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ ی ساڵی ٢٠١٥) و ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠١٦)، ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠١٩)، ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢١)، و جگە لەو ژمارەیەی مۆڵەتی کاریان پێدراوە، کار ئاسانی بۆ ژمارەیەکی تر لە کۆمپانیا کراوە بە مەبەستی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە).

- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کاری (١٤) کۆمپانیا لە سەر داواکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا.

- **بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگار بوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان:**

ز	بابەت	ژمارە
١	ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە سەردان و بەدواداچوونیان بۆ کراوە	١٧٦
٢	ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە دراونەتەوە دادگا	٢٠
٣	ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە خراوەنەتەوە ناو لیستی ڕەش یان ڕاگیراون	٣
٤	ژمارەی ئەو پارێزەرانەی کە دراونەتەوە بە دادگا	٣
٥	ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دا ئەنجام دراوە	١٦٦٧
٦	ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی کە قوربانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بووینە	١٣٤
٧	ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی کە ڕەوانەی دادە کراون	٣٨
٨	ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی ڕەوانەی وڵاتی خۆیان کراون	١٥٤
٩	ژمارەی ئەو پەڕاوانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمار کراوە بەگشتی	٤٥٥
١٠	ژمارەی ئەو پەڕاوانەکە ساڵی ٢٠٢٢ چارەسەر کراون	٢١٧
١١	ژمارەی ئەو پەڕاوانە کە ساڵی ٢٠٢٢ داخراون	٥٦
١٢	ژمارەی ئەو پەڕاوانە کە ساڵی ٢٠٢٢ کە بەردەوامن و لە ژێر لێکۆڵینەوەدان	٢٦٥
١٣	ژمارەی ئەو هاووڵاتییە بیانیانەی کە دیپۆرت کراون	٣٧
١٤	ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ	١

- **جۆرەکانی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ:**

١	کارکردن بە زۆرە ملێ (سوخرە)	١٦
٢	بازرگانی سکسی	٩
٣	بازرگانی بە ئەندامانی لەشی مرۆڤ	٥٩
٤	بازرگانی بە منداڵ	٦
٥	بازرگانی بە ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە	٩
٦	کاری بە قاچاغ بردن	١٨
٧	بەکارهێنانیان وەك سواڵکەر	٤

- **ئاماری کار و چالاکی پەیمانگەکانی بەرگری شارستانی:**

ز	چالاکی	شوێن
١	پشکنینی تانکەری LPG	٧ تانکەر
٢	مەرجی سەلامەتی پرۆژە و باڵەخانەکان	١١٠ پرۆژە
٣	کردنەوەی خولی بەرگری شارستانی	٣٦ رۆژ
٤	لیژنەی هونەری کرینی کەل و پەلی بەرگری شارستانی	٩ داواکاری
٥	لیژنەی دروستکردنی ڕێبەری سیستەمی سەلامەتی لە وەزارەتی ناوخۆ	٣٨ رۆژ
٦	پشکنینی ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە	٤ ئۆتۆمبێل
٧	کردنەوەی سیمینار	٢ سیمینار
٨	بەشداری لە کاری ڕزگارکردن لە تورکیا	١٤ رۆژ
٩	خول و وۆرك شۆپی دەرەوەی وڵات	١٥ رۆژ
١٠	لیژنەی دیکە	٤ لیژنە

- **پرۆژە بەردەوامەکانی خۆجێیەتی گشتی :**

پرۆژە تەواو بووەکان:

ژ	لیستی پرۆژەکان	گوژمەی پرۆژە	شوێنی پرۆژە	لایەنی تەمویل کردن
١	بینای هاتوچۆی قۆشتەپە	٣٠٩،٢٨٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٢	سیستەمی گەیاندنی کارەبا و دانانی گورەری ناو ژوور بۆ بەشی میرە و ئالیات و بەشی بارهەڵگری لە ب. ە. هەولێر	٥٢،٤٣٨،٥٥٧	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٣	دانانی ترافیک لایتی نۆی و هەڵگرتنی ترافیک لایتی کۆن لە سەقامی ٦٠م لە چوارڕیانی خانزادی سۆران و فرانسو میتران و پیرمام و دابینکردنی فسفۆڕ پلاستیکی قووچەکی فسفۆڕ دیلانتەر و دەبەی پلاستیکی لە شێوەی قاڵبی کۆنکریتی لە شاری هەولێر	١٣٨،٨٥٧،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٤	چاککردنەوەی دەرگای هانگەری تایبەت بە فڕۆکەکانی بەشی فڕۆکەوانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر	٢٨،٩٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٥	پردی پەڕینەوەی پیادە لە شەقامی ١٠٠م نزیک کولیژی دەرمانسازی	٢٨٩،٥٧٥،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٦	پردی پەرینەوەی پیادە لە شەقامی ١٠٠م نزیك قوتابخانەی ئەحمەدی خانی	٢٢٩،٤٨٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٧	دابین کردنی پێداویستیەکانی کومەڵگەی هاتووچۆی هەولێر	٧٢،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٨	دانان بەستانی دەرگەی کارەبای بو گەراجی هاتوچۆی هەولێر	١٨٠،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٩	دروستکردنی چەند ژوورێك بە کەرەڤانە لە فڕۆکەخانە	٥٢،٥٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
١٠	نۆژەنکردنەوەی بینای کەونی مۆڵەتی ئەلیکترۆنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر	٣٢٥،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی
١١	دروستکردنی هۆڵی کۆنفرانس لە نهۆمی دووەم و گەڕاجی وەستانی ئۆتۆمبێل لە وازارەت	٢٤٦،٦٥٢،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ

١٢	ڕێکخستنی هاتوچۆ بە دروستکردنی قاڵبی کۆنکریتی بۆ شۆستەی ناوەندی لە شەقامی ٣٠م هەولێر لە چوارڕیانی شەهیدان تاکو چوارڕیانی خیرولا عبدالکریم	١٨٥،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
١٣	دروستکردنی گۆڕەپانی مەشق و ڕاهێنان لە ب.گشتی پۆلیسی هەرێم	٣٦٠،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
١٤	بینای هاتوچۆی شەقڵاوە	٣٨٣،٣٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
١٥	ڕێکخستنی هاتوچۆ بە بۆیەکردن و هێڵکاری شەقام و بۆیەکردنی کربیستۆن و دانانی فسفۆڕی پلاستیکی بۆ شەقامەکانی سەنتەری شار و دەوروبەری قەڵات و لە بازنەی شەقامی٣٠م بەرەو ژوور و شەقامەکانی دەوروبەری پارکی شانەدەر.	١٦٩،٤٢٥،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
١٦	دانانی ترافیك لایتی نوێ و هەڵگرتنی ترافیك لایتی کۆن لە شەقامی ٦٠م لە چوارڕیانی خانزادی سۆران و چوارڕیانی فرانسۆ میتران و چوارڕیانی پیرمام و دابینکردنی فسفۆڕی پلاستیکی قووچەکی فسفۆڕی دیالنیتەر و دەبەی پلاستیکی لە شێوەی قاڵبی کۆنکریتی لە شاری ههولێر	١٣٨،٨٥٧،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ

پرۆژە بەردەوامەکان:

ژ	لیستی پرۆژە	گوزمەی پرۆژە	شوێنی پرۆژە	لایەنی تموویل کردن
١	دروستکردنی بارەگای لیوای یەکی پۆلیسی پاسەوانی و پاراستنی دام ودەزگاکانی نەوت وگاز و سامانە سروشتییەکان	١٩،٥٧٢،٤٢٧،٨١٥	هەولێر	بودجەی و. سامانە سروشتییەکان
٢	بینای پۆلیسی چالاکی مەدەنییەکانی سۆران	٧٦٨،٩٤٦،٢٥٠	سۆران	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٣	نۆژەن کردنی بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوە هەولێر	٦٢٤،٠٤٢،٥٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٤	نۆژەن کردنی بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوە سۆران	٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠	سۆران	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٥	دابینکردن دانان و چاککردنەوەی گاردرێل و ڕێکخستنی شوێنی سۆڕانەوەکان بۆ ڕێگای هەولێر- پیرمام لە ئەکوا تارین تاکو قوتابخانەی شوەیفات.	٨٦٧،١٢٥،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٦	دروستکردنی دوو هۆڵی گەورە بو ساڵیانە بۆ هاتوچۆی هەولێر.	١،٢٩٨،١٠٥،١٢٥	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٧	دروستکردن و دانانی گاردرێلی نوێ و هەڵگرتنەوەی گاردرێلی کۆن بۆ شەقامی ١٢٠م.	٤٧٦،٨٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٨	دابینکردن دانان و چاککردنەوەی گاردرێل و ڕێکخستنی شوێنی سۆڕانەوەکان بۆ ڕێگای هەولێر- پیرمام ١٢٠م لە ئەکوا تارین .	٨٩٦،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ
٩	نۆژنکردنەوەی گۆڕەپانی کۆنی مۆڵەتی شۆفێری بۆ بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر لە سەر شەقامی ١٢٠م.	٢،٥٨٠،٠٠٠،٠٠٠	هەولێر	بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆ

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ :**

پێدانی (١٠) مۆڵەت بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، (٧) مۆڵەت بە کۆمەڵە، (٥) مۆڵەت بە سەنتەر و ناوەندی ڕۆشنبیری.

کار و چالاکییەکانی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان:

یەکەم: ئاڵوگۆڕی داتا و زانیاری

دامەزراندنی بناغەیەکی ئەلیکترۆنی پێشکەتووی دامەزراوەیی بە هاوکاری هاوبەشەکانمان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی مرۆیی لە هەرێم وەکو:

- دامەزراندنی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (Geographic Information System-GIS).
- پۆرتاڵی ئاڵوگۆڕکردنی داتا و زانیاری (Web Information Sharing Portal- WISP).
- دامەزراندنی سەنتەری چاودێری Situation Centre لە ئۆفیسی وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم.
- پرۆگرامی Web Portal ڕاهێنانی پراکتیکی لەلایەن ب.ئا.داتا و زانیارییەکان.
- دامەزراندی سیستەمی کاری خۆبەخشی (VMS/ Volunteerism Management System).
- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ٨ ڕاپۆرتی داتا و ئاماری ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی مانگانە و ناردنی بۆ گشت لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەت و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان.
- وەرگێڕانی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکانی و دەوری ناوەند بۆ زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، لەو چوارچێوەیەدا ٢٠ ڕاپۆرتی فەرمی وەرگێڕانیان بۆ کراوە.
- پێدانی زانیاری و داتای بەردەوام بە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و بیانی و حکومی سەبارەت بە ڕەوشی مرۆیی ئاوارە و پەنابەران و پێداویستییەکان لە هەرێمی کوردستان و ئاڵوگۆڕکردنی داتا و زانیارییەکان.
- بەشداربوون لە زیاتر لە ٥٠ کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە میانەی کار و چالاکییەکانی ناوەند لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێم.
- دروستکردنی پەیوەندی و ئیمزاکردنی یاداشتی لێك تێگەیشتن لەگەل ڕێکخراوی IMMap بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی زانیاری جوگرافی بۆ ناوەند و پارێزگاکان.
- دووبارە بونیاتنانەوەی تەواوی سیستەمی ئایتی و دامەزراندنەوەی سێرڤەری ناوەند.
- دامەزراندنی (سۆڵەر سیستەم – دابینکردنی کارەبا لە ڕێگای وزەی خۆر) .

دووەم: هەماهەنگی و هاوکاری و وەڵامدنەوەی قەیرانەکان

- کردنەوەی ژووری ئۆپەراسیۆن بۆ وەڵامدانەوەی قەیران و کارەسات لە هەرێمی کوردستان بە بەشداری لایەنە پەیوەندارەکان لە ئاستی حکومەتی هەرێم و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان.
- ڕێکخستنی (٢) کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەند بۆ دیاریکردنی مەترسی ساڵانە کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە لەگەڵ هەموو لایەنە حکومییە وەڵامدەرەوەکان.
- دروستکردنی سەنتەری ڕاهێنانی وەڵامدانەوەی قەیرانەکان (CMTI) لە پارێزگای هەولێر، کردنەوەی سەنتەرەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و جێگری وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا و سەرۆکی دامەزراوەی (THW) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٦/٤) بەفەرمی. ئەم سەنتەرە بەکاردەهێندرێت بۆ بەرزکردنەوەی توانای تیمەکانی وەڵامدانەوە و ئەنجامدانی ڕاهێنانی پراکتیکی تێدا.
- دامەزراندنی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی (RRU) لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.
- دابینکردنی کەل و پەلی لافاو بۆ هەموو تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، و هەندێک لەم کەل و پەلانە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای هەولێر کرا. دابینکردنی هەموو کەل و پەلی خۆپارێزی لە کاتی لافاو بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان.
- ئەنجامدانی (٦) ڕاهێنان بۆ وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی (RRU) کە (٤) ڕاهێنانیان ناوخۆ بوو بۆ لە پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و سۆران لە لایەن ڕاهێنەرە ناوخۆییەکان ئەنجامدرا، و (٢) ڕاهێنانی نێودەوڵەتی بۆ تیمەکانی هەولێر و سلێمانی کە لەلایەن ڕاهێنەرەکانی ئاژانسی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری تەکنیکی (THW) ئەنجامدرا.
- بەشداریکردنی ئەندامەکانی وەڵامدانەوەی خێرایی مرۆیی (RRU) لە پڕۆسەی وەڵامدانەوەی تەقینەوەی غاز لە سلێمانی و دهۆک، لافاو لە شاری هەولێر، و پاککردنەوەی ڕێڕەوی ئاو لە هەموو پارێزگاکان.
- ڕێکخستنی هەموو ئەندامانی تیم و وردەکارییەکان تایبەت بە پڕۆسەی وەڵامدانەوەی بوومە لەرزەکەی تورکیا.
- دروستکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەو هاوکاریانەی کە پێشکەش بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی تورکیا کراون بە بەردەوامی.
- پێشکەشکردنی (١،٧٧٩) نووسراوی ئاسانکاری و ڕێگەپێدان بۆ ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و بیانی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە مرۆییەکان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بە ئاوارە و پەنابەران و هاووڵاتیان لە ناوچە ئازادکراوەکان.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوە و وۆرکشۆپی تایبەت بە کردنەوەی ژووری ئۆپەراسیۆن و دیاریکردنی ئەرک و ڕۆڵەکان. بەردەوامبوون لە پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکانمان بۆ دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی تایبەت بەو ژوورە.
- ئەنجامدانی (٧) کەمپینی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و سەلامەتی لەکاتی کارەسات لەسەر ئاستی تاک و ماڵان (REACH) لە پارێزگاکان لە لایەن ئەندامانی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی.

- ڕێکخستنەوەی پڕۆژەی هەڵسەنگاندنی مەترسی و هەڕەشە سروشتی و دەستکردەکان ((RiskAssessmentی سەر هەرێمی کوردستان و هەڵسەنگاندنی توانا و پێداویستییەکان لە هەرێمی کوردستان و دانانی سیناریۆ پلانی فریاکەوتن و وەڵامدانەوە بە هەماهەنگی و پشتگیری دامەزراوەی (MSB) سویدی و ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە پڕۆژەی سینێرجاز (SYNERGIES) و تەواوکردنی قۆناغەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە لە ناوەند.
- داڕشتنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە خۆبەخشەکان و سیستەمی خۆبەخشی لە ناوەند.

سێیەم: کۆمەک وهاوکاری مرۆیی بۆ هەرێمی کوردستان (بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان):

- دابینکردنی هاوکاری مرۆیی ناخۆراکی لەلایەن ڕێکخراوی (Bring Hope) بۆ کەمپی ئاوارەکان دابەشکردنی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی.
- گواستنەوەی هاوکاری مرۆیی لە جۆرەها مادەی خۆراکی و ناخۆراکی بە بەهای (٨٥٠،٠٠٠ $) کە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانی دابینکرابوو بۆ خەڵکی سوریا.
- بەدەستهێنانی کۆمەکی مرۆیی و کەلوپەلی منداڵان و جل و بەرگ لەلایەن ڕێکخراوی (Parwin) ی مرۆیی بۆ ئاوارەکانی دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری کەرکوک و خورماتوو کە لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون.
- بەدەستهێنانی کەلوپەلی ئۆفیس بۆ ناوەند لە ڕێگای ڕێکخراو (UNDP) بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی پێداویستی ئۆفیسی ناوەند.
- دانانی پڕۆسەو میکانیزمی تایبەت بۆ گەڕان بەدوای پڕۆژەی نوێ لە ماڵپەڕە جیهانییەکان بە مەبەستی بە دەستهێنانی هاوکاری دارایی بۆ ئەو پڕۆژانەی کە خزمەت بە ئاواره و پەنابەران و خانەخوێ دەکات لە هەرێمی کوردستان.
- کردنەوە و بەڕێوەبردنی چەند خولێکی تیمی وەڵامدانەوەی یەکەم و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی سەنتەری لۆجستیکی لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی.
- بە هاناوەچوونی لێقەوماوانی بومەلەرزەی تورکیا و ناردنی هاوکاری مرۆیی بۆ زیانلێکەوتووان.
- سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی پڕۆسەی گەڕاوەکانی ئاوارەی سوریا لە سودانەوە بۆ هەرێمی کوردستان و دواتر ناردنەوەیان بۆ سوریا.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) بە مەبەستی دروستکردنی بینایەیەک بۆ کۆبوونەوەی ئەو کرێکارانەی کە لەسەر شەقامەکان دەوەستن بۆ بەدەست هێنانی کار.

کاروباری کۆچ و کۆچبەران:

- بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان دامەزراندنی سیستەمی گەڕانەوەی نیشتیمانی (NRM) بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا و لە ڕێگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) شایانی باسە ئەم سەنتەرە سەنتەرێکی زۆر پێشکەوتووە لە (١٢٤) وڵاتی جیهان پەیڕەو دەکرێت.

- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران هەڵسا بە کارکردن لە لیژنەی باڵای تایبەت بە کەمپەکان بە مەبەستی چۆنیەتی پاراستنی کەمپەکان، وەك سەرۆکی لیژنە .
- کارکردن لە لیژنەی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچ و کۆچبەران وەك سەرۆکی لیژنە، بە مەبەستی پێداچوونەوە و پشت ڕاستکردنەوەی دۆسیەی ئاوارە گەڕاوەکان لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا .
- کارکردن لە لیژنەی تایبەت بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی (٥٠) گەڕاوەی وڵاتی ئێران، نیشتەجێی سلێمانی و هەڵەبجە.
- کارکردن لە پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی ئاماری ئاوارە گەڕاوەکانی وڵاتی ئێران، لە هەرێمی کوردستان لە یەك داتابەیس بە هاوکاری هۆبەی بەدواداچوون و هۆبەی گەڕاوەکان و ڕاگوێزراوان.
- بە دواداچوون بۆ گەڕاندنەوەی (٤٠٢) دۆسیەی ڕەسەنی ئاوارەی گەڕاوەی وڵاتی ئێران لە سنووری سلێمانی کە قەرەبوویان وەرگرتووە.
- پێداچوونەوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو دۆسیانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی تۆمارکردن ئاراستەی ناوەند/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچ و کۆچبەران دەکرێت.
٥) پروژێ دانانا داتا بەیس دگەل سێرڤەری و پێتڤیێن وان و ئامیرێ ئاگەهدارکرنێ و دانانا تورا ل ناڤ هولا ئەرزوحاچیێن ئەلکترونی.

٦) پروژێ دورستکرنا سیستەمێ ئەلکترونی بو دەرخستنا مولەتا شوفێریێ و سالناما ترومبێلێ ئەلکترونی ل (ب . ه . دهوك).

٧) پروژێ دروستکرنا بینایەتێ هاتن و چوونا قەزا ئامێدیێ.

٨) پروژێ دروستکرنا گورەپانێ بو ترومبێلێن قەپانا.

٩) پروژێ دروستکرنا بە بەستێ کارەبایی بۆ گورەپانا راوەستانا ترومبێلا.

١٠) پروژێ دابینکرنا پێداویستیێن یەدەگ بو سیستەمێ ترا کوری ل بەشێ مولەتا شوفێریێ ٢٤.

١١) دانانا (٦٨٥) نیشانێن هاتن و چوونێ ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ .

١٢) سەخبێرکرنا (١٠٠٣) نیشانێن هاتن و چوونێ ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ .

١٣) سەخبیرکرنا (٣١٦) ترافیك لایتا ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ .

١٤) دانانا (٦٤) تەسێن کونکرێتی ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ .

١٥) دانانا (٣) تەسێن پلاستیکی ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ .

١٦) دانانا (٢٦) کلبستونا لسەر جادین پارێزگەها دهوکێ.

١٧) دانانا (٣٣٦) عیون القط لسەر جادین پارێزگەها دهوکێ.

- **ئاماری بەشی کارتی نیشتمانی ساڵی (٢٠٢٣):**

(١١٣٢٣) دانە کارتی نیشتمانی دەرچووە لە گشت فەرمانگەکانی کارتی نیشتمانی لە ڕێکەوتی (١/١/ ٢٠٢٣) تا ڕێکەوتی (٣١/٥/٢٠٢٣).

- **بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر:**

١) کۆی گشتی ئەو کەسە بیانیانەی کە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کار کراون لە ساڵی (٢٠٢٢)دا (٢٨,٨٨٠) کەسی بیانی، وە لە مانگی (٦) ساڵی (٢٠٢٣) بریتییە لە (١١,٠٥٨)کەسی بیانی.

٢) لە ساڵی (٢٠٢٢)دا دیپۆرت کردنی (٥٣٤) کەسی بیانی بە هۆکاری نەخۆشی و ئەمنی، لە (٦) مانگی ساڵی (٢٠٢٣)دا (١٨٩) کەسی بیانی دیپۆرت کراونەتەوە.

٣) پێدانی نشینگە لە ساڵی (٢٠٢٢)دا (٣٧٠،١٥٢)کەسی بیانی نشینگەی پیدراوە، لە (٦) مانگی ساڵی (٢٠٢٣)دا (٧٣٢،٥٧)کەسی بیانی نشینگەی پێدراوە.

٤) کۆی گشتی ئەو کەسە بیانیانەی لە بنکەو نشینگەی پاسپۆرتی فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر کە دەستیان بەسەرداگیراو بەهۆی پاسپۆرت و ڤیزای ساختە (٢٧٠) کەس بووە.

٥) کۆی گشتی ئەو کەسە بیانیانەی لە بنکەو نشینگەی پاسپۆرتی حاجی ئۆمەران کە دەستیان بەسەرداگیراو بەهۆی پاسپۆرت و ڤیزای ساختە (٢) کەس بووە.

٦) لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی کاری کابینەی (٩)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕگەی (١٤) بە مەبەستی بەدیجیتال کردنی کاری دامەزراوەکانی حکومەت بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر وەك پیشەنگ هەڵساوە بەجێبەجێکردنی سیستەمی (ئۆن لاین) بۆ کاروباری نشینگە و بەستنەوەی بنکەی نشینگەی سۆران و گشت کەمپەکان بە بەڕێوەبەرایتەکەمان بە شێوەی (ئۆن لاین).

٧) دروستکردنی سیستەمی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی بیانیەکان لە هۆتیل و میوانخانەکان بۆ کەسانی بیانی وە بەستنەوەی بە بەشی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بۆ دەست نیشان کردنی تەواوی ئەو کەسە بیانیانەی بە شێوەی نایاسایی لە هۆتیل و میوانخانەکان دەمێننەوە.

٨) گرێدانی سیستەمی پشکنینی خوێن بە شێوازی (ئۆن لاین) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر و تاقیگەی گشتی بۆ ئەوەی کەسی بیانی کاتیك لە تاقیگەوە پشکنینی بۆ دەکرێت ڕاستەوخۆ بگاتە نشینگە ئەمەش وەك هەنگاوی یەکەم بۆ پێدان و دروستکردنی نشینگە وەك یەکەم (ئۆن لاین) لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی.

٩) گرێدان و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نشنیگەی پارێزگای هەولێر و دەزگا ئەمنیەکان بە شێوازی (ئۆن لاین) ئەمەش بۆ بەدواداچوون و لێکۆلینەوە لە کەسانی بیانی بێ ئەوەی بیانییەکان سەردانی دەزگا ئەمنییەکان بکەن ئەم بابەتی زۆر سودی لێ وەرگیراوە لەو ماوەیەدا بۆ بەدواداچوون لە کەسانی بیانی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان.

- **بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی:**

١) ئاماری کارتی مانەوە (١٠٠٠٢).

٢) ئاماری کارتی پەنابەری سوری (٧٠٠١).

٣) ئاماری سنور داش بۆ ناوەی هەرێم (٣٥).

٤) ئاماری سنورداش بۆ دەرەوەی هەریم (٩٨).

٥) ژمارەی ڤیزەی وەرگیراو لە فڕۆکەخانە (٣٦٨).

٦) بەڵگەنامەی ساختە (٢٢).

- **بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی:**

کۆی گشتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی

١) دەرچوون پاسپۆرت بۆ یەکەم جار (١١٧٩٨).

٢) نوێکردنەوەی پاسپۆرت (٢٥٤٤٢).

٣) وون بوونی پاسەپۆرت (٥٥٩).

٤) پاسپۆرتی تێکچوو (٣٠٢).

کۆی گشتی (٣٨١٠١)

- **کار و چالاکیێن رەگەزنامە پارێزگای دهۆك لە (٢٠٢٢/٦/٢٧) تاکو (٢٠٢٣/٦/١١):**

١) رەگەزنامێن عێراقی بو جارا ئێکێ (١٥٠١).

٢) رەگەزنامێن عێراقی شوین پیچبوی (٤٠٠).

٣) رەگەزنامێن عێراقی شوین بەرزەبووی (٩٧).

سەرجەمێ رەگەزنامێن هاتینە مەزاختن (١٩٩٨).

١) رەگەزنامێن عێراقی بو جارا ئێکێ (٧).

٢) دیارکرنا رەچەلەکێ (٨).

٣) سەر ژ نوی تومارکرن (٢).

٤) تومارکرنا ژدایك بوونێ باب بیانی (٢٤٧).

٥) دیارکرنا بارودوخی باب بیانی (٣٤١).

٦) مامەلێن رەگەزبوون (١١).

٧) تومارکرنا ژدایك بوونێ باب رەگەزبوون ب رەگەزناما عێراقی (٦).

٨) دیارکرنا بارودوخی باب رەگەزبوون ب رەگەزناما عێراقی (٨٩).

٩) تومارکرنا ژدایك بوونێ قەرەچی (٥).

١٠)دیارکرنا بارودوخێ قەرەچی (٢٨).

سەرجەم (٧٤٤) مامەلە.

- **پاسپورتان ل پارێزگەها دهوکێ:**

ز	رێڤەبەری ونڤیسنگەه	هژمارا پاسپورتێن/ هاتینە دەرکرن
١	رێڤەبەریا پاسپورتێن دهوك	٥٩،٧٦٥
٢	نڤیسینگەها پاسپورتێن زاخو	١٨،٨٣٦
٣	رێڤەبەریا پاسپورتێن ئاکرێ	١٢،٠٣١

- **بەرێوەبەرایەتی نشینگەی دهۆك:**

سەرجەمێ گشتی یێ چوونا رێڤینگا ژ هەرێما کوردستانێ بو روژئاڤایێ کوردستانێ دبیتە (١١٠٩٦٨) کەس و بڤی رەنگێ خوارێ یە

١) رێڤینگێن هەلگرێن ناسنامێن سوری (٧٣٧٩٧)

- ژوان (١٠٤) دویرئێخستن.
- ژوان (٣١٢) جەنازە.

٢) رێڤینگێن هەلگرێن ناسنامێن عیراقی (١٥٥٣).

٣) رێڤینگێن سوری هەلگرێن پاسپورتێن بیانی (٣٣١٣٢).

٤) رێڤینگێن هەلگرێن ناسنامێن سوری (٧٣٦١١).

٥) رێڤینگێن هەلگرێن ناسنامێن عیراقی (١٧١٧).

٦) رێڤینگێن سوری هەلگرێن پاسپورتێن بیانی (٣٣٠٤٧).

- **بەرێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە وکاروباری شارستانی سلێمانی /٢:**

دەرهێنانی کارتی نیشتمانی و ڕەگەزنامەی یەکەم جار و بدل تالف

ز	کارتی نیشتمانی	ڕەگەزنامەی یەکەم جار	ڕەگەزنامەی بدل تالف
١	٣٥٥٦٤	٧٠٨	١٢٢٠

- **کۆلیژی پۆلیس/ هەولێر:**

- پرۆژەی کۆلیژی پۆلیس / ٢٠٢٣.
- باڵی خوێندن.
- باڵی بەرێوەبردن (کارگێڕی):

١) کردنەوەی خولی نوێ کردنەوەی زانیاری مەشقی سەربازی بۆ سەرجەم کارمەندانی کۆلیژ .

٢) کردنەوەی خولی بەکارهێنانی چەکی سووک لە جۆری دەمانچە(گلۆک) بۆ کارمەندانی کۆلیژ .

٣) کردنەوەی خوولی هاوێشتنی سالانە (رمی) بۆ کارمەندانی کۆلیژ .

٤) کردنەوەی خولی هونەرە جەنگییەکانی بەرگری لەخۆ کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ باڵی وەرزش بۆ کارمەندانی کۆلیژ .

٥) هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەریەکە لە وەزارەتەکانی شارەوانی و کشتوکال بەمەبەستی ناشتنی ژمارەیەک دار لەناو کۆلیژ .

- بەشی ڕاگەیاندن:

١) کردنەوەی خولی ڕێنمایی معنوی بۆ کارمەندانی راگرایەتی کۆلیژی پۆلیس لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٢.

٢) سەردانی شاندی میوانی یەکێتی ئەوروپا بۆ کۆلیژی پۆلیس بە مەبەستی یەکتر ناسین ٦. ٣. کردنەوەی خولی تەکنیکی هونەرەکانی جەنگ (فنون قتالی) بە بەشێك لە کارمەندانی راگرایەتی کۆلیژی پۆلیس لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٨.

- **چالاکی و پرۆژەکانی کۆلێجی پۆلیس/ سلێمانی:**

دەستەی پشکنینی کارگێڕی:

چالاکییەکانی دەستەی پشکنینی کارگێڕی لەماوەی کابینەی نۆ٢٠٢٢/٧/٢٢ تا وەکو ٢٠٢٣/٦/١٤

- ئەنجامدانی (٢) پشکنینی ئاسایی لە قەزا و ناحیەکان.
- ئەنجامدانی (٢٢) لیژنەی لێکۆلینەوە تایبەت بە فەرمانگەوبەڕێوەبەرایتیەکانی سەربە وەزارەت.
- ئەنجامدانی (٣) لیژنەی بەدواداچوون.

- **دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

١) ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە (٩) پەڕاو .

٢) سکاڵای هاوولاتیان (٤٥) سکاڵا.

٣) پشکنینی (٢٠) شوێن .

- **دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەک/ هەولێر (کێشە تەواو بووەکان):**

ساڵ	چالاکی
٢٠٢٢/٧/٢٢تاکو ٢٠٢٣/٧/٢٢	(٥٩) کێشە تەواو بووە
کۆی گشتی	(٥٦٣) کێشە تەواو بووە

- **دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ دوو/ سلێمانی:**

جۆری پەڕاو	ژمارە
کۆی ئەو پەڕاوانەی گەیشتۆتە دادگاکەمان	(٨٤٧) هەشت سەدو چل و حەوت
ئەو پەڕاوانەی بڕیاری حوکمیان بۆ دەرچووە	(١٩٢) سەد ونەوەد ودوو
ئەو پەڕاوانەی بڕیاری تەمییزیان بۆ دەرچووە	(٦٢) شەست ودوو
ئەو پەڕاوانەی لە ڕێڕەوی دادگایی کردن دان	(٥٩٣) پێنج سەد و نەوەد و سێ

وەزارەتی دارایی و ئابووری

وەزارەتی دارایی و ئابووری

بەشی ڕاوێژکاری و سەرپەرشتیاری ئەندازیاری و هونەری :

- بە هەماهەنگی هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ووردبینی نووسراوی تایبەت بە پرۆژەکانی وەزارەتەکانی تر (ڕەزامەندی، پێشینەکان) بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری.
- جێبەجێکردنی پرۆژەکان و سەرپەرشتیاری و بەدواداچوونی پرۆژەکانی وەزارەت.
- بەشداربوون لە ڕێکارەکانی کەمگەری پرۆژەکانی وەزارەتەکانی تر و پارێزگاکان.
- ووردبینی ئەندازەیی پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان پرۆژەکانی وەزارەتەکانی تر کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و لەلایەن سەرپەرشتیاری ئەندازیاری و بەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ووردبین دەکرێت.
- پرۆژەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لەلایەن هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری جێبەجێ دەکرێن:

پرۆژەکانی بەردوام	کۆژمەی تەرخان کراو
ب . ئەندازەی هەولێر	٤،٦٩٤،٩٠٥،٥٧٢ دینار
ب . ئەندازەی سلێمانی	١٤،٣٢٦،٧٨٤،٣٤٤
ب . ئەندازەی دهۆک	٤،٧١٣،٤٦٤،٤٦٠
کۆی گشتی	٢٣،٧٣٥،١٥٤،٣٧٦

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان:

- سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ڕێکارەکانی گەڕاندنەوەی قەرزی ئاسانکاری بەردەوامە تاکو ئێستا بڕی (٢١،٤١٨،٠٠٠،٠٠٠) دینار بگەڕێننەوە خەزێنەی دەوڵەت و گوژمەی (٣٦،٥٢٢،٠٠٠،٠٠٠) دینار وەک موڵک بە ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بانکەکان کراوە و گوژمەی (١،٠٧٢،٨٣٢،٠٠٠،٠٠٠) دینار وەکو قەرزی ئاسانکاری لای بەڵێندەران و سەوداکەرانی بانکەکان ماوە.
- تاقیکردنەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی دابەشکردنی مووچە لە بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلوجیای بانکەکان لە هەولێر بە سەرکەوتووی ئەنجام درا بۆ ئەم مەبەستە هەوڵەکان بەردەوامە بۆ ئەوەی خەرجکردنی مووچەی خانەنشینان و فەرمانبەران لە ڕێگای سیستەم و کارتی ئەلیکترونی بە هەماهەنگی لەگەل ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ بکرێت بە ناوی (ئەژماری من).

- گشت ڕێکارەکانی دامەزراندنی بانکی (نیشتمان) لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان تەواو بووە تەنها، لە کوتا ڕێکارەکانی دامەزراندنی بانکی نیشتمان دوای سەردانکردنی نوێنەری وەزیری دارایی و ئابووری و بەڕێوەبەری گشتی بانکە بازرگانییەکان بۆ بەغدا و دانیشتن لەگەڵ ئەنجومەنی ئابووری حکومەتی عیراقی ڕەزامەندی درا گشت ڕێکارەکانی دامەزراندنی بانکی نیشتمان لە هەرێمی کوردستان تەواو بکرێت تاکو دەگاتە بڕوانامەی دامەزراندن پاشان بەراییەکان ڕەوانە بانکی ناوەندی عێراقی و وەزارەتی بازرگانی/ تۆماری کومپانیاکانی بەغدا بکرێت دوای وەرگرتنی بەراییەکان پەسند دەکرێت و مۆڵەت دەدەن بە دامەزراندنی بانکی نیشتمان.
- بەشی چاودێری و پشکنین لە بانکەکان هەڵساون بە سەردانی کردن بۆ بانکەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) بە مەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە بانکەکاندا هەبووە بە شێوازێک گشت گوژمەکانی ئەژمێری مەدین (لقەکانی ناوخۆی دەستی) یەکلایی کراونەتەوە لەگەڵ پاکتاوکردنی ئەو گوژمانەی بە ڕاگیراوی مابوونەوە لە ساڵانی پێشوو.
- بەشی ووردبینی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان کرایەوە تەنها لە خەرج کردنی دەرماڵەی مانەوە لە گشت بانکە بازرگانییەکان مانگانە خەرجیەکی زۆر بگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی حکومەت ئەوەش بە دانانی میکانیزمێکی گونجاو لە بانکە بازرگانییەکان بۆ ئەم مەبەستە دواتریش لە پەیکەری ڕێکخستنی بانکە بازرگانییەکان توانیومانە هۆبەی ووردبینی لە گشت بانکەکان دابنرێت بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە جێبەجێکردنی کارەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.
- لە بەشی مووچە و خانەنشینی توانیومانە بە ڕێکخستنەوە و دانانی تۆماری ئاماری مانگانە بۆ زانینی ژمارەی سوودمەندانی هەموو جۆرە خانەنشینانی هەرێمی کوردستان و زانینی گشت مووچە گەڕاوەکان و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستن و چونیەتی دابەش کردنی مووچەی خانەنشینان و سەردانی کردنی بانکەکان و پێکهێنانی لیژنە بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجام بدرێن.
- ڕێکاری یاسایی بەرامبەر قەرزداران و تۆمەتباران لە فەرمانگەکانی داد و وەزارەتی داد یەکلایی بکەینەوە وەکو گەڕاندنەوەی گوژمەی (٤٧١,٧٨٥,٠٠٠) چوار سەدو حەفتا و یەک ملیون و حەفت سەد و هەشتا و پێنج هەزار دینار بۆ بانکی فیدراڵ و هەڵگرتنەوەی (٢) موڵکی ڕەهن کراو بە ژمارە (٢١٦/١١ ک ٤٥ وارش) و (٢٢٠٧/٤٣ ک ٩٤ باداوە) بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری:

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی باجی کۆمپانیاکان:

- درێژکردنەوەی ماوەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و پەڕاوە دارایییەکان لە پێناو پاکتاوکردنی باجی کۆمپانیاکان بەبێ دانی هیچ سزایەك.

- دانانی سیستەمی پاکانەی ئەلیکترۆنی بە ئامانجی خێرا ڕایی کردنی کارەکان و ڕێگری کردن لە ساختەکاری.
- یەکسانکردنی باجی هاوردە و هەنارده لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە خاڵە سنوورییەکان.
- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبوونە نایاساییەکان پاڵپشتبە بڕیاری سەرۆك وەزیران.
- پێداچوونەوە بە هەژماری ئە وکۆمپانیایانەی لە ساڵانی رابردوو و باجێکی کەمیان دابوو.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە هەواڵدەری نهێنی.
- وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە هۆتێل و چێشتخانە چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرەکان.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت:

- بە ئەلیکترۆنی کردنی سەرجەم نووسراوەکانی پاکانە و پشتگیری باجدەران.
- ئەنجامدانی پرۆسەی ڕووماڵەی مەیدانی (مسح المیدانی) لە پێناو تۆمارکردنی ئەو باجدەرانەی سەرچاوەی داهاتیان شاردۆتەوە.
- کردنەوەی چەند تێبینەرایەتییەکی تایبەت بە وەرگرتنی باجی ئۆتۆمبێل بەشێوەی راستەوخۆ لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ.
- وەرگرتنی باجی نەخۆشخانە تایبەتەکان بەشێوەی راستەوخۆ.
- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەڵەبجەی شەهید.
- درێژ کردنەوەی ماوەی یاسایی لەپێناو هاوکاری کردنی باجدەران و دانی باجەکانیان بەبێ هیچ سزایەك.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە

- وەرگرتنی باجی بانەوانی(المساطحة) بۆ ساڵانی رابردوو و بەشێوەیەکی ڕەمزی چونکە لە رابردوو وەرنەدەگیرا.
- وەرگرتنی باجی زەوی بازرگانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.
- بە ئەلیکترۆنی کردنی ئەنجامدانی پرۆسەی خەملاندنی گشتی بە سیستەمێکی پێشکەوتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری.
- دامەزراندنی دیوانی باجی خانووبەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی باجی خانووبەرە.
- کردنەوەی چەند تێبینەرایەتیەك لە قەزا و ئیدارە سەربەخۆکان بەمەستی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە دانی باج.
- مامەڵە کردن لەگەڵ خاوەن پشکەکانی ئەو موڵکانەی بەشێوەی نافەرمی دابەشکراون بەشێوەی سەربەخۆ، چونکە پێشتر ببووە هۆی کێشە و بارگرانی بۆ هاووڵاتیان و زیانی داهاتی باج.

- ڕاستکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە لێخۆشبوون لە باجی زەوی بە جۆرێك کەوا هەر کەسێك تاکو (٦٠٠)م٢ مافی لێبوردن لە باجی زەوی هەبێت لە هەموو تەمەنێکدا.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری:

- گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویستبەرامبەر سەرپێچیکاران و زێدەڕۆکارانی سەر مولکەکانی وەزارەتمان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پاڵپشتی و پشتگیری ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری و گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی ساڵی (٢٠٢٢) بریتیە (٩١٢،٥٨٨،٨٠٢،٣٧٣) نۆ سەدو دوانزە ملیار و پێنج سەد و هەشتاو هەشت ملیۆن و هەشت سەدو دوو هەزار و سێ سەدو حەفتاو سێ دینار .

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین:

- لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١) تاکو (٢٠٢٣/٦/١) (١٨٥١٧) هەژدە هەزار و پێنج سەدو حەڤدە فەرمانبەر خانەنشین کراون.
- لە ماوەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە کاری ڕاگرتنی دوو مووچە و سێ مووچە بۆ (٤٢٨٤) چوار هەزار و دوو سەد و هەشتا و چوار خانەنشین ئەنجامدراوە بە بڕی (١،٤٣٦،١٢٨،٩٩٦) یەک ملیار و چوار سەدو سی و شەش ملیۆن و سەدو بیست و هەشت هەزار و نۆ سەدو نەوەد و شەش دینار هەروەها کارکردن لەسەر ئەوانەی زیاتر لە مووچەیەکەیان هەیە بەردەامە بە جۆرێک هەر کاتێک سەردانی دەکەن کاری پێویستیان بۆ ئەنجام دەدرێت بە ڕاگرتن و هەلبژاردنی مووچە و دەکرێن بە لیستێک هەروەک چۆن لەسەرەوە ئاماژە پێدراوە.
- لە ماوەی ئاماژە پێدراوەی سەرەوە وەرگرتنی بەڵێننامەی ئەو خانەنشینانەی کە لەسەرەوە خانەنشین کراون هەروەها ئامادەبوون لە دادبینی لیژنەی ووردبینی لە کێشەکانی خانەنشینان لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر و سەیرکردنی سکالای خانەنشینان و جێبەجێکردنی مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەرانی (فصل، عزل، استقالة) هەروەها سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.
- سەبارەت بە مادده (١) برگە/٣ کە تایبەتە بە دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەران ئاماژە بە بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ کە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥٤١) لە ٢٠٢٣/١/١٦ دەرچووە هەروەها فەرمانی وەزاری ژمارە (٩١٨) لە ٢٠٢٣/١/٢٣ کە تایبەتە بە چالاک کردنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە کاتی ئێستادا چاوەڕێ دەکرێت نۆژنکردنەوەی شوێنی دابین کراوە تەواو بێت پاشان فەرمانبەر و کەل و پەلی پێویست دابین بکرێت بۆ ئەوەی دەست بە کارەکانیان بکەن.

- سەبارەت بە مادده (٧) کە تایبەتە بە هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان و تایبەتەکان جێبەجێکراوە بە جۆرێک ئەوانەی ڕاژە و بەڵگەنامەی پێویستیان هەبووە هەموارکردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بەڵام ئەوانەی تر کە پێویست خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاساکە کارکردن لەسەر دۆسیەکانیان بەردوامە.
- سەبارەت بە مادده (٩) کەتایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو خانەنشینانەی کە وەک ڕێزلێنان بە پلەی (وەزیر، بریکاری وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) خانەنشین کراون دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٧٦)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنە پێکهێنراوە جیاکردنەوە و ووردبینی کردنی دۆسیەکان تەواو بوو پاشان بریاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٩٣٥) لە ٢٠٢٢/١٢/١١ دەرچوو بۆ هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی ناوبراوان بڕیارەکە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەشین جێبەجێکرا جگە لە هەندێک دۆسیەی نەبێ کە بەڵگەنامەی پێویست یاخود ناڕوونییەک لە دۆسیەکانیان هەیە لە کاتی ئێستادا کاریان لەسەر دەکرێت هەروەها کار و دەسەڵاتی لیژنەی ئاماژە پێدراو لەسەرەوە بە فەرمانی ژمارە (١٦٤١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٥ نوێکراوەتەوە و بەردوامە.

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی:

- ئەنجامدانی (١٤) گرێبەستی ئیمتیازی تایبەت بە پێداچوونەوە بە گرێبەستی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم بۆ دیاریکردنی پشکی داهاتی حکومەت و کۆمپانیاکان و بەرزکردنەوەی ڕێژەی پشکی حکومەت بە مەبەستی زۆرکردنی داهات و ڕێکخستنەوەی کارەکان وەک لە خوارەوە هاتووە :

ناوی کۆمپانیاکان	جۆری خزمەتگوزاری
کۆمپانیای صدیق	خزمەتگوزاری پاکژکردنەوە (تعقیم)
لۆکس ئەیجێنسی	خزمەتگوزاری پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری
کۆردیۆ	خزمەتگوزاری پاکژکردنەوە (تعقیم)
دیاسا	خزمەتگوزاری پاکژکردنەوە (تعقیم)
K.P.R	خزمەتگوزاری پاکژکردنەوە (تعقیم)
کۆردیۆ	خزمەتگوزاری چاکردنەوەی بەردەوام (صیانه الدائمه)
هانداون	خزمەتگوزاری پشکنینی ئۆتۆمبێل
نیو ئایتی ئیرا	خزمەتگوزاری پشکنینی ئۆتۆمبێل
نیوستاندەر	خزمەتگوزاری پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری
ڕەزگە	خزمەتگوزاری پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری
دڵنیا	خزمەتگوزاری بیمە
ستارکار	خزمەتگوزاری بیمە
ڕۆژان	خزمەتگوزاری چاپکردن و دابەشکردنی ڕاگەیاندنی گومرگی
کۆردیۆ	خزمەتگوزاری چاپکردن و دابەشکردنی ڕاگەیاندنی گومرگی

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی:

- زیادکردنی ڕێژەی پشکی وەزارەتمان/ ب.گشتی کاروباری دڵنیایی لە ڕێژەی (١٠٪) بۆ ڕێژەی (٢٥٪) لە داهاتی کۆمپانیا ئەهلییەکان کەوا کاردەکەن لە دەروازە سنوورییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١ پەیڕەو دەکرێت.
- بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پولی دارایی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) بە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢١) لە جیاتی یاسای ڕەسمی پولی دارایی ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٣) کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان کە ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی داهات بەشێوەیەکی بەرچاو لە گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

- **کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ:**

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دەروازەی نێودەوڵەتی زێت، لە سنووری قەزای مێرگە سۆر و سەر زێر لە سنووری قەزای ئامێدی.
- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگی لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کردنەوەی چاودێری گومرگی لە پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک).
- دەروازەی تیلەکۆ لە سنووری ئیدارەی گەرمیان وەکو دەروازەیەکی بازرگانی کراوەتەوە و کاری پێویست ئەنجام دراوە بۆ ڕێکخستنی و دابین کردنی ژێرخانی دەروازەکە.
- بە ئەلیکترۆنی کردنی دەروازەی نێودەوڵەتی (ابراهیم خلیل، باشماخ، حاجی ئۆمەران، پەروێزخان، فرۆکەخانەی هەولێر، سلێمانی) و بەستنەوەیان بە سێرڤەری گشتی لە ناو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە شاری هەولێر.
- لە ماوەی کابینەی نۆدا (٨٧٠) داوای گومرگی هەبووە لە دادگا گومرگییەکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) و یەکلا کراوەنەتەوە.
- بە بڕی (١١،٨٨،٠٠٠،٠٠٠) یانزە ملیار و هەشتا و هەشت ملیۆن دینار کۆمپانیاکان و بازرگانان و هاووڵاتیان لە دادگاکانی گومرگی هەولێر، دهۆک، سلێمانی سزادراون.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی داهاتی گومرگی لە ماوەی (٤) چوار ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٤٣٪) زیاد کردوە.
- پرۆژەی هەژماری من ئێستا لە قۆناغی جێبەجێ کردن دایە و هەژماری بانکی بۆ (٨٤١) کارمەندی نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵبوون لە هەولێر (١١،١٦١) هەزار پێشمەرگە کراوە و کراوەتەوە.
- سیستەمی خەرجی (KFMS) نووسراوە لە ماوەی (٢) ساڵ (١١٨٠) یەکەی ژمێریاری پێکەوە ببەسترێتەوە (٢) بەکارهێنەری هەیە لە ماوەی (٢) ساڵ نزیکەی (٢٦٧) ملیۆن دۆلار خەرجی ناپێویست پاشکەوت کراوە.

کار و چالاکی و داهاتی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگی:

گەڕاندنەوەی داهات	ساڵ	تێبینی
١،٢٢٤،٤٥٠،٠٠٠ملیار دینار لە ماوەی ١٨ مانگ	لە ٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢٢/٦/٣١ ٥٨١٦ بار پشکنینی بۆ کراوە	کۆی دەرچوونی تیمەکان لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی ٣٦٤کەس دەرچوون

داهاتی گومرگەکان و باجی هاوردەکردن لە هەرێمی کوردستان بە تریلۆن دیناری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٢٢) بریتیە لە (١,٦٧٨) یەک ترلیۆن و شەست و حەفتا و هەشت ملیار دینار.

سەبارەت بە فرە مووچەی کە دوو مووچە دەرچوون:

- مووچەی وەک فەرمانبەر – فەرمانبەر :- لە کۆی (٩٣٢) فەرمانبەر (٣٦٧) فەرمانبەر دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گوژمەی پارەی بڕدراو (١٥٠،٤٦٨،٢٩٧) دیناره.
- مووچەی وەک فەرمانبەر – خانەنشین: لە کۆی (٣٩٧٨) فەرمانبەر/ خانەنشینی (١٨٤٩) فەرمانبەر دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گوژمەی پارەی بردراو (٥٨٧،٨٢٣،٤٧٦) دیناره.
- مووچەی خانەنشین – خانەنشین :- لە کۆی (٥٩٠٩) خانەنشین/ خانەنشین (١٩٧٣) دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گوژمەی پارەی بردراو (٥١٥،٣٣٤،٨١٨) دیناره.
- هەروەها کەم و کوڕی هەیە لە کۆی (٤١٨٩) دوو مووچەی کێشەی بارکۆد، مووچەی تەواو، ناوی دووبارە، کۆدی وەهەمی، مووچەی وەهەمی، و (٥٠٠) بارکۆدی دووبارە هەیە.

ئاماری پشکە گەڕاوەکانی بانکە پسپۆڕییەکان لە (٢٠٢٢/٦/١ تاکو ٢٠٢٢/١٢/٣١):

ژ	ناوی بانک	بڕی ئەو گوژمەی گەڕاندراتەوە
١	عقاری هەولێر / ١	٨،٠٩٦،٣٦٧،٢٥٠
٢	عقاری هەولێر / ٢	٥،٧٨٧،٦٧٥،٢٥٠
٣	عقاری سۆران	٣،١١٢،٢٥٧،٢٥٠
٤	عقاری کۆیە	١٥٨،٥٨٥،٠٠٠
	کۆی گشتی هەولێر	**١٧،١٥٤،٨٨٤،٧٥٠**
٥	عقاری دهۆک	٣،٥٩٩،٨٨٨،٠٠٠
٦	عقاری ئاکرێ	٣،١٠٤،٤٦٧،٣٠٠
٧	عقاری زاخۆ	٢،٠٧٨،٣٥٢،٧٥٠
٨	عقاری بەردەڕەش	٢٢٠،٥٠٣،٥٠٠
٩	عقاری شێخان	١٣٦،٨٢١،٥٠٠
١٠	عقاری عمادیە	٣٧،١٢٤،٠٠٠
	کۆی گشتی دهۆک	**٩،١٧٧،١٥٧،٠٥٠**
١١	عقاری سلێمانی / ١	٩،٢٩١،٨٨٥،٥٠٠
١٢	عقاری سلێمانی / ٢	٥،٧٧٣،٨٣٨،٠٠٠
١٣	عقاری ڕاپەرین	٣،٠٩٨،٠٢٦،٢٥٠
١٤	عقاری هەلەبجە	٣،٣٣٤،٦٨٨،٠٠٠
١٥	عقاری گەرمیان	١،٧٤٩،٦٠٤،٧٥٠
١٦	چەمچەماڵ	٢،٤٨١،٩١٤،٠٠٠
	کۆی گشتی سلێمانی	**٢٥،٧٢٩،٩٥٦،٥٠٠**
	کۆی گشتی عقاری	**٥٢،٠٦١،٩٩٨،٣٠٠**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

- کار دەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆرو خانەنشین و چارەسەر کردن و چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی دەوام گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە رێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی راژە و ئامادە کردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.
- بەپێی رێنمایی دارایی ژمارە (١٢) بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری/ بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆلینەوە ژمارە (٤٢٢٦) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ بە ماددەی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان/ عێراق و ماددەی (١٨ تا ٢٠) لە پەیرەوی یاسای چاکسازی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٠ بە فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە (٣٨٩٢) لە ٢٠٢٢/٩/١٥ و (١١٨٨٣) لە ٢٠٢٢/١٢/٢٢ هەڵسان بە ووردبینی کردنی دۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەتمان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەربە وەزارەتمان تێبینی کرا (٢٥) بیست و پێنج فەرمانبەری دیوانی وەزارەتمان و (٤٩) چل و نۆ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتمان کە پلە و مەرتەبەی زیادیان وەرگرتووە بە نووسراومان ژمارە (٤٠٣٣) لە ٢٠٢٣/٥/١٤ ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کرایەوە.
- لەکاتی کارکردنی فەرمانبەر مۆڵەتی بێ مووچەیان پێ دەدرێت، دەتوانن تاکو (٥) پێنج ساڵ وەربگرن لە کاتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە دەتوانن (٥) پێنج ساڵی تر وەربگرن بەپێی رێنمایی دارایی ژمارە (١٤) کە بە نووسراوی ژمارە (٢١٤٨٥) لە ٢٠١٥/١٢/٢٠ گشتێندراوە.
- مۆڵەتی کاتی (زمنی) ئاسایی و فەرمی هەیە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەرچوونی کاتیان هەیە.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دووپات دەکاتەوە کە بەردەوامە لە ئەنجامدانی چاکسازی لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی جومگەکانی ناو وەزارەت.

کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە ناو وەزارەت بەم هەنگاوانە:

- لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و لیژنەی (دەستپاکی) هەماهەنگیمان بەردەوامە بە ئاڵ و گۆڕی راپۆرت لە نێوانماندا.

- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ٢٠٢٣ بە شێوەی تەخمینی و پاشان گفتوگۆ کردن لەگەڵ ستافی وەزارەتی دارایی و ئابوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە، و لەکاتی ئێستادا ئامادەکاری دەکەین بۆ پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵانی (٢٠٢٤-٢٠٢٦) لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەتمان لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە، سۆران، زاخۆ).
- ڕێکخستنی ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەت بەپێی ڕێنماییەکان و بە گوێرەی پێویست بە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتمان.
- دوای پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەلایەن بەڕێز جەنابی وەزیر و ڕاپەڕاندنی کارەکان بەشێک لە دەسەڵاتەکان شۆڕکراوەتەوە خوارتر بۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتمان.

بۆ کەمکردنەوەی رۆتین ئەم هەنگاوانەی خوارەوە نراون:

- سەبارەت بە نەهێشتنی ڕۆتین وەزارەتمان کاری پێویستی ئەنجامداوە بۆ سەرداینکار (مراجع) تاوەکو بە باشترین شێوە کارەکانی بۆ جێبەجێ بکرێت و بەبێ جیاوازی بۆ خزمەتکردنی نیشتیمانمان.
- بۆ کەمکردنەوەی رۆتین سەبارەت بە مەشقی هاوینەی قوتابیان و گەشتی زانستی، قوتابی تەنها یەک جار مافی بەشداریکردنی هەیە ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە زۆرترین قوتابی بەشدار بیت لەم مەشق و گەشتانە.

لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەتی هەرێم لە بواری چاکسازی ئەم خاڵانە جێبەجێ کراون:

- لە رووی داراییەوە کۆنترۆڵی تەواو کراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجی لە تەواوی جێبەجێکردنی گشتاندنی دارایی ژمارە (٢) سەبارەت بە خەرجی و داهات و تەواوی خەرجییەکان لە ریگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) جێبەجێ دەکرێت لە دیوانی وەزارەتمان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتمان لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی).
- کاری پێویست کراوە بۆ بەناوخۆیی کردن و زیاد کردنی بەرهەمی ناوخۆ وەک: (گازوایل –نەوتی رەش-بەنزین –(LPG) بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و دابینکردنی بەنزین و نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان بە لەبەرچاوگرتنی باری دارایی هاووڵاتیان و پاڵپشتی کردنیان بە نرخی پاڵپشتی کراو لەلایەن وەزارەتمان.

- وەزارەتمان پابەندە بە جێبەجێکردنی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ژمارە (٧٢٩٢) لە ٢٠٢١/٦/٢٠ بۆ سەپاندنی باج بەسەر ئەو کۆمپانیانەی کە گرێبەستیان هەیە لەگەڵ وەزارەتمان بە رەچاوکردنی کۆمپانیاکانی (١٥٢) کە لیخۆشبوونیان بۆ کراوە.
- وەزارەتمان کاری پێویستی ئەنجامداوە لە رێگەی دامەزراوەی (دیلوت) بە بڵاوکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان بۆ هەر (٣) سێ مانگ جارێک، وەک داهات و خەرجی تایبەت بە کەرتی نەوت و بڵاوکردنەوەی لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتمان لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٢) هەڵساوە بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ تەواوی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەتمان. دواتر کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ تەواوی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی).
- سەبارەت بە سیستەمی قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان و جوتیاران کە زەرەرمەند بوونە بە هۆی کاری کۆمپانیا نەوتییەکان لەسەر زەوییەکانیان ئێمە بەردەوامین لە قەرەبووکردنەوەیان.
- وەزارەتمان بەردەوامە لە پرۆژە بەردەوامەکان بە بوودجەی وەبەرهێنان ساڵی (٢٠٢٣).
- بۆ زیاتر هەماهەنگی وەزارەتمان لەگەڵ کۆمپانیاکان و پاڵاوتگەکان دانانی فەرمانبەرانمان وەک نوێنەری وەزارەت بۆ زیاتر بەدواداچوونی کارەکان.

بۆ بەرزکردنی ئاستی توانای فەرمانبەرانی وەزارەت ئەو کارەانەی خوارەوە کراوە:

١) کردنەوەی خولی ڕاهێنان بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی توانای فەرمانبەران لە تایبەتمەندییە جیاجیاکاندا وەک: (کارگێڕی و ژمێریاری و IT) بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان (KIPA) .

٢) کردنەوەی خولی راهێنان لە دەرەوەی کوردستان (ON LINE-OFLINE) لە وڵاتە جیاجیاکاندا وەک (هۆلەندا، چین، هیندستان) و دەستنیشانکردنی فەرمانبەران بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و پسپۆڕی تایبەت بە ڕاهێنانەکان.

٣) هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە کوردستان کار دەکەن بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنانی تایبەت بە فەرمانبەران لە پسپۆڕییە جیاجیاکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانمان.

٤) کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ وەرگرتنی کورسی ماستەر و دکتۆرا لە ناوەو دەرەوەی هەرێم بۆ پسپۆڕییە جیاجیاکان.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان وەزارتی سامانە سروشتییەکان ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات:

- بۆ بەشداریکردنی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە مەشقی هاوینە و گەشتی زانستی ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢) (١٠٣٤) هەزار و سی و چوار قوتابی.
- سەبارەت بە حکومەتی ئەلیکترونی چەند هەنگاوێکی گرنگ نراوە لە وەزارەتمان وەک سیستەمی (AVL).
- رێکارەکانی پشکنینی تاقیگەیی زۆربەی بە شێوەی (ONLINE) دەکرێت .
- چەند خزمەتگوزارییەک کە وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت وە دانانی لە پۆرتاڵی خزمەت.

https://services>gov>krd/ku/taxonomy/term/٢٠

- سیستەمی ایفاد و سکاڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، و دەستنیشان کردنی (٣) سێ خزمەتگوزاری کە لەلایەن وەزارەتمان پێشکەشکراوە تاوەکو بکرێتە سیستەمی یەک پەنجەرەیی.

وەزارەتی تەندروستی

وەزارەتی تەندروستی

ئاستی چاکسازی:

- ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ تیمی ڕاوێژکاری تەندروستی نێودەلەتی (ئێنرا) بە مەبەستی ڕیفۆرمی سەرتاسەری لە سیستەمی تەندروستی لە کوردستان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی (یاسای بیمەی تەندروستی، یاسای کەرتی گشتی و تایبەت، یاسای نەخۆشخانە تایبەتەکان و یاسای ئەنجومەنی پزیشکی).
- دامەزراندنی سیستەمی ئەلیکترۆنی هیرامس بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە تێیدا هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوە تەندروستییەکان و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کرا لە گشت دەزگا تەندروستییەکان.
- بەئەلیکترۆنی کردنی داتای تەندروستی بە بەکارهێنانی سیستەمی (DHIS۲) بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە تێیدا دەستکراوە بە کۆکردنەوە و دانانی داتای کوتان وەکو سەرەتایەک کە دواتر گشت داتاکانی تەندروستی لە ڕێگای ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنیە کۆ دەکرێتەوە و شیکاری بۆ ئەنجامدەدرێت.
- پتەوکردنی بەئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دەرمان، کە لەکاتی ئێستادا هەموو کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ کوالیتی کۆنترۆڵ لەڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە داواکاری پێشکەش دەکرێت.
- دەرکردنی کۆمەڵێک ڕێنمایی لە سێکتەری تەندروستی دەرکراون کە لە خشتەی خوارەوە خراونەتەڕوو:

ز	ڕێنمایی
١	ڕێنمایی ژمارەی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێنمایی ڕێبەری لە ناوبردن و ڕیسایکل کردنی بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی لە هەرێمی کوردستان.
٢	ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٣ مامەڵەکردنی پاشەڕووی پزیشکی.
٣	ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢٣ دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگا تەندروستییەکان لە کەرتی تایبەت.
٤	ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢٣ دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگا تەندروستییەکان لە کەرتی تایبەت.
٥	ڕێنمایی ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٢٣ کارکردنی کارمەندی تەندروستی بیانی لە کەرتی تایبەت.
٦	ڕێنمایی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێنماییەکانی وەزارەت تایبەت بە شوێنەکانی مەساج لە (هۆتێلی چوار و پێنج ئەستەرەیی) و سەنتەرەکانی سپا.
٧	ڕێنمایی پشکنینی چاو ژمارە ١٣ی ٢٠٢٣.
٨	ڕێنمایی ژمارە ١٤ی ٢٠٢٣ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای پزیشکی دادی ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠١ لە هەرێمی کوردستان.
٩	ڕێنمایی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٢٣ هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارەی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی سیستەمی بڕی نۆرینگە (بدل عیادات).
١٠	ڕێنمایی تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ.
١١	ڕێنمایی هێنان و چاندنی گلێنەی چاو.
١٢	ڕێنمایی هاندانی شیردانی سروشتی و ڕێکخستنی کاری بە بازارکردن و ڕێکلامکردن بۆ شیری وشکی منداڵان لە هەرێمی کوردستان.
١٣	ڕێنمایی تایبەت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی گەدە و بای پاس بۆ تووشبوانی نەخۆشی قەڵەوی.

ئاستی خزمەتگوزاری:

ژ	چی کراوە
١	سازدانەوەی ئامێرە پزیشکیە گەورەکان و ئامێرە هەستیارەکان بە بڕی ٢٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار بۆ ئامێرەکانیC.T scan, MRI, Linac, Cath lab
٢	کۆی گشتی نزیکەی ٣١،٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار بۆ سازدانەوەو دابینکردنی ئامێری پزێشکی.
٣	دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختی لە ئامێدی/ دهۆک ٤٣،٠٠٠،٠٠٠ دولار.
٤	دەستپێکردنەوەی پرۆژەی بنکە تەندروستی پیران-بارزان
٥	دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە ئاکرێ
٦	دروستکردنی نەخۆشخانەی لالاڤ بۆ نەخۆشییە گوزراوەکان لە هەولێر و دهۆک
٧	دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لەنەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی دهۆک
٨	دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی هەولێر
٩	فراوانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە دهۆک
١٠	کردنەوەی تاقیگەی خۆراک لە دەڤەری ڕاپەڕین
١١	زیاتر لە ٤٠ ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرجکراوە بە پاڵپشتی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە
١٢	لە ساڵێکدا زیاتر لە ٩١ هەزار بوتڵی خوێن وەرگیراوە و دراوە بە نەخۆش لە هەرێمی کوردستان
١٣	بڕینەوەی بودجەیەکی ساڵانە بەبڕی ملیارێک و ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی شێرپەنجە لە کوردستان (نانەکەلی، هیوا، ئازادی)
١٤	دروستکردنی پرۆژەی هۆڵی نەشتەرگەری بۆ توشبووانی شێرپەنجە / سلێمانی
١٥	پرۆژەی سەنتەری شێرپەنجەی مەمك / ڕاپەڕین
١٦	دەستبەکار بوونی پرۆژەی دابینکردنی ئامێری لێزەری شێرپەنجە / سلێمانی
١٧	دەستبەکار بوونی پرۆژەی چاندنی مۆخ / هەولێرکۆی گشتی پرۆژە بەردەوامەکانی سندوقی کۆمەک ٣٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار
١٨	نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی ڕزگاری لە هەولێر و ئازادی لە دهۆك و بانکی خوێن لە هەولێر بە گوژمەی (١،٣٩٣،٦٦١،٠٠٠) دینار.
١٩	دابینکردنی دەرمان بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٥٥،٨٨٢،١٢٨.٠٠٠) دینار لە ساڵی ٢٠٢٢
٢٠	دابینکردنی پێداویستی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٨٦٧،٥٢٨،٠٠٠) دینار لە ساڵی ٢٠٢٢
٢١	ئامێرەکانیRT-PCR دابینکران لەکاتی ئێستادا ٢٦ تاقیگە پشکنین لە کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیانی گومان لێکراو ئەنجام دەدەن. هەتا ئێستا (٤٦١،٧٣٨) پشکنین ئەنجام دراوە کە لە ١٠.٢٪ پۆزێتف درەچووە.
٢٢	(١٥٩) ئامێرێ هەناسەی دەستکرد تایبەت بە پێشکێشکردنێ خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی کوڤێد- لە ئێستا لە کارن و (٧٢) پلان کراوە بۆ ئەم مەبەستە و زیاتر لە (٨٥) ڤینتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کڕاون.
٢٣	دامەزراندنی ٣ کارگەی ئۆکسجین نەخۆشخانەکانی (ئازادی، فریاکەوتنی ئازادی، گوڵان)
٢٤	دروستکردنی نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختی ئامێدی (شیلادزێ).
٢٥	نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستیەکانی (باعدرێ، شیلادزی) و نەخۆشخانەی سوتان و فریاکەوتنی ١٢٢ باعەدرێ.
٢٦	فراوانکردن و دابینکردنی ئامێری پزیشکی بۆ بەشی هەناوبینی نەخۆشخانەی ئازادی
٢٧	دروستکردنی سەنتەری چاندنی مۆخ
٢٨	دابینکردنی ئامێری ستی سکان بۆ زاخۆ
٢٩	دابینکردنی کارگەی ئۆکسجین و سیستەمی ئۆکسجین و سیستەمی گازی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی شەهید د. خالد.
٣٠	دروستکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە ڕانیە
٣١	دروستکردنی سەنتەری دەستنیشانکردنی شیرپەنجەی مەمك
٣٢	پەرەپێدانی توانای کارمەندانی تەندروستی لە بواری خۆپارێزی و چارەسەری کە کۆی ٢٩٣٧ کارمەندی تەندروستی ڕاهێنراون لە ١٣٠ خولی ڕاهێناندا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕاهێنانێک بۆ ٢٥ ڕاهێنەران (TOT) لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەنجامدارا لەم بوارەدا

ئاستی دارایی و ئابووریدا:

- بەهەدەردان لە خەرجییەکان بەڕێژەی سەدا ٢٠٪ کەمی کردووە و ڕێکاری پێویست ئەنجامدراوە بۆ ڕێگری کردن لە بەهەدردانی پارە ئەوەش لە ڕێگای هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ خۆبەخشان و خێرخوازان و ڕێکخراوەکان.
- داهاتی وەزارەت بەردەوامە لە زیادکردن بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابڕدوو ئەوەش بەهۆی پتەوکردنی ڕێکارەکان و پێبژارکردنی سەرپێچیەکان لە کەرتی تەندروستی.
- کەمکردنەوەی بەشێك لە خەرجییەکانی چاککردنەوەی ئامێرە پزیشکییەکان، ئامانج لەم ڕێکارە کەمکردنەوەی ئەرکی دارایی سەر ئەستۆی حکومەت و کەم کردنەوەی زێدەڕۆیی.

ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- وەزیری تەندروستی بەشداری کردووە لە لیژنەی باڵای عێراق (خلية الأزمة) لەسەر ئاستی باڵا لە شاری بەغداد و پێشنیار و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستانی گەیاندووە و لە ناوەڕۆکی بڕیارەکان جێگێر کراوە.
- وەرگرتنی بەشێك لەو هاوکاریانەی کە دەگاتە دەست حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەك پشکی هەرێمی کوردستان.

پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا:

- لەگەڵ زۆربەی کونسوڵی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندی و لێکتێگەشتنی باش هەیە و بەشێکیان زۆر چالاکن و هاوکاریشیان گەیاندۆتە وەزارەتمان لەوانە کونسوڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کونسوڵی ئیماڕات، کونسوڵی کۆریای باشوور، کونسوڵی ئوردن، کونسوڵی تورکیا، نوێنەری یەکێتی ئەوروپا، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بەشێك لە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر.
- بۆ یەکەمین جار بەشداری کردن لە کۆنگرەی جنێف وەکو هەرێمی کوردستان.
- پتەو کردنی پەیوەندییەکان لە کەرتی تەندروستی لەگەڵ وڵاتی ئوردن و ئەنجامدانی دیداری هەفتە لە ڕێوڕەسمێکی شیاو و گەورەترین ئیڤنتی تەندروستی ساڵ بۆ شاندی فەرمی وەزارەتی تەندروستی ئوردن لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی عێراقی فیدراڵ.

ئاستی کارگێڕی:

- دابەزاندنی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی و دارایی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
- کەمکردنەوەی ڕۆتینە کارگێڕییەکان لە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی دایکایەتی.
- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زاخۆ.
- ڕێکخستنەوەی هەیکەلییەتی وەزارەتی تەندروستی بەشێوازێکی زانستی و کارامەیی بەشێوەیەک ئەو بەشە و هۆبانەی کەوا پێویست نین لابراون یان ئاستیان نزمکراتەوە بۆ یەکە.

وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە

لە ئاستی چاکسازیدا:

١) بەسەرکردنەوە و چاودێری وردی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان:

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەرتی تایبەت لە پەروەردەدا و پاراستنی مافی هاووڵاتیان لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن بە کوالێتیەکی بەرز و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان نرخی خوێندن و جۆری خزمەتی پێشکەشکراو، هەموو ئەو دامودەزگا پەروەردەییانەی کەرتی تایبەت کە خاوەن مۆڵەتن و لە کاردان لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵاوە بەسەر دەکرێنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەڕێوەچوونی کارەکانیان بەراورد دەکرێن بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و کەموکوڕی و سەرپێچی، لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا (١٣٠) سەردان کراوە کە (٩٩) سەرپێچیان تۆمار کردووە.

کۆی گشتیی	سەردان١٣٠	٩٩ سەرپێچی

٢) هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان:

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەم بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی میلاکی سەرپەرشتیاران لە پارێزگاکان ڕەزامەندی (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان) بەدەستهێنراوە بەمەبەستی تەرخانکردنی (٣٨١) پلەی سەرپەرشتیاری، بۆ ئەم مەبەستە ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەو سەرپەرشتبارانە کۆتایی هاتووە.

٣) سزادانی سەرپێچیکاران لە بواری خوێندنی ناحکومی:

بەمەبەستی چاکسازی لە بواری خوێندنی ناحکومیدا پاش بەدواداچوونی دەستنیشانکردنی سەرپێچیەکانی باخچە و قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان و پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکانی وەزارەت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی دراوە بە وەزارەت بە بڕی (٢٨٥،٠٠٠ ملیۆن دینار) سزای ئەو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیانەمان داوە کە سەرپێچیان کردووە لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٩٩) قوتابخانە و باخچە و پەیمانگەیە.

ژمارەی ناوەندی خوێندنی ناحکومی کە سەرپێچیان کردووە	بڕی سزا
٩٩ نەوەد و نۆ	٢٨٥،٠٠٠،٠٠٠ دووسەد و هەشتا و پێنج ملیۆن دینار

٤) چاکسازی لەبواری فێرکردنی پیشەیی:

- وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی داوە بە (٤٠٧) چوار سەد و حەوت پەیمانگەی پیشەیی بەمەبەستی بڕەودان بە توانای پیشەیی هاووڵاتیان بە گشتی و گەنجان بەتایبەتی، لەساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەم بوارەدا

بڕی (٥٦،٥٠٠،٠٠٠) پەنجا و شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار سزای ئەو پەیمانگە پیشەییانە دراوە کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی وەزارەتیان کردووە.

- دانانی بەرنامەیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی کۆمەڵگە پیشەییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت (p.p.p).
- ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئاستی پرۆژەی تەشریع و ڕێنمایی و ڕێبەر:

- بەرکاربوونی یاسای پەروەردە و فێربوون.

پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن:

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا چەندین پرۆگرامی خوێندنمان (ئامادەکردووە، وەرگێڕاوە، گونجاندوە، گۆڕیوە)، جگە لەمانە لیژنەی باڵا پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن کە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

گرنگیدان بە کوالێتی:

دەرفەتی خوێندنی باڵا:

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا توانراوە (٤٧٥) مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی (دبلۆمی باڵا- ماستەر - دکتۆرا) ببەخشرێتە مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەت لە چوارچێوەی ڕێنماییە بەرکارەکاندا.

پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن (بە ئەلیکترۆنیکردن):

١) پۆستی ئەلیکترۆنی:

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەم تەواوی نووسراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەگاتە وەزارەت و پشت بە پۆستەی دەستی نابەسترێت، هەروەها لە پەروەردەی قەزاکانەوە نووسراوەکان بە ئەلیکترۆنی دەنێردرێن بۆ پەروەردە گشتییەکان، لەسەر ئاستی پەروەردە و قوتابخانەکانیش، سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئەلیکترۆنی نووسراوەکانیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان دەکەن، لە دوا هەنگاویشدا سەرجەم نووسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە دیوانی وەزارەت و نووسینگەی وەزیر ئەلیکترۆنی کراون و واژووی

ئەلیکترۆنیش لەسەر نووسراوەکان دەکرێت، واتە پۆستی کاغەز لە وەزارەتی پەروەردە نەما و هەمووی بووە ئەلیکترۆنی.

٢) ژووری سکاڵا و بەدواداچوون:

بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە هاووڵاتی و پەروەردەکاران و بەخێوکار و کەسوکاری قوتابیان و کەمکردنەوە بەربەستەکان لەنێوان وەزارەت و خەڵکدا، وەزارەت ژوورێکی تایبەتی بەچەند هێڵێکی گەرمی دامەزراندووە، کە بەردەوام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەخزمەت خەڵکدا بێت، ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیار و ڕایەکانیان وەربگیرێت و بەدواداچوونیان بۆ بکات بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕازیکردنی هاووڵاتیان، بەمەش سیستەمی چاودێریکردن توندوتۆڵتر دەبێت و متمانەی خەڵکیش بە وەزارەت و حکومەت تۆکمەتر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا (١٢٨٠) سکاڵا و پێشنیارمان بەدەست گەیشتووە و وەڵامی پێویست دراونەتەوە و مانگانەش ڕاپۆرت دەدرێت بە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەمجۆرە:

جۆر	ساڵی چوارەم
سکاڵا	٥٧٠
پێشنیار	٧١٠
کۆی گشتی	**١٢٨٠**

دەرفەتی هەلی کار:

بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان لە کوڕان و کچانی دەرچووی زانکۆکان، وەزارەت ڕێنمایی پێویستی دەرکردووە بۆ دامودەزگاکانی پەروەردە لە کەرتی تایبەتدا کە نابێت ڕێژەی مامۆستایانی کەرتی گشتی (ئەوانەی میلاکی وەزارەتن) لەلایان (٢٠%)ی میلاکیان ڕەت بکات، بەمەش هەلی زیاتر بۆ گەنجانی بێکار دەڕەخسێت، هەروەها فەرمانێکی وەزاری دەرچووە بۆ ئەوەی سەرجەم باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان پابەندبن بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەت تایبەت بەدانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێویست بەجۆرێک بۆ هەر (١٥٠) قوتابیەک ڕێنماییکارێک دابنرێت، لە ساڵی چوارەمدا بەپێی بەدواداچوون لەم بوارەدا هەلی کار بۆ (٢١١٥) لە هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆس و دبلۆم و خوار ئەمان) لە مامۆستا و فەرمانبەر و ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە تێکڕایان دانەمەزراون لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕەخساوە.

چارەسەرکردنی وازهێنان لەخوێندن و گەڕانەوە بۆ فێربوون (Back to learning):

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف، هەڵمەتی گەڕانەوەی بۆ قوتابخانەی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر وەك پرۆژەیەکی ئەزموونی (pilot)

دەستپێکرد، ئامانج لە پرۆژەکە دەستنیشانکردن و دواتر گەڕاندەنەوەی ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاون یاخود هەر نەچوونەتە بەر خوێندن، سەرەتا دەست کرا بە دانانی داتابەیسێك بەناونیشانی (www.backtolearning.com) بە هەرسێ زمانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەوەی ستافی مەیدانی لە کاتی گەڕان بەدوای منداڵان بتوانن زانیارییەکان ڕاستەوخۆ داخلی نێو ئەم داتابەیسە بکەن، لە هەنگاوی دووەمیشدا دەست کرا بە ڕاهێنانی تیمی مەیدانی لەلایەن ستافی ڕێکخراوی یونسێف، لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا (٤٥٣٧) قوتابی گەڕێندراونەتەوە بەر خوێندن.

خولەکانی ڕاهێنان:

١) لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا، وەزارەتی پەروەردە (٦٠٠) مامۆستای ڕاهێنەری لە ڕێگەی خولی تایبەتەوە لە بواری پێداگۆجی ئامادەکرد، بۆ ئەوەی ئەم ڕاهێنەرانە ڕاهێنان بە سەرجەم مامۆستایانی قوتابخانەکان بکەن بە جۆرێک لەمەودوا هەر مامۆستایەک دەبێت (٣٠) کاتژمێر ڕاهێنان وەربگرێت.

٢) کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ (٢٨٢٥) مامۆستا و سەرپەرشتیار و فەرمانبەر.

دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی باخچە و قوتابخانەکان:

لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا چەندین باڵەخانەی قوتابخانە و باخچەی منداڵان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دروستکراون و نۆژەنکراونەتەوە، سەرچاوەی تەمویلی ئەو پرۆژانە هەندێکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و هەندێکی دیکەیان لەلایەن ڕێکخراوەکان و کەسانی بەخشەر و وەبەرهێنەران بووە، بەمجۆرە:

" ئاماری دروستکردنی باخچەی منداڵان و قوتابخانە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا "

ز	پەروەردەی گشتیی	بینای قوتابخانەی تەواوکراو	بینای باخچەی تەواوکراو
١	هەولێر	٢	٨
٢	سلێمانی / ئیدارەی ڕاپەڕین	١	٢
٣	دهۆک / ئیدارەی زاخۆ	١	٣
٤	هەڵەبجە	١	-
٥	گەرمیان	-	١
کۆی گشتیی		٥	١٤
١٩باخچە و قوتابخانە			

ئاماری نۆژەنکردنەوەی باخچە و قوتابخانەکان

ئاماری نۆژەنکردنەوەی باخچە و قوتابخانەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەشێوەی گشتگیر و بەشی (جزئی) لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا:

ز	شوێن	ژ. باخچە و قوتابخانەی نۆژەنکراو	
		گشتگیر	بەشی (جزئی)
١	هەولێر	١٥	٥٢
٢	سلێمانی / ئیدارەی ڕاپەڕین	١٢	٤٨
٣	دهۆک / ئیدارەی زاخۆ	١٩	٣٢
٤	هەڵەبجە	٩	٢٤
٥	گەرمیان	٨	٢٢
	کۆی گشتی	**٦٣**	**١٧٨**
	کۆی گشتی		**٢٤١**

ڕوونکردنەوە لەسەر دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە:

یەکەم: ڕێکخراوی **(koica)** کۆیکا بۆ ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و نۆژەنکردنەوەی (٢٠) قوتابخانە لە پارێزگای هەولێر بەبڕی (١٢،٥٠٠،٠٠٠) دۆلار.

دووەم: دروستکردنی (٢٤٦) ژووری نوێ بۆ قوتابخانەکان.

سێیەم: وەزارەتی پەروەردە بەردەوام لەسەر هێڵە لەگەڵ بەخشەر و سەرمایەداران بەمەبەستی هاندانیان بۆ دروستکردنی باڵەخانە بۆ ناوەندەکانی خوێندن.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

باری پرۆژە	جۆری بوودجە	جۆری پرۆژە	ژمارەی پرۆژە	گوژمەی گشتی (ملیۆن دینار)
تەواو بووەکان	بوودجەی وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٣	٧٩٣
بەردەوامەکان	بوودجەی وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٧٨	٢،٠١٣،٤٩٩
	بوودجەی وەبەرهێنان	بیناسازی و نیشتەجێکردن	٤٥	٣٨٧،٣١٨
تەواوبووەکان	بوودجەی ئاسایی	ڕێگاوبان	٥٧	٥،٢٤٨
بەردەوامەکان	بوودجەی ئاسایی	ڕێگاوبان	٧٦	١٠،٥٦٧
تەواوبووەکان	بوودجەی داهات	ڕێگاوبان	٣٦	٣،٣٧١
بەردەوامەکان	بوودجەی داهات	ڕێگاوبان	١٦	٢،٢١٩
چالاکی جۆراوجۆر	خول - ڤورک شوپ- سیمینار		١٩	
	ژمارەی بارهەڵگری کێشراو لە وێستگەکانی کێش کردن		٣،٢٢٣،١٨٤	
	ژمارەی پشکنینی کەرەستەکانی بیناسازی لە تاقیگەکانی بیناسازی		٥٦٨،٤٧٦	

پرۆژە تەواوبووەکانی ڕێگاوبان لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان:

ژ	کۆدی پرۆژە	ناوی پرۆژە	پارێزگا	گوژمەی گشتی (ملیۆن دینار)	درێژی ڕێگا / کم
١	٢١-١١-٠٠٠١	دروستکردنی ڕێگای گوندی باشووری خواروو لە ناحیەی باسترمە بەدرێژی ٢,٧کم	هەولێر	٢٨٦	٢,٧٠
٢	١٠-١١-٠٠٧٠	گەیاندنی کارەبا بۆ تونێلی سەلاحەدین	هەولێر	٣٣٣	
٣	٢١-١١-٠٠٠٤	دروستکردنی ریگای گوندی ئەللاهی بە درێژی (٢کم) لە قەزای بەردەرەش	دهۆك	١٧٤	٢
	کۆی گشتی پرۆژە تەواوبووەکانی بوودجەی وەبەرهێنان			**٧٩٣**	**کم ٤,٧**

پرۆژە بەردەوامەکانی ڕێگاوبان لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان:

ژ	ناوی پرۆژە	پارێزگا	گوژمەی گشتی (ملیۆن دینار)	خەرجی گشتی (ملیۆن دینار)	لایەنی جێبەجێکار
١	ڕێگای کۆرێ - شەقڵاوە - مامە جەلکە - قەندیل + دوو تونیل ٥١کم	هەولێر- شەقڵاوە	٢٨٠،٩٠٣	٢٤٦،٩٢٥	یۆکسلی ترکی
٢	دروستکردنی ڕێگای دووسایدی هەولێر - کۆیە بە درێژی (٢٠,٦) کم (قۆناغی یەکەم)	هەولێر - کۆیە	٩١،٧٢٦	٤٨،٠٢٣	سەرسیر لە پلان دەلتا
٣	دروستکردنی ڕێگای دووسایدی هەولێر - کۆیە بە درێژی (١٦,٥) کم (قۆناغی دووەم)	هەولێر - کۆیە	٧٧،٥٧٠	١٩،٦٠٥	سینك گروپ + یورساس

٤	دروستکردنی ڕێگای دووسایدی چۆمان - حاجی ئۆمەران (١٦،٦٦٥)کم.	هەولێر - چۆمان	٥٢،٣٣٢	٢٢،٤٣٠	سافۆر
٥	دروستکردنی ڕێڕەوی دووەمی ڕێگای (هەڵەبجە -سیدصادق) بە درێژی٢٨،٨کم	سلێمانی- هەڵەبجە	٩١،٠٥٠	٨٨،٦٢٧	ئیکینجلەر
٦	دروستکردنی سایدی دووەم بو ڕێگای، ئاکرێ، قەندیل و سەخبێرکردنی سایدی مەوجود بە درێژی ٩کم قوناغی یەکەم.	دهۆک - ئاکرێ	١٤،١٠٠	١٢،٧٨٩	مللەت +٧٣٠
٧	دروستکردنی ڕێگای دهۆك - هەولێر بەشی چرە- روڤیا - بەردەرەش بە درێژی ٢٩،٥ کم	دهۆک- بەردەرەش	٣٨،٦١٣	٣٤،٧٨١	انجل و جیلان
٨	دروستکردنی سایدی دووەم بو ڕێگای، ئاکرێ، قەندیل و سەخبێرکردنی سایدی مەوجود بە درێژی ١٠کم قوناغی دووەم	دهۆک - ئاکرێ	١١،٧٠١	١٠،٤٦٦	ئوزان
٩	دروستکردنی ڕێگای ابراهیم خلیل، دێرەبین، مفرق سحێلە بە درێژی (١٤)کم	دهۆک - زاخۆ	٣٩،٦٠٨	٣١،٣٤٤	هەکار و پەکەر
١٠	کرینی ئامێر (کریدر کوماتسو٦) (ئۆتۆمبیلی قلاب سکس ویل٤) (ناقلە قیر سکس ویل ١٦ تەن٢) (ئۆتۆمبیلی رشاش القیر٢)(حادلە مرکبە١٠) (حادلە چلف٤) (چاغگە هواو٣) (ئۆتۆمبێلی تانکر ماو٤) (قۆناغی٢).	دهۆک - دهۆك	٦،٥٥٧	٤،٤٨٠	کەهی
١١	فرێدانی خۆڵ و بەردی دارماو لەگەڵ پەرژینی پاراستن بۆ دورگەی ناوەڕاست لە پرۆژەی بەستنەوەی ڕێگا و توێڵی سەلاحەددین - کۆڕێ لەگەڵ ڕێگای (کۆڕێ - قەندیل) لە ویستگەی (٢+٠٣٢) تاوەکو (٤+٠٠٠)	هەولێر - شەقڵاوە	٣٤١	٠	ڕاستەوخۆ
١٢	گەیاندنی کارەبا بۆ تونێلی سەلاحەددین .	هەولێر - شەقڵاوە	٣٣٣	١٨٣	ڕاستەوخۆ
١٣	دروستکردنی موقتەرەباتی پردی گوندی کوسە بەدرێژی ٣،٥کم	دهۆك - زاخۆ	٨،٦٠٩	١،٥٩٨	مساش
١٤	دروستکردنی ڕێگای گوندی (کاولان - کۆلەکا - گرگال) بە درێژی (٦،٥)کم	هەولێر- مێرگەسور	٢،٩٠٤	٢،٥٩٥	قەندیل
١٥	دروستکردنی ڕێگای دوو سایدی (دوکان- چوارقورنە) لەگەڵ پردەکان و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکە لە وێستگەی (٣٥+٠٠٠) کم بۆ (٥٣+٥٨٠)کم بە درێژی (٤٠)کم (قۆناغی یەکەم)	سلێمانی - دوکان	٥٢،٥١٨	٤٨،٩٣١	usas
١٦	دروستکردنی ڕێگای سایدی دووەمی (وارماوا- زەرایان - دەربەندیخان) نۆژەنکردنەوەی سایدە کۆنەکە بە درێژی ٢٦ کم/ قۆناغی یەکەم لە وێستگەی (٠+٠٠٠) بۆ (١٧+٦٠٠) کم	سلێمانی - دەربەندیخان	٤٧،٥٦٦	٣٧،٣٥٧	پورنام+قەڵا
١٧	چاککردنەوە و قیرتاو کردنی ڕێگای نێوان سێ ڕێیانی باعەدرێ - چوار ڕیانی شیف شیرین.	دهۆک - شێخان	٦،٥٣٦	٠	هەکار و پەکەر
١٨	دروستکردنی ئاوەڕۆی گوندی هەفتەغار	هەرێم	٢٣١	٠	الشرق الاقصی
١٩	دروستکردنی تونێلی چیای بەنی هەریر نزیک کەرەوەکان لە وێستگەی (٦٠٠ +٣ بۆ ١٥٠+٨)	هەولێر - شەقڵاوە	١٥٠،٠٠٠	٨١،٨٢٧	یارتاش
٢٠	ڕاوێژکاری ڕێگا و تونێلی گشت پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە	هەولێر - کۆیە	٣،٥٠١	٢،١٤٨	هەرازراوە + تیک مەپ
٢١	دروستکردنی ڕێگا و تونێلی (هەیبەت سولتان) بە درێژی (٤،٦)کم	هەولێر - کۆیە	١٧٨،١٧٩	٢٣،٢٨٨	ستراتۆس
٢٢	چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی (هەولێر- خەبات) (سایدی چوون) بە درێژی ٢٠کم .	هەولێر - خەبات	١٠،٦٩٢	١،٩٩٤	٧٧

٢٣	دروستکردنی ڕێگای سایدی دووەمی (دوکان- چوارقورنە) لەگەڵ پردەکان لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی سایدە کۆنەکە/ قۆناغی دووەم / ١٩کم	سلێمانی - دوکان	٥٦،٦٥٨	٣٢،٦٩٨	سروشتی هیران
٢٤	دروستکردنی ڕێگای گوندی باخرنیف - زێوا شەفیق بە درێژی ٩،٥ کم	دهۆك	٥،٣٣٥	٩٣١	ڕاستەوخۆ
٢٥	قیرتاوکردنی ڕێگای (پڵنگان -وەرتێ- هەواری مەکێ) / قۆناغی دووەم بەدرێژی ١٢،٤کم	ڕاپەڕین - ڕانیە	٤،٨٠٥	٤،٢١٥	چرۆ
٢٦	قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی ناوەوەی گەڕەکی شەهیدان لە گوندی قەرەبەگ.	هەرێم	١،٣٢٩	٧٣٨	خواکورک
٢٧	دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی هەولێر - کۆیە بە درێژی (١١،٥٨٦) کم لە وێستگەی (٠٠٠ + ٤٥ - ٨٦٠ + ٣٦) و دوو سایدی دەروازەی شاری کۆیە (٤٤٨ + ٣ - ٠٠٠ + ٠) قۆناغی سێیەم.	هەولێر - کۆیە	٥٠،٠٠٠	٧،٠٦٠	اباد راهان پارس
٢٨	دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی هەولێر- کۆیە بە درێژی (١٣،٢٥) کم لە وێستگەی (٢٥٠ + ٥٨ - ٠٠٠ + ٤٥) قۆناغی چوارەم	هەولێر - کۆیە	٦٣،٩٦٥	٧،٥٧٢	اباد راهان پارس
٢٩	دروستکردنی پردی شانەدەری ڕێگای سەید صادق - پێنجوین لە وێستگەی پێنجوین (٠٠٠ + ٠) بۆ (٦٠٠+ ١٨).	سلێمانی – سەید سادق	٦،٠٠٠	٥،٢٩٢	پەری شاد
٣٠	ڕووپێوی ئەندازیاری و جیۆلۆجی و دیزاین بۆ پرۆژەکان (ڕێگا - پرد - تونێل - ئاوبارە-بای پاس بۆ شارۆچکەکان) بۆ ناوچە جیاجیاکان	سلێمانی	٣،٤٨٦	٢٩٩	سکیما کۆنسولت
٣١	دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای (کەلار - کفری) لە وێستگەی (٨+١٠٠) بۆ (٣٣+٧٠٠) کم	گەرمیان - کفری	٥٣،٩٨٠	٤١،٤٥٧	نیمرخ + فاراب
٣٢	دروستکردنی پردی (دەربەندی ڕانیە - بنگرد) بە درێژی (٤٢٠م)	ڕاپەڕین - ڕانیە	١٣،٩٤١	٧،٩٠٧	ئامانج + کاریول
٣٣	چاککردنی ڕێگای ناو دەربەندی سەرتەک بەدرێژی ٧٥٠م	گەرمیان- خانەقین	٤٣٣	٢٢٥	گەشتی گەردوون
٣٤	دروستکردنی ڕێگای (کەلار -دەربەندیخان)	گەرمیان - کەلار	١٣٧،٧٦٢	٩٢،٤٠٥	بێشکان
١٠	کۆکردنەوە و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەرۆکایەتی شارەوانی(خەبات، کەورگوسک، ڕزگاری، سفەییە، شاخۆلان)	پرۆسەی تەندەرینگ و ئەنجامدانی گرێبەست
١١	کۆکردنەوە و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەرۆکایەتی شارەوانی(قوشتەپە، شەمامک)	پرۆسەی تەندەرینگ و ئەنجامدانی گرێبەست
١٢	کۆکردنەوە و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەرۆکایەتی شارەوانی (کۆیە، تەق تەق، شۆرش، ئاشتی، سێگردکان، سکتان)	پرۆسەی تەندەرینگ و ئەنجامدانی گرێبەست
١٣	کۆکردنەوە و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەرۆکایەتی شارەوانی (شقڵاوە، هەریر، باسرمە، بالیسان، هیران، کۆڕێ)	لە ڕێگای هەمواری گرێبەست
١٤	کۆکردنەوە و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەرۆکایەتی شارەوانی (پیرمام، بەستۆرە، مەلائومەر، دارەشکران)	پرۆسەی تەندەرینگ و ئەنجامدانی گرێبەست

٤) چالاکی ئاو و ئاوەڕۆ:

- وزارەتی شاروانی و گشتوگوزار لە ڕێگەی پرۆژە ستراتیجییەکانی ناسراو بە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو (WTP) کە ژمارەیان ٨١ پرۆژەی قەبارە جۆراوجۆرە، هەروەها لە ڕێگەی ٥٧٨٧ بیری ئاو، ڕۆژانە بڕی (٢،٦٨٤،٦٠٦ م٣) دوو ملیۆن و شەش سەد و هەشتا و چوار هەزار و شەش سەد و شەش مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا، ئاوی پاکی خواردنەوە بەرهەم دەهێنێت.
- هەروەها ڕۆژانە ئاو لە ڕێگەی پرۆسەی تەنکەرینەوە، ئاوی پاکی خواردنەوە دەگەیەنرێتە ئەو گوند و ناوچانەی تا ئێستە نەتوانراوە پرۆژەی ستراتیجی ئاو یان بیری ئاویان پێ بگەیەنرێت.
- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، ڕۆژانە خزمەتگوزاری کردنەوەی هاوبەشی ئاو پێشکەش بەو هاووڵاتییانە دەکەن کە خانوو و باڵەخانە دروست دەکەن. تاوەکوو ئێستا توانراوە **(١٠٣٠٤٠٨)** یەك ملیۆن و سی هەزار و چوار سەد و هەشت هاوبەش تۆمار بکرێن و مۆڵەتیان پێ بدرێت.
- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، ڕۆژانە خزمەتگوزاری بەستن و چاککردنەوەی پێوەر پێشکەشی هاووڵاتییانی کوردستان دەکەن.

وردەکاری ژمارەی هاوبەش و پێوەری بەستراو و نەبەستراو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان		
ژمارەی هاوبەشانی ئاو	ژ. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان بەستووە	ژ. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە
١٠٣٠٤٠٨	٨٥٠٠٣٣	١٨٠٣٧٥

وردەکاریی ژمارەی هاوبەش و پێوەری بەستراو و نەبەستراو بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان:

زۆنەکان	ژ.هاوبەشانی ئاو	پێوەر	بێ پێوەر
بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر	٢٧٩٤٩٥	٢٥٣٨٥٢	٢٥٦٤٣
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر	٥٣٧٥٠	٣٧٥٤٢	١٦٢٠٨
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە	٢٠٨١٤	١٧٠٨٢	٣٧٣٢
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران	٣٠٩١٣	٢٧١٢١	٣٧٩٢
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی	١٨٣٥٥٥	١٦١٧٧١	٢١٧٨٤
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی	١١٢١١٣	٦٢٥٤٢	٤٩٥٧١
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەرین	٦٩٠١٠	٥٧١١٤	١١٨٩٦
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە	٢٥٠٦٢	١٩٧٩٩	٥٢٦٣
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان	٢٠٠٤٥	١٥٣٨٠	٤٦٦٥
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار	٢٧٢٠٩	٢٣٦٤٤	٣٥٦٥
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک	٧٣٨٩٣	٦٥٩١٤	٧٩٧٩
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری دهۆک	٨٠٣٠٩	٦٣٢٥١	١٧٠٥٨
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی زاخۆ	٣٩٦٤٠	٣٢٢٩٣	٧٣٤٧
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ئاکرێ	١٤٦٠٠	١٢٧٢٨	١٨٧٢
کۆی گشتی	**١٠٣٠٤٠٨**	**٨٥٠٠٣٣**	**١٨٠٣٧٥**

پارێزگای هەولێر ژمارەی هاوبەشانی ئاو (٣٥٤,٠٥٩)و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (٣٠٨,٤٧٦) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (٤٥,٥٨٣) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



پارێزگای سلێمانی ژمارەی هاوبەشانی ئاو (٢٩٥,٦٦٨) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (٢٢٤,٣١٣) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (٧١,٣٥٥) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



پارێزگای دهۆک ژمارەی هاوبەشانی ئاو (١٦٨,٨٠٢) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (١٤١٨٩٣) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (٢٦,٩٠٩) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



پارێزگای هەڵەبجە:



ئیدارەی گەرمیان:



ئیدارەی ڕاپەڕین:



ئیدارەی سۆران:



ئیدارەی زاخۆ:



- ئەنجامدانی پشکنینی ئاو بۆ شیکارەکانی کیمیایی و فیزیایی و بەکتریۆلۆجی کە لەم دوو خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

ئاماری کۆتایی پشکنینی ئاو بۆ شیکارەکانی کیمیایی و فیزیایی بۆ گشت بەڕێوەبەراییەتیەکانی ئاو

ژ	بەڕێوەبەرایەتییەکان	ژمارەی پشکنین
١.	**بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر**	١٢٨٩٨
٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر	٠
٣.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە	١٢٨٩٨
٤.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران	٠
٥.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی	١٢٨٩٨
٦.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی	٠
٧.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەرین	١٢٨٩٨
٨.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە	٠
٩.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان	١٢٨٩٨
١٠.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار	٠
١١.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک	١٢٨٩٨
١٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری دهۆک	٠
١٣.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی زاخۆ	١٢٨٩٨
١٤.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ئاکرێ	٠
	کۆی گشتی	**٩٠٢٨٦**

ئاماری کۆتایی پشکنینی ئاوی بەکتریۆلۆجی بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو

ژ	بەڕێوەبەرایەتییەکان	ژمارەی نموونەی ئاوی وەرگیراو	ژمارەی پشکنین	ژمارەی کلۆرکراو
١.	بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر	١٩٢٣	٣٨٤٦	١٥١٧
٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر	١٤٦٠	٤٣٨٠	١٢٧١
٣.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە	٩٢٠	١٨٤٠	٨٥٣
٤.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران	٨١٧	١٦٣٤	٦٧٢
٥.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی	٢٦٢٩	٥٢٥٨	٢٦٠٨
٦.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی	٤٣٢	٨٦٤	٤١٩
٧.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەرین	٥٣٠	١٠٦٠	٤٩٥
٨.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە	٧٦٩	١٥٣٨	٧٦٨
٩.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان	٣٢٣	٦٤٦	٣١٠
١٠	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار	٢٥٥	٥١٠	٢٤٨
١١	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک	٨٣٠	١٦٦٠	٧٩٨
١٢	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری دهۆک	٥١٢	١٠٢٤	٤٧٣
١٣	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی زاخۆ	٠	٠	٠
١٤	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ئاکرێ	٢٦١	٢٦١	٢٤٥
	کۆی گشتی	**١١٦٦١**	**٢٤٥٢١**	**١٠٦٧٧**

٥) چالاکی گەشتوگوزار:

- وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر جێبەجێکردنی (پلانی دەستەی گەشتەگوزار) لە کۆبوونەوەی ژمارە ٨٣ کە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٥ ئەنجام درا، کە دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی سێکتەری گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان.
- ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پڕۆژەکانی گەشتیاری تیکەڵاو کە لە ئیستادا نێردراوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پەسەندکردنی، مەبەست لەم ڕێنماییە هاندانی وەبەرهێنەرانە بۆ زیاتر ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاری و کە لەئەنجامدا داهاتی گەشتیاری بەرز دەبێتەوە بە پڕۆژەی ناوازە و ئاست بەرز و هەمەچەشن کردنی چالاکییە گەشتیارییەکان لە ناوەندی شارو قەزا گەشتیارییەکان.
- ڕاگەیاندنی پڕۆژەی دەرفەتی کار بۆ ڕێبەری گەشتیاری، کە دوای ڕاگەیاندنی نزیکەی ٣٥٠٠ کەس داوای پێشکەش کرد، لە ئیستادا پۆلینی سیڤی پیشکەشکاران دەکرێت بە مەبەستی پێدانی ناسنامە و خستنە سەر کاریان دوای هەڵسەنگاندن و ڕاهێنان و ئامادەکردنیان.

- ئەنجامدانی توێژینەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، ئەم لێکۆڵینەوە تایبەت بوو بە گەشەپیدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان هاوکات ئاستەنگەکانی بەردەم بەرەو پێشچوون و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان خراوتە ڕوو.
- دانانی نەخشەڕێگای چاکسازی کەرتی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان بە هاوکاری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە عێراق.
- ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی گەشتیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (UPP) ئیتاڵی.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری سۆران، زاخۆ و ڕاپەڕین.
- کارکردن لەسەر دانانی نەخشەی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی دەستەی وەبەرهینانی هەرێم کە لە ئیستادا دەرخستە ئامادە کراوە و ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی خەرج کردنی گوژمەی پیویست بۆ ڕووپیو کردنی شوێنی ٦٧ پرۆژەی گەشتیاری و دانانیان لەسەر نەخشە.
- کارکردن لەسەر دانانی ڕێنمایی تایبەت بۆ پرۆژە گەشتیارییەکان لە ناوچە دوورە دەستەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بە مەبەستی پیشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران لە ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری ڕەوانە کراوە بۆ ئەنجومەنی بالای وەبەرهێنان.
- کارکردن لەسەر ئامادەکردنی پاکێجی گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان بە گشتی و بۆ شارەکان بە جیاجیا کە هەر پاکێجێک چالاکی تایبەت و چالاکی تیکەلی گەشتوگوزار لەخۆ دەگرێت بۆ ناساندنی گەشتیاران بە چالاکیە هەمەچەسنەکانی کوردستان لە ڕووی میژوویی و سارستانی و ئاینی و شوێنەوەرای و نیشتیمانی.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبەری گشتییەکانی گەشتوگوزار ئامادەکاری و لیژنە دانراوە بۆ دانانی سایت پلانی گەشتیاری لەسەر ئەو بەنداوانەی تەواوکراون لە ساڵی ٢٠٢٢.
- کارکردن لەسەر پێکهێنانی (پۆلیسی گەشتیاری) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەم مەبەستە نوسراوی وەزارەت ناوخۆ ژمارە (٣٤٩١٩ لە ٢٠٢٣/١/٣٠ بەرز کاورتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- کارکردن لەسەر دامەزراندنی (هێڵی گەرم) تایبەت بە گەشتوگوزار.
- پابەندکردنی بنکە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان لەسەر بەکارخستنی دەستی کاری ناوخۆی هەرێم بە ڕێژەی ٧٥٪ لەمیانی (لیژنەی باڵای بەکارخستنی دەستی کاری ناوخۆیی) بەپێی بڕیاری ژمارە ١٧٢

ئەنجومەنی وەزیران و یاسای گەشتوگوزار ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٢ و بەپێی یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٢.

- پابەندکردنی بنکەی گەشتیاری بنکە گەشتیارییەکان لەسەر رێکخستنەوەی تابلۆکانی ڕێکلام و گرنگیدان بە زمانی کوردی وەك زمانی یەکەم و سەرەکی و ڕێکخستەنەوەی (تابلۆی ڕێکلام، مێنوو، بڕۆشەر، نوسراو، ماددە ڕێکلامیەکانی تر) بەپێی فەرمانی کارگێڕی دەستەی گەشتوگوزار ژمارە (١٩٥) لە (٢٠٢٢/٨/٢٣) (یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤) و (یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١٩) .
- کارکردن لەسەر نوێکردنەوەی بڵاوکراوە گەشتیارییەکان (ڕێبەر، نەخشە، ئەلبووم).
- پابەندکردنی بنکە گەشتیارییەکان لەسەر فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەلایەن کارمەندە بیانیەکان بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی تایبەت پیکهێنراوە.
- کارکردن لەسەر پاباندکردنی بنکە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان بۆ بەکارهێنانی کلتورو کاری دەستی کوردستانی هەرێمی کوردستان بۆ درخستنی زیاتری تایبەتمەندی کوردستانی تیایاندا.
- بەشداریکردنی لە پێشانگای گەشتیاری لە وڵاتی یۆنان و ئەنجامدانی چەندین دیدار لەگەڵ لایەنە فەرمییەکانی گەشتوگوزار.
- بەشداریکردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی گەشتوگوزار لە پێشانگای گەشتیاری لە وڵاتی چیک کە زیاتر لە ٢٠ وڵات تیایدا بەشدار بوون.
- بەشداریکردنی شاندێکی دەستەی گەشتوگوزار لە پێشانگای (ITM) لە ئیمارات لەمانگی نیسانی ٢٠٢٣. ئەم پێشانگایە ماوەی ٧ ڕۆژی خایاند. لەم پێشانگایەدا کە سەدان کۆمپانیا و وەبەرهێن تێیدا بەشدار بوون ئامانجەکە دروست کردنی پەیوەندی و بەبازاڕکردن بۆ کەرتی گەشتیاری کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی هەمەلایەن بۆ وەبەرهینەران تا لە کوردستان و لە بواری گەستیاری وەبەرهێنان بکەن.
- بەشداریکردن لە شەشەمین پێشانگای گەشتیاری عێراقی نێودەوڵەتی لە بەغدا بە مەبەستی ناساندن و بەبازاڕکردنی زیاتری کەرتی گەشتیاری کوردستان و ئەنجامدانی پەیوەندی لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزاری عێراقی فیدراڵ و هەماهەنگی زیاتری نێوان کوردستان و عێراق لە پەراوێزی بەشداریکردنەکەدا، چەندین دیدار و کۆبوونەوە ئانجام درا.
- ئەنجامدانی پێشانگای گەشتیاری لە دهۆک.
- ئەنجامدانی دیداری پایز لە سۆران و دیداری نێرگز لە سلێمانی.
- کردنەوەی پێشانگای کارە دەستییەکان لە زاخۆ. پێشانگای گەشتیاری ئامەد و پێشانگای گەشتیاری وان.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزاری عێراق بۆ ڕێکخستنەوە و لابردنی ئاستەنگەکان بۆ کاراکردنی چالاکی هاوبەشی نیوانمان.
- پێشوازیکردن لە گەڕیدەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کە لەسەر بانگهێشتی دەستەی گەشتوگوزار هاتبوونە کوردستان. ئەم گەڕیدانە دەبنە پردێك لە گواستنەوەی کلتووری میوانداری و مێژووی شارستانییەت و دیمەن و سیما جوانەکانی کوردستان و بەرقەرار بوونی ئاسایش بە جیهانی دەرەوە.
- ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی تام بۆ خۆشخوانی لە مانگی ٥ لە شاری سلێمانی بەمەبەستی ناساندنی خوانی کوردستان بە مێوانان و گەشتیاران و پەرەپێدانی چێشتخانە ی کوردی و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار بۆ کوردستان و هەمەڕەنگکردنی گەستوگوزار لە کاتە جیاوازەکاندا.
- ئەنجامدانی پێشبرکێی جوانترین وێنەی گەشتیاری بە مەبەستی هاندانی فۆتۆگرافەران بۆ زیاتر ناساندنی شوێنە گەشتیاریی و شوێنەواریی و مێژووییەکان.
- دابینکردنی بڵاوکراوەی گەشتیاری بۆ پێشانگا و کۆنفرانسەکان بە مەبەستی زیاتر ناساندنی هەرێمی کوردستان وەك ڕوگەیەکی گەشتیاری.
- کارکردن لەسەر نوێکردنەوەی بڵاوکراوە گەشتیارییەکان، لە ئێستادا نووسراوەکان لە وەزارەتی دارایی بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ڕووی دیزایینەوە کاری لەسەر ئامادەکردنی بڵاوکراوەکان دەکرێت.
- هاوکاریکردنی توێژەران بە پێدانی زانیاری گەشتیاری بە مەبەستی نووسینی توێژینەوەی ئەکادیمی (دکتۆرا، ماستەر، دبلۆم) کە ڕۆڵی دەبێت لە بە ئەکادیمی کردنی کەرتی گەشتیاری.

٦) چالاکی شوێنەوار:

- **کارەکانی کنە و پشکنین:**

- واژۆکردنی (٣٩) گرێبەست لەگەڵ تیمە بیانیەکان لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٢/٦/١ تاکو ٢٠٢٣/٦/١ بەمشیوەیە (بەخشینی مۆڵەت بە ١١ تیمی بیانی بۆ کار کردن لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ١١ تیمی بیانی، لە سنووری دهۆک ٧ تیمی بیانی، ڕاپەڕین ٢ تیم، گەرمیان ٣ تیم، سۆران ١ تیم، کۆییە ٢ تیم، یاداشتی لێکتێگەیشتن ٢) و ڕاستەوخۆ پەسندکردنی مۆڵەتەکان لەلایەن بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە بێ دواکەوتن.
- پێدانی مۆڵەت و پشکنین بۆ پرۆژەکانی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان ١٥٦٢.

- **کارەکانی ڕووپێوی:**

- دیکۆمێنتکردنی خانووە کەلەپوورییەکانی ئاکرێ لەلایەن ڕێکخراوە (GIZ).
- ئەنجامدانی (٣٥) هەڵکۆڵینی خێرا بۆ پێگە شوێنەوارییە مەترسی لەسەرەکان لەلایەن تیمە شوێنەوارییەکان.
- هەڵکۆڵینی هاوبەش لەگەڵ تیمە بیانیەکان ٥٣ پێگەی شوێنەواری.

- **کار و چالاکی ٢٠٢٢/٦ تاکو ٢٠٢٣/٦ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور).**

ژ	کارو چالاکی	ژمارە
١	هەڵکۆڵینی هاوبەش لەگەڵ تیمە بیانیەکان	٣٩
٢	هەڵکۆڵینی خێرا بۆ بۆ پێگە شوێنەواریە مەترسی لەسەرەکان لەلایەن تیمە شوێنەواریەکانمان	١٠
٣	پێدانی مۆڵەت و پشکنین بۆ پڕۆژەکانی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان	١٥٦٢
٤	لێدوانی ڕۆژنامەوانی و بەژداریکردن لە بەرنامەی تەلەڤسیۆنی	٩٤
٥	مۆڵەت و یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگا نێودەوڵەتییەکان	٤٢
٦	چاوپێکەوتن لەگەڵ کاسایەتی و شاندەکان	٧٩
٧	کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان	٣٩
٨	داوای یاسای و بەدواداچوون	٣١
٩	بەشداریکردن لە ڕاهێنان و سیمینار و کۆنفرانس	٣٥
١٠	چالاکییەکانی هۆشیاری شوێنەواری بۆ خەڵک	٤٨
١١	بەدواداچوون بۆ سایتە شوێنەوارییەکان	٢١٥
١٢	ڕاهێنانی شوێنەوارناس لەسەر بە داتابەیسکردن و GIS بۆ پێگە شوێنەوارییەکان.	١٢
١٣	زێدەڕۆیی بۆ سەر پێگە شوێنەوارییەکان	٨٠
١٤	ئەنجامدانی کۆنفرانسی شوێنەواری لە هەولێر بە هاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ڕێکخراوە (IFPO) فەرەنسی	
١٥	ئامادەکردنی دیزاین بۆ بەگەشتیاری کردنی ئەشکەوتی شانەدەر بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی کامبرجی بەریتانی	
١٦	بەشداریکردنی بەڕێوەبەری گشتی لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئیکانێ ICANNE لە دانیمارک بە بابەتی (Ancient Sites and Main Challenges: An Overview of the Activities of the General Directorate of Antiquities of the Kurdistan Region of Iraq)	٣٩
١٧	سەردانیکردنی مۆزەخانە لەلایەن خەڵک	٥٤٠٠٠
١٨	کۆی بوودجەی خەرجکراو لە لایەن حکومەتەوە	٦٦٤٩٠٣٢٠٠
١٩	بڕی پارەی خەرجکراو لەسەر ڕێژەی ١٪ ی داهات	٣٥١٧٠٠٠٠

- **کارەکانی نۆژەنکردنەوە:**

- پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی دەرگای ئامێدی کە بودجەکەی لەلایەن کونسوڵییەی ئەمریکی لە هەولێر بۆ دابینکراوە بە بڕی ٥٠٠٠٠٠$ نیو ملیۆن دۆلار بە هاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک و زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکی جێبەجێ دەکرێت.

- پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قشڵەی ئاکرێ کە بودجەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ دابینکراوە بە بڕی ١٦٦،١٢٨،٧٠٠ ملیۆن دینار.

- پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و دانانی ماستەرپلان بۆ شکفتا چارستین لە پارێزگای دهۆک لە لایەن یونسکۆ بە بڕی ٧٣١هەزار دۆلار بە چاودێری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک.

- تەرخانکردنی ملیۆن و نیو دۆلار بۆ پرۆژەی پارکی سروشتی نیشتیمانی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا بۆ زانکۆی ئودینە.

- دیکۆمێنتکردنی خانوە کەلەپووریەکانی ئاکرێ لەلایەن ڕێکخراوە(GIZ).

- نۆژەنکردنەوەی قشلەی زاخۆ لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ٥٣،٠٩٩،٥٠٠ ملیۆن دینار.

- هەلکۆڵینی بە پەلە بۆ دەوروبەری کەنیشتی شوش لە بوودجەی ١٪ ی داهاتی شارەوانی بە بڕی ٧٥٦٠٠٠٠ حەوت ملیۆن و پێنج سەدو شەست هەزار دینار.

- نۆژەنکردنەوەی قەڵای خانزاد لە گوندی بانەمان لەسەر بودجەی حوکومەتی هەرێم بە بڕی ٤٩٠٠٠٠٠٠ چل و نۆ ملیۆن دینار.

- دروستکردنی کۆگا بۆ مۆزەخانەی هەولێر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ٨٩٢١٥٠٠٠ هەشتاو نۆ ملیۆن و دووسەد و پازدە هەزار دینار.

- کارکردن لەسەر فراوانکردن و دیزاینی ڕێکخستنی واجیهەی مۆزەخانەی هەولێر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ١٠٣٠٠٠٠٠٠ سەد و سێ ملیۆن دینار.

- نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە حامیەی ڕواندوز بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ٧٠٠٠٠٠٠٠ حەفتا ملیۆن دینار.

- چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەوروبەری ئەشکەوتی شانەدەر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ٦٩٠٠٠٠٠٠ شەست و نۆ ملیۆن دیار.

- دروستکردنی ڕاگر بۆ دیواری قشلەی کۆیە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ٧٦٠٠٠٠٠٠ حەفتاو شەش ملیۆن دینار .

- نۆژەنکردنەوەی مەزارگەی باپیر فەقێ لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ٩١٥٠٠٠٠ نۆ ملیۆن و سەدو پەنجا هەزار دینار.
- نۆژەنکردنەوە و پاراستنی کۆنە قەڵات لە کۆیە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ١٢٦٠٠٠٠٠ دوازدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار.
- دۆکیۆمێنتکردنی خانووە کەلەپوورییەکانی کۆیە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بە بڕی ١٥١٥٠٠٠٠ پازدە ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.
- نۆژەنکردنەوەی خانوی کەلەپووری علی مامە شێخە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ڕێژەی ١٪ بە بڕی ٢٤٠٠٠٠٠٠ بیست و چوار ملیۆن دینار.
- نۆژەنکردنەوەی خانوی ملیک محمود لەسەر بودجەی ڕێکخراوی (CDO).
- نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی خورماڵ لەسەر بودجەی کۆمپانیای دیوان.
- نۆژەنکردنەوەی سەرای کفری بە بڕی (٢٨٥٠٠٠٠٠٠) دوو سەد و هەشتاو پێنج ملیۆن دینار.

- **چالاکی تر:**

- هەڵکۆڵینی هاوبەش لەگەڵ تیمە بیانییەکان لە ٣٩ پێگەی شوێنەواریدا.
- هەڵکۆڵینی خێرا بۆ پێگە شوێنەوارییە مەترسی لەسەرەکان لەلایەن تیمە شوێنەواریەکانمانەوە لە ١٠ شوێن لەسەر بودجەی خاوەن پڕۆژە تایبەتەکان.
- ٤٢ مۆڵەت و یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگا نێودەوڵەتییەکان.
- پێدانی ١٥٦٢ مۆڵەت و پشکنین بۆ پڕۆژەکانی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان.
- ٣١ داوای یاسایی و بەدواداچوون.
- ٢١٥ بەدواداچوون بۆ سایتە شوێنەوارییەکان.
- ٨٠ زێدەڕۆیی بۆ سەر پێگە شوێنەوارییەکان.
- ٧٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاسایەتی و شاندەکان.
- ٣٥ بەشداری لە ڕاهێنان و سیمینار و کۆنفرانس.
- کردنەوەی ٤٨ چالاکیی هۆشیاری شوێنەواری بۆ خەڵک.
- لەلایەن هاووڵاتیانەوە ٥٤٠٠٠ سەردانی مۆزەخانە کراوە.

- ڕاهێنانی ١٢ شوێنەوارناس لەسەر بە داتابەیسکردن و GISبۆ پێگە شوێنەوارییەکان لەگەڵ زانکۆی دۆرهایم بەریتانی ڕێکخراوی ئیمانی.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی شوێنەواری لە هەولێر بە هاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ڕێکخراوە (IFPO) فەرەنسی.
- ئامادەکردنی دیزاین بۆ بەگەشتیاری کردنی ئەشکەوتی شانەدەر بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی کامبرجی بەریتانی.
- بەژداریکردنی بەڕێوەبەری گشتی لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئیکانێ ICANNE لە دانیمارک بە بابەتی Ancient Sites and Main Challenges: An Overview of the Activities of the General Directorate of Antiquities of the Kurdistan Region of Iraq

٧) چالاکی یاسایی:

- یەکلاکردنەوەی سوودمەندبوونی ئەو هاووڵاتیانەی کە زەویی نیشتەجێ وەردەگرن چ لە ناوەوەی هەرێم یان لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەغداوە هاتووە بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥ی ساڵی ٢٠٢١) کە بە نووسراومان ژمارە (١٥٣٤٩ لە ٢٠٢٢/١٢/١٤) بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
- بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە (ڕێنمایی پاراستنی پڕۆژە و تۆرەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان) لە وەقایعی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٣٦٨١ لە ٢٠٢٢/٤/٥).
- ناردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی وەستانی ئۆتۆمۆبێل و ئامرازەکانی گواستنەوە لە (گۆڕەپان و شەقام و شوێنەکانی وەستانی ئوتومبێل) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (١٨٧٠ لە ٢٠٢٢/٢/١٥) بۆ پەسندکردنی.
- پێدانی کەسایەتیی واتایی (الشخصیه المعنویه) بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧١ لە ٢٠٢٢/١٢/١٢) بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین وەك ئامادەبوونیان لە دادگاکانی هەرێم تایبەت بەو داوایانەی کە لە بەرامبەریان دەکرێت.
- زەوییە نیشتەجێیانەی کە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پرۆژە نیشتەجێیانەی کە وەبەرهێنان نین و کێشەی یاسایی و جۆراوجۆریان هەیە و تا ئێستا چارەسەر نەکراون.
- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زێدەڕۆییەکانی زەوییەکانی ناوچەی تارین کە بە قەرەبوو دراون.
- پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و وردبینی و بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گشت بوار و سێکتەرەکان (دارایی، کارگێڕی، یاسایی، مولکایەتی، گرێبەستەکان، کاروباری هونەری و پرۆژەکان).

سکاڵا و داواکاریی هاوولاتییان:

ئەو داواکاری و سکاڵایانەی ئاراستەی سەنتەری پەیوەندییەکانی وەزارەتمان کراوە لە ماوەی ساڵی چوارەمی کارکردن لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) لەو خشتەی خوارەوەدا بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەخەینە ڕوو:

لەو خشتەی خوارەوەدا ژمارەی داواکاری و سکاڵا و دۆخی کارکردن لەسەریان دەخەینە ڕوو:

کۆی داواکاری و سکاڵا	ئەوانەی کە کاریان لەسەر کراوەو وەڵامدراوەتەوە	ئەوانەی کە کاریان لەسەر دەکرێت	ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا کاریان لەسەر نەکراوە
٢٩٧	٢٦٤	٣٣	.

داواکاری و سکاڵاکان دابەش دەبن بەسەر ناونیشانی جیاوازدا بەو شێوەیەی خوارەوە:

بابەت	ژمارە ی داواکاری و سکاڵا
داواکاری	٢٣٩
سکاڵا	٣٣
سەردانی وەزیر	٥
نووسراو	٢
پرسیار	١٥
هاوکاری	٣

٨) چالاکی نەخشەدانانی ئاوەدانی:

- نەخشەدانانی ئاوەدانی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری پێ درا و ئاستی کارگێڕیشی بۆ سێکتەر بەرز کرایەوە، تا زیاتر دەسەڵاتەکانی بۆ ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی بەسەر ماستەرپلانی شارەکان و زەوییە بەکار بهێنێت.
- مامەڵەکانی ڕۆژانە کە پێویستیان بە دەبڕینی ڕای پلانسازی هەیە بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان کە بریتیە لەکۆی (٨١٩) مامەڵە بەم شێوەی خوارەوە بووە:

ژمارەی بابەتەکان	شێوازی ئەنجامدانی
٦٢٩	بە نووسراو وەڵام دراوەتەوە
١١٢	لە پرۆسە دایە
٧٨	تەواو کراوە لە دۆسیە پارێزراوە

- **ئەنجامدانی کاری ڕووپێوی:**

ژمارە	جۆر
١	ڕووپێوکردنی شارۆچکەی (باسرمە) بە ڕووبەری (٢٢٠٠دۆنم)
٢	ڕووپێوکردنی شەقامی (١٥٠) مەتری بە ڕووبەری نزیکەی (١٥٠٠٠ دۆنم)
٣	ڕووپێوکردنی شەقامی (١٥٠) مەتری تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بە ڕووبەری (٢٠٠ دۆنم)
٤	ڕووپێکردنی بەشێك لە شارۆچکەی (قوشتەپە) بە ڕووبەری (١٢٠٠ دۆنم)
٥	ڕووپێوکردنی شارۆچکەی (کەورگۆسك) بە ڕووبەری (٢٥٠٠دۆنم)

- **کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (VNG):**

١) پرۆژەی (١٠) ماستەرپلانی پارێزگاکانی هەرێم + پرۆژەکانی VNG (شارەوانی ٥).

٢) سمینار و ڕاهێنان و وۆرك شۆپ VNG پلانی پەرەپێدانی شارۆچکەکانی باسرمە، کەورگۆسك، قوشتەپە، کانی قرژاڵە، سێبیران).

- **کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (JICA):**

١) واژووکردنی لێکتێگەیشتن لە (٢٠٢٢/١/٩) لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئاژانسی JICA بۆ کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر.

٢) دەستپێکردنی پرۆژەی هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر کە بە هەماهەنگی ئاژانسی JICA ی ژاپۆنی لە (٢٠٢٢/٥/١٠) و بەردەوام بوونی ئەو پرۆژەیە بڕینی قۆناغی گرنگ لە ساڵی ڕابردوودا لە ئێستادا پرۆژەکە بەردەوامە.

٣) سازدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ تیمی JICA لەبارەی پرۆژەی هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر.

٤) بەردەوام بوون لە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی VNG هۆڵەندی لەسەر بابەتی ئامادەکردنی پلانی پەرەپێدان بۆ شارۆچکەکانی قوشتەپە و کەورگۆسك و باسرمە. هەروەها فراوانکردنی کارکردن بۆ دوو شارەوانی تر (تورەق و سێبیران).

پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ کونسوڵگەری و شاندی وڵاتان لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و پرۆژەکان لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی لە بوارەکانی (ئاو و ئاوەڕۆ، هەمواری ماستەرپلانی شاری هەولێر، چارەسەری خاشاک، شوێنەوار و پەرەپێدانی مۆزەخانەکان، پەرەپێدانی گەشتوگوزار، خولی ڕاهێنان و توانای مرۆیی) لە چوارچێوەی گرێبەست و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و پرۆژەکان لەگەڵ ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا VNG لە چوارچێوەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن.
- کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی (USAID)ی ئەمەریکی، ڕێکخراوی (UNHABITAT)، ڕێکخراوی (GIZ)ـی ئەڵمانی، ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتاڵی، ڕێکخراوی ئیتاڵیی فۆکسیف، ئەلیف فاوندەیشن (ALEPH Foundation)، ڕێکخراوی (IFP) فەرەنسی و (ILO)ی نێودەوڵەتی،
- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی (گلاسکۆ، لیڤەرپوڵ و کامبریجی بەریتانی، زانکۆی هارڤارد، شیکاگۆ و جۆن هاینکسی ئەمەریکی، زانکۆی میونخ و کیڵی ئەڵمانی، زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنس، زانکۆی ئەسینا).

لە ئاستی کارگێڕی:

١) لامەرکەزییەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

وەزراەت پاڵپشت بە فەرمانی ڕێزدار سەرۆك وەزیران ژمارە (١٩٢٢ لە ٢٠٢٢/٢/٢) کە دەسەڵات دابەزیووە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان.

وەزارەت بەشێك لەم دەسەڵاتانەی شۆرکردۆتەوە خوارەوە بۆ فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خزمەتکردنی زیاتری هاوولاتیان.

٢) ڕێکخستنەوەی هەیکەلییەت:

هێنانەکایەی چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، پاڵپشت بە فەرمانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

داڕشتنی نەخشەڕێ:

لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پلانی چوار ساڵی کارکردن و، بۆ خستنەڕوی دیدگای حکومەت و وەزارەت؛ لەپێناو داڕشتنی پلانی کارکردن، پلاتفۆرمێک بەناوی (دیدگە و پلان و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی وەزارەت) لە یەکەمین ساڵی کارکردن داڕێژرا، بەئامانجی پەرەپێدانی کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکەم/ کاروباری ژێرخانی خوێندنی باڵا:

بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی خوێندنی باڵا و چارەسەرکردنی گرفتە کارگێڕی و داراییەکان، وەزارەت لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەت و زانکۆکان و، بە ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی و باشتر ڕایکردنی کاروبارەکانی هاووڵاتیان و مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا و، لەبەر ڕۆشنایی نەخشەڕێی پەسندکراوی وەزارەت چەندین هەنگاوی گرنگی جێبەجێ کران، ئەوانەی خوارەوە کۆمەڵێکن لە هەنگاوە دیار و کاریگەرەکان:

یەکەم/ بواری دارایی

١) داهات:

لە بواری داهات، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان کاریکردووە، بەهۆیەوە لە دیوانی وەزارەت و زانکۆکان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا توانیویەتی بڕێکی زۆر لە داهات کۆبکاتەوە، بەشێکی زۆر لەو داهاتانە گەڕاوەتەوە خەزێنەی حکومەت و وەک هەر داهاتێکی دیکەی حکومەت مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لە سێکتەرە جیاجیاکان خەرجکراوە، هاوکات بەشێکی دیکەشی گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆکان یان دیوانی وەزارەت، کە بەهۆیەوە ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە بوژانەوەی ژێرخانی زانکۆکان و چارەسەرکردنی بەشێک لە گرفتەکان.

٢) کەمکردنەوەی کرێی خوێندن:

بەڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران بەشێوەیەکی تایبەت، وەزارەت لەماوەی یەک ساڵی کارکردن ئەم بڕیارانەی خوارەوەی جێبەجێکرد:

أ. کەمکردنەوەی کرێی ساڵانەی خوێندن بەڕێژەی (٤٥%) بۆ سەرجەم ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بەشێوەی (پارالێڵ و ئێواران) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان دەخوێنن، لە هەمو قۆناغ و ئاستەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا).

ب. لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستانیش لە پێناو مانەوەی گیانی کێبڕکێی زانستی لە دامەزراوە ئەکادیمیەکان و، بە لەبەرچاوگرتنی باوردۆخی هاووڵاتیان؛ وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەڕێژەی (١٠ بۆ ٢٠ %) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، ئەویش بەپێی دواین ئەنجامەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان.

٣) بەخشین بە کرێی خوێندنی بەرایی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە نوسراوێکدا بەژمارە (١٢٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١/١٦)، کە ئاراستەی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانی کرد، بڕیاریدا بەلیخۆشبون لە کرێی خوێندنی بەڕێژەی (١٠٠%)ی بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سزادراون و، لە هەمانکاتدا دەخوێنن، ئەم بڕیارەش تەواوی پڕۆسەی خوێندنی ئەو قوتابی خوێندکارانەی گرتۆتەوە کە ماوەی خوێندنەکەیان لە چاکسازییەکاندا بەسەری دەبەن.

٤) بەخشینی خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کرێی خوێندن:

أ. ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئاسایی خۆیدا لە پێناو هاندان و بەردەوامیدان بەگیانی کێبرکێی زانستی و، خزمەتکردن بە و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەم بڕیارانەی خوارەوەیدا:

١) یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان کە دانەمەزراون، لە تەواوی کرێی خوێندنی ساڵانە بەڕێژەی (١٠٠%) دەبەخشرێن، ئەگەر هاتوو لە خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) وەرگیران.

٢) نابینایان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕێژەی (١٠٠%)، لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ ماستەر، دکتۆرا، دبلۆمی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، کورسی خوێندنیان لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراو بۆ تەرخان دەکرێت بە مەرجی دەرچون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی.

ب. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە نوسراوی ژمارە (٥٢٤٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٢٧) و، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیاریدا فەرمانبەران و مامۆستایانی میلاکی هەمیشەیی زانکۆ و پەیمانگا

حکومییەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک لەکاتی وەرگیرانیان بۆ دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە کرێی خوێندن ببەخشەرێن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بەمەرجێک خوازیار سەرجەم مەرجەکانی پێشکەشکردنیان هەبێت و، لەسەر کورسی پارالێل داواکاری پێشکەش بکەن، بۆیە ئەگەر هاتوو توانیان لەکێبرکێ و تاقیکردنەوەی زانستی دەربچن و کورسی بەدەست بهێنن ئەوا لە تەواوی کرێی خوێندن دەبەخشەرێن.

٥) هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی لە موچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، دوای دەرچونی یاسایی چاکسازی لە موچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەم هەنگاوانەی لە بواری دۆسیەی فەرمانبەران ئەنجامداوە:

خشتەی (١) تایبەت بەکاروباری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

ژ. دۆسیەکان	ژ. دۆسیەی وردبینیکراو	ژ. زیادەی پلە	ژ. زیادەی سەرموچە	جیاوازی کۆی موچە	تێبینی
٣١٣٣٢	٢٥٣٧٥	٢٩٩	١٦٤	١٠٣,٣٩٦,٧٨٠	تەواوبوە

٦) خەرجکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان:

پاڵپشت بە داواکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی ساڵی ڕابردودا ڕەزامەندی دا بە خەرجکردنی بڕی (٧,٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیار و دوسەدو پەنجا ملیۆن دینار، هاوکات بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ خەرجکردنی هەمان بڕە پارە، ئەم بڕە پارەیەش ساڵانە وەک پێشینەی مانگانە کە تایبەتە بە دوو بابەتی گرنگ، یەکەمیان پشتیوانیەکی داراییە بۆ خوێندکار و قوتابیانەی پێویستیان بەو دەرماڵەیە دەبێت، دووەمیشیان بۆ نۆژەنکردنەوە و چارەسەری گرفتی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان خەرج دەکرێت.

دووەم/ بواری کارگێڕی

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی کارکردن لە وەزارەت بریتی بو لە تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هاووڵاتیان و وەزارەت لەلایەک و، شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بو بۆ دامەزراوە جیاجیاکان لەلایەکی دیکە، ئەوەش لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان، هەربۆیە لە بواری کارگێڕی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا بەردەوامی دراوە بەم سیاسەتە و، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێکراوە:

١) بەسەرکردنەوەی زانکۆکان:

وێستگەیەکی دیکەی کارکردنی وەزارەت لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، بریتی بووە لە نزیکەوە ئاگاداربون لەکێشە و گرفتی زانکۆکان و، وەرگرتنی ڕاو و پێشنیازەکانیان لە بواری خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەش لەو ماوەیەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چەندین جار سەردانی زۆربەی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانی کردوە، بەئامانجی بۆ باشترکردنی دۆخی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و، لە نزیکەوە ئاگاداربون لە کێشە و گرفتەکانیان و، وەرگرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیازەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی خوێندن.

٢) گۆڕانکاری لە پۆستەکان:

بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ئەکادیمیستان و، سودوەرگرتن لە ئەزمونی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ پەرەپێدان بەئاستی مەعریفی و زانستی زانکۆکان و، بەدیهێنانی گۆڕانکاری و نوێبونەوە، وەزارەت لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تا ڕێکەوتی (٢٢ /٢٠٢٣/٦) گۆڕانکاری لە (١٣) سەرۆکی زانکۆ و (٢٣) یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ و (٩٠) ڕاگری کۆلیژەکان و بەڕێوەبەری سەنتەرە جیاوازەکان کراوە، ئەوە جگە لە گۆڕانکاری زۆربەی زۆری سەرۆکی بەشە زانستیەکان لە زانکۆکان، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری لە چەندین یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیژە جیاکان لە ئێستادا لە پڕۆسەی گۆڕانکاریدان، ئەم خشتەیەی خوارەوە وردەکاری گۆڕانکارییەکان لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا پیشان دەدات:

خشتەی (٢) تایبەت بەگۆڕانکاری لە پۆستە کارگێڕییەکان

ژ	زانکۆ	سەرۆکی زانکۆ	ی. سەرۆکی زانکۆ	ڕاگر	تێبینی
١	زانکۆی ڕاپەڕین	١	٢	٧	لە کۆی ١١ پۆست
٢	زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی	١	٣	١٠	لە کۆی ١٧ پۆست
٣	زانکۆی سەلاحەدین	١	٢	١٣	لە کۆی ٢١ پۆست
٤	زانکۆی چەرمو	١	٣	٤	لە کۆی ٨ پۆست
٥	زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر	١		١	لە کۆی ١٧ پۆست
٦	زانکۆی گەرمیان		١	٣	لە کۆی ١١ پۆست
٧	زانکۆی هەولێری پزیشکی	١	٣	٥	لە کۆی ١٠ پۆست
٨	زانکۆی زاخۆ	١			لە کۆی ١١ پۆست
٩	زانکۆی دهۆک	١	٣	١٨	لە کۆی ٢٣ پۆست
١٠	زانکۆی سلێمانی	١	١	١١	لە کۆی ٢٥ پۆست
١١	زانکۆی کۆیە	١	١	٥	لە کۆی ١٠ پۆست
١٢	زانکۆی سۆران	١	٣	٥	لە کۆی ١٠ پۆست

١٣	زانکۆی هەڵەبجە	١	١	٤	لە کۆی ١١ پۆست
١٤	زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک	١		٣	لە کۆی ١٢ پۆست
١٥	دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و لێکۆڵینەوەی زانستی			١	لە کۆی ٢ پۆست
١٦	ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان	١			لە کۆی ٣ پۆست
	کۆی گشتی	**١٣**	**٢٣**	**٩٠**	**٢٠٢**

٣) بەئەلیکترۆنیکردنی کاروبارە کارگێڕی و زانستیەکان:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەواڵەکانی بۆ ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و زانستیەکان دەستپێکرد، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەردەوامی بۆ هەوڵانە درا، کە بەهۆیەوە کاروباری هەریەک لە (یەکسانکردنی بڕوانامەکان، زانکۆلاین، بەدواداچونی بەڵگەنامەکان، سەرچاوە مرۆییەکان، سێنتەرەکانی زمان، خوێندنی تایبەت، دارایی، نێردراوان و زانیاری خوێندکاران) بەئەلکترۆنی کراوە و، لەڕێگەیەوە ئاسانکاری پێشکەش دەکات و بۆتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی رۆتین لە دامەزراوەکاندا، هەمو ئەم سیستەمانەشی لە ڕێگەی پرۆگرامی و (پۆرتاڵی خزمەت) بۆ بەردەوامی چاکسازی و خستنەڕوی داتا و زانیاری و شەفافیەت و حوکمڕانی دروست پێشکەش بە مامۆستایان و خوێندکاران و قوتابیان و فەرمانبەران و هاووڵاتیانی کوردستان کردوە.

٤) دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان:

لە ماوەی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و، لەسەر داوای حکومەتی عێراقی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستی ناوی (سێ یەکەمەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان) لە ساڵانی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧ هەتا ٢٠٢١ -٢٠٢٢) و (هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا)، (دەرچووانی بەشە پزیشکی و تەندروستییەکان)، کە تاکو ئێستا دانەمەزراون و دانیشتوی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا ڕەوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق کرا، دواتریش ئاراستەی ئەنجومەنی ڕاژەی حکومەتی عێراقی کرا بۆ ئەوەی (QR) کۆدیان بۆ دروست بکرێت، بەمەبەستی دامەزراندنیان، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی (٤) تایبەت بەدامەزراندنی سێ یەکەمەکان

ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا	ژمارەی سێ یەکەمەکان	ژمارەی دەرچووانی بەشە پزیشکیەکان
٢٢٤	٢٠٧٥	٢٦٢٦

لە ئێستادا، ئەو ژمارەیە لە پرۆسەی وەرگرتنەوەی (QR) و کۆدن بەمەبەستی دامەزراندنیان لەسەر میلاکی حکومەتی عێراقی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

دووەم/ کاروباری خوێندنی بەرایی (دبلۆم وبەکالۆریۆس)

یەکەم/ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان

١) پڕۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان:

کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کارێکی دیکە بوە لە کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەمەش لە ماوەی چوار ساڵی کارکردندا ئەم بڕیانەی خوارەوەی دا:-

- **وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی دەرچووانی پۆلی دوانزە:**

بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ساڵی ڕابردوو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان هەمو هەوڵ و تواناکان یەکخران بۆ ئەوەی زۆرترین دەرفەت بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بڕەخسێندرێ، لەو چوارچێوەیەشدا وەک ئەوەی لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا ڕێژەی (١٠٠%) دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیران.

- **خشتەی (٥) وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی دوانزە لە ماوەی چوار ساڵ پیشان دەدات:**

ساڵی خوێندن	پێشکەشکاران	وەرگیراوان	گشتی	پارالێل	ئێواران	تێبینی
٢٠٢٢-٢٠٢٣	٤٤٤٠٨	٤١٢٥٣	١٧٧٧٢ (٦٥%)	٦٠٤٨ (٢٢%)	٣٥٤٠ (١٣%)	٢٧٧٢٨ پێشکەشکاران لە دەرچووانی ساڵی (٢٠٢٢) بوون و بەڕێژەی (١٠٠%) وەرگیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕەچاوکردنی کواڵتی خوێندن و لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانێکی تۆکمە، کار بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی لە زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) دەکات، بۆ ئەمەش بە زانکۆکانی ڕاگەیاند: بەهەمان ڕۆحیەتی ساڵانی پێشوو و بەڕەچاوکردنی کواڵتی خوێندن، زۆرترین دەرفەتی خوێندن بۆ دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی

کوردستان بڕەخسێنین، لەو چوارچێوەیەشدا وەزارەت هاوکارو پاڵپشتی زانکۆکان دەبێت، بە شێوەیەک هاوتەریب بێت بۆ سودی دەرچوان و پێداویستیەکانی بازاڕی کار.

- **کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە کارئاسانی تەواو دەکات بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنگە کوردییەکان دەخوێنن، لەماوەی ساڵی ڕابردوو هاوکاری کارئاسانییەکان بەم شێوەیە بەردەوام بون:-

- **خشتەی (٦) وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی دوانزە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ماوەی چوار ساڵ پیشان دەدات:**

ساڵی خوێندن	ژمارەی وەرگیراوان	تێبینی
٢٠٢٢-٢٠٢٣	٨٧٠	سەرجەم خوێندکاران و قوتابیانی (کەرکوک، شەنگال، زومار، خانەقین و دەوروبەری) وەرگیران

٢) خوێندنی تەکنیکی لە کوردستان:

بەمەبەستی بەستنەوەو دروستکردنی پەیوەندی زیاتری زانکۆکان لەگەڵ بازاڕی کار و کەرتی گشتی و پیشەسازی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕیفۆرمی خوێندنی تەکنیکی لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دەستپێکرد، بەو پێیەی خوێندنی تەکنیکی یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی سیستمی خوێندن و ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی دەستی کاری خۆماڵی و دروستکرنی کارامەیی لە نێو گەنجان، هەر بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەبەر ڕۆشنایی پلانی پەسندکراوی وەزارەت لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرکیزی تەواوی لەسەر ئەم بوارەیە و، گرنگی تەواو بە بواری گەشەکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڤۆکەیشنەڵ دەدات.

پرۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:

خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کۆڵەگەیەکی گرنگە لەپرۆسەی پێگەیاندنی ڕۆڵەکان و بونیادنانی توانا مرۆییەکان، هەر بۆیە بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و فێربون لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان بە کوالێتی بەرزی خوێندن بۆ گەیشتنیان بە خەون و خولیاکانیان، بەشێوەیەک یارمەتیدەر بێت بۆ تۆخکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی و گەنجەکان لە وڵاتی خۆمان، هاوتەریب لەگەڵ خوێندن لە زانکۆ حکومیەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە پلانی تایبەتی

خۆی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنێت، لەو پلانەشدا بەوردی ڕەچاوی کواڵتیتی و چۆنیەتی خوێندن دەکرێ.

بۆ ئەو مەبەستە لەماوەی ساڵی ڕابردوو بەڕچاوکردنی کۆمەڵێک پێوەری تایبەت بەنمرەی پێشکەشکار و توانای ستافی زانستی زانکۆ و تاقیگەکان ژمارەی کورسیەکانی هەر بەشێکی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دیاری دەکات.

- **خشتەی (٧) ژمارەی وەرگیراوانی بۆ ساڵی خوێندنی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پیشان دەدات:**

ساڵی خوێندن	ئاستی خوێندن	پلانی وەرگرتن	ژمارەی پێشکەشکاران	ژمارەی وەرگیراوان	کورسی بەتاڵ
٢٠٢٢-٢٠٢٣	بەکالۆریۆس	١٦،٥٦٥	١٠،٩٩٦	٦،٤٧١	١٠،٠٩٤
	دبلۆم	٧،٠٧٠	٩،٦٦٣	٤،٦٢٤	٢،٤٤٦
کۆی گشتی		**١٠٥،١٠٩**	**٩٠،٦٣٩**	**٤٧،١٣٤**	**٥٧،٩٧٥**

سێیەم/ کاروباری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دڵنیایی جۆری:

یەکەم/ کاروباری خوێندنی باڵا:

لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بواری خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا، بۆرد) چەندین هەنگاوی گرنگی جێبەجێکرد:

ڕاگەیاندنی ڕاوندی دووەمی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا و دبلۆمی دو ساڵەی پزیشکی:

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا و، بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی پەرەپێدان بە توانا مرۆییەکان و، بەمەبەستی پێگەیاندنی کادیری لێهاتو و شارەزا بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بازاڕی کاری کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاوندی دووەمی تواناسازی نیشتیمانی (خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا)ی ڕاگەیاندن.

بۆ ئەو مەبەستەش، لە ڕێکەوتی (١٩/٩/٢٠٢٢) بە ژمارە (١٥٨٠٩) ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی تایبەت بە خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) دەرچوواند، ئامانج لە دەرکردنی ڕێنماییەکە ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبڕکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەر و شەفافیەتی زیاتر بوو لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆر و شارەزا بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا وکەرتی گشتی و تایبەت و بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە

پێداویستی دامودەزگا حکومی و تایبەتەکان و بازاڕی کاری کوردستان و، بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان. لە ڕێنماییەکاندا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەرجەکانی (پێشکەشکردن، توانستی زمان، تەمەن، پلان و کۆرسی خوێندن) کرا.

لە هەنگاوێکی دیکەدا دەستکرا بەدانانی پلانی وەرگرتن بەڕەچاوکردنی کواڵیتی و دڵنیای جۆری و لایەنی زانستی، بەشێوەیەک هەوڵدرا دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا بۆ خوازیاران و دەرچووانی زانکۆکان لەناوخۆی وڵات بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی خوازیاران کاتەکانیان بەکار بهێنن بۆ گەشەپێدانی توانای زانستی و ئەکادیمییان، هەروەك مەبەست بو پلانەکانی ئەمساڵی خوێندنی باڵا هاوشێوەی ڕاوندی یەکەم ڕێگر بێت لە چونە دەرەوەی سامانی نیشتیمانی وڵات، بۆیە بەپێی پلانەکە وەک لە خشتەکەدا نیشاندراوە لە (١٤) زانکۆی حکومیدا، توانرا (٧٦١٤) کورسی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵە و دبۆلمی دو ساڵەی پزیشکی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکان بۆ خوازیاران پەسند کرا.

خشتەی (١٠) پلانی پەسندکرا و ژمارەی پێشکەشکاران پیشان دەدات

پلان و پێشکەشکردن	دبلۆمی باڵای یەک ساڵە	دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی	ماستەر	دکتۆرا	کۆی گشتی
پلان	٢٣٠٨	١٦٠	٣٣١٢	١٨٣٤	٧٦١٤
پێشکەشکردن	١٤٧٧	١٧٧	١١٣٨٢	٢٦٩٢	١٥٧٢٨

لەم پلانەدا، کورسییەکانی خوێندن دابەشی سەر سێ بازنەی جیا کرا، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:-

- کورسی بەخۆڕایی بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، کە فەرمانبەران و مامۆستایانی دیوانی وەزارەت و سەرجەم زانکۆ حکومییەکان و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت بەپێی پلانی پەسندکراو پێشبڕکێ لەسەر دەکەن.
- کورسی بەخۆڕایی بۆ وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، لەم بازنەیەشدا فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەت و دامەزراوە جیاکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پلانی پەسندکراو پێشبڕکێ لەسەر دەکەن.
- کورسی خوێندن بەشێوازی پارالێل، لەم بازنەیەدا سەرجەم فەرمانبەرانی دامەزراوە و دانەمەزراوە بەپێی پلانی پەسندکراو دەتوانن پێکەوە پێشبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانیان بکەن.

دووەم/ بابەتەکانی پەیوەست بەنازناوی زانستی:

بۆ پێدانی نازناوی زانستی بەهەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا تا بتوانن خزمەت بەناوەندەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،

لەبەر ڕۆشنایی کارنامەی وەزارەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پلانانەی جێبەجێکرد:

ڕێکخستنەوەی سێنتەرەکانی پێداگۆجی: پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە) پڕۆژەیەکی گرنگی وەزارەتە بۆ گۆڕینی شێوازی گەیاندنی زانستی و دروستکردنی کارامەیی مامۆستایان، سێنتەرەکانی پێداگۆجی چەند کێشەیەکیان هەبوو، دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری سێنتەرەکان ئەنجامدرا، بە چەند بڕیارێك سەرجەم کێشەکانیان چارەسەرکرا، دوای ئەو بڕیارانەش فەرمانێکی وەزاری تایبەت بەڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی سێنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی دەرکران.

سێیەم/ سێنتەرەکانی توانستی زمان لە زانکۆکان:

بەئامانجی بایەخدانی زیاتر بەزمانی ئینگلیزی و کاراکردنی سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، لە میانەی چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری سێنتەرەکانی زمان، جەختکرایەوە لەسەر پاڵپشتی تەواو بۆ سێنتەرەکانی زمان بەمەبەستی وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی، لەهەمان کاتدا بڕیاری پێویست درا بەوەی لە سێنتەرەکان گرنگی زیاتر بە فێربونی زمانی ئینگلیزی بە کوالێتیەکی بەرزتر بدرێت.

بەهۆی ئەو بڕیارەوە، بەسەدان لە فێرخوازانی خوێندنی باڵا و، خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی ڕوویان لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکان کرد و، بەشداری لە خولەکان دەکەن، هاوکات بۆ پەرەپێدان بەسێنتەرەکانی زمان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چەندین هەنگاوی کردەیی جێبەجێ کرد، لەوانەش ڕێککەوتنامەیەکی لەگەڵ زانکۆی کامبریج ئیمزا کرد، ڕێککەوتنامەکە چەندین تەوەر و خاڵی گرنگی لەخۆگرتووە، وەک لە ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە، زانکۆی کامبریج هەڵسەنگاندنی ورد بۆ لایەنە جیاکانی سێنتەرەکانی زمان لە زنکۆکانی کوردستان دەکات بۆ دیاریکردنی ئاستی زانستی و، دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازی سێنتەرەکان، بەئامانجی کارکردنی وەزارەت لەسەر خاڵە لاوازەکان بۆ بەهێزکردنیان .

تەوەری دوەمی ڕێککەوتنامەکە تەرخانکراوە بۆ ڕاهێنان بەستافی سێنتەرەکانی زمان لە ڕووی شێوازی وانەوتنەوە و پڕۆگرامەکانی خوێندن، لەهەمانکاتدا کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی سێنتەرەکان بەشێکی دیکەی ڕێککەوتنامەکەیە بەشێوەیەک بتواندرێ لەگەڵ زانکۆی کامبریج بڕوانامەی هاوبەش ببەخشن بەبەشداربووانی خولەکان.

تەوەری کۆتایی خولەکە بریتیە لە گۆڕانکاریکردن لە شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، بەشێوازێک بەرەو تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکان هەنگاو بنێن.

پێنجەم/ کۆنفرانسی زانستی:

وەک ئەرکێکی بنەڕەتی زانستی و بۆ ئاگاداربوون لە دواین پێشهات و دەسکەوتە زانستیەکان و، چارەکردنی گرفتە جیاکانی کۆمەڵگە لە بوارە جیاکان، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا بەدەیان کۆنفرانسی زانستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمیە پێشەنگەکانی جیهانیان بەڕێوەبردوە، کە بەشداری پسپۆڕان و شارەزایان و توێژەرانی بوار و سێکتەرە جیاکان بەڕێوەچون و، چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەی گرنگیان بەرز کردۆتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەئامانجی باشتر ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ژیان و کۆمەڵگە و حکومڕانی لەسەر بنەمایەکی زانستی.

شەشەم/ بەشداریی مامۆستایان لەکۆنفرانسە زانستییەکان:

هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە وێستگەی بەیەکگەیشتنی زانایانی و پسپۆڕان و شارەزایانی بوارە جیاوازەکانە، لەهەمانکاتدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەردەوام هانی زانکۆکان و دامەزراوە جیاکان دەدات بۆ بەشداریکردنی ستافی زانستی بەشەکان و توێژەران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکان، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری بەشداریکردنی کاریگەری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسەکان، بەجۆرێکژمارەی بەشداری مامۆستایان لە کۆنفرانسە زانستیەکان (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی) لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هەزاران مامۆستا و توێژەری تێپەڕاند.

حەوتەم/ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی:

ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان لە چوارچێوەی ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا و، لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و، بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارە زانستیە ئاستبەرزەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و، بەشداریکردن لە کۆنفرانس و چالاکیە زانستیە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان، بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا لەسەرجەم زانکۆکان بەسەدان مامۆستا توانیویانە پلەی زانستیان بەرز بکەنەوە.

هەشتەم/ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنیەوەی زانستی گرنگی تایبەت بە بواری توێژینەوەی زانستی دەدات و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستییەکان (ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان)، هەربۆیە لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردودا بەسەدان

توێژینەوە زانستی لە گۆڤارە زانستییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیە ئاستبەرز و ڕەسەنەکانیان بڵاوکردۆتەوە و، بەشداریان لە چارەسەری گرفتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە کردوە و، پێشنیازی لۆژیکیان پیشکەشکردوە بۆ پەرەپیدانی بەژێرخانی و سەرخانی کۆمەڵگە لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکان، ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە ماوەی دوو ساڵ بەپێی زانکۆ حکومیەکان پیشان دەدات.

خشتەی (١١) بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ناوخۆیی نێودەوڵەکان بەپێی زانکۆکان پیشان دەدات

زانکۆ حکومییەکان	توێژینەوە زانستیەکان لە گۆڤارە ناوخۆییەکان		توێژینەوە زانستیەکان لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکان	
	٢٠٢١-٢٠٢٠	٢٠٢٣-٢٠٢٢	٢٠٢١-٢٠٢٠	٢٠٢٣-٢٠٢٢
زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک	٣٩		١٨٥	
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر	٤٤٨	٢٤٤	٣١٣	٦٠٧
زانکۆی زاخۆ	٦٧	٧٢	١٤٧	٢٤٢
زانکۆی هەولێری پزیشکی	٩٣	١١٥	١٧٠	١٤٠
زانکۆی دهۆک	٢٧٩	٥٦٠	٢٠١	٦١٢
زانکۆی هەڵەبجە	٢٩	٣٨	٦٠	١٠٣
زانکۆی کۆیە	٣٥		١٠٦	
زانکۆی سۆران	٥٧	٦٣	١٢٦	٩٣
دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی	٦	١١	٨	٢٩
زانکۆی گەرمیان	٥٩	١٦٤	٨٤	٩٥
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی	٦٩	٣٩	٩٣	٥٨
زانکۆی ڕاپەرین	٧٨	٦١	١٠٣	١٤٣
زانکۆی چەرمۆ	١٢	٨٠	٩١	٧٥
بۆردی کوردستانی	٤١	١٢٥	٣	٥٠
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر	٢٧٥	١٠٧	١٠١	٢٤٠
زانکۆی سلێمانی	١٩٢	١٣٤	٤١١	٤١٣
کۆی گشتی	**١٧٧٩**	**١٦٩٨**	**٢٢٠٢**	**٢٩٠٠**

خشتەی (١٢) ژمارەی توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوە لە (Scopus) بەپێی زانکۆکان لە ماوەی دوو ساڵ

ژ	زانکۆ	٢٠٢٢	٢٠٢٣	کۆی گشتی
١	زانکۆی ڕاپەرین	١٢١	٦٠	١٨١
٢	زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی	١٣٦	٦٢	١٩٨
٣	زانکۆی سەلاحەدین	٢١١	١٥٠	٣٦١
٤	زانکۆی چەرمو	٦٢	٤٦	١٠٨

٥	زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر	١٩٥	١١٢	٣٠٧
٦	زانکۆی گەرمیان	-	-	٠
٧	زانکۆی هەولێری پزیشکی	٢٦٣	١٣٢	٣٩٥
٨	زانکۆی زاخۆ	١٥٨	١١٨	٢٧٦
٩	زانکۆی دهۆک	٢٩١	١٤٥	٤٣٦
١٠	زانکۆی سلێمانی	٦٠٢	٣٠٥	٩٠٧
١١	زانکۆی کۆیە	١١٦	٦٦	١٨٢
١٢	زانکۆی سۆران	١٦٢	٦٩	٢٣١
١٣	زانکۆی هەڵەبجە	٦٢	٣٩	١٠١
١٤	زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک	١٠٢	٤٩	١٥١
١٥	زانکۆی کوردستان-هەولێر	٧٥	٤٨	١٢٣
١٦	ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان	-	-	-
١٧	دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و لێکۆڵینەوەی زانستی	-	-	-
کۆی گشتی		٢٥٥٦	١٤٠١	٣٩٥٧

نۆیەم/ بۆلۆنیا پرۆسێس:

مێژووی دەستپێکردنی کارەکانی پێواژوی بۆلۆنیا (Bologna Process) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٥)، کە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی نوێی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەو کاتەدا ڕاگەیندرا، دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری ئەرکی بەدواداچون و، جێبەجیکردنی پێواژوی بۆلۆنیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دایە. لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان پێواژوی بۆلۆنیا جێبەجێدەکەن.

دەیەم/ پێداچونەوەی بە پرۆگرامەکانی خوێندن:

پرۆژەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەرجەم کۆلیژ و بەشەکانی زانکۆکانی هەرێم پرۆژەیەکی گرنگی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە ئێستا دەستیپێکردووە، ئامانج لە پرۆژەکە بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی زانستی و ئەکادیمیە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەرجەم کۆلیژ و بەشەکانی زانکۆکانی هەرێم لەپێناو ئەوەی کە پرۆگرامی خوێندن زیاتر ببەستینەوە بە بازاڕی کار، لە ئێستاشدا وەزارەت لە قۆناغی ئامادەکارییدایە بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی فراوان بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، لەم پرۆژەیەدا ڕاو سەرنج و تێڕوانینەکانی کەرتی تایبەت و پیشەسازیی لەبارەی هەماهەنگی زیاتر بۆ ئامادەکردنی هێزی کاری وڵاتەکەمان لەبەر ڕۆشنایی پێداویستییەکانی بازاڕی کارو ئاراستەی گەشەکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

یازدەیەم/ بایەخدان بە زمانی کوردی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی بەزمانی کوردی دا، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ دانانی میکانزمەکانی (تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردی) و (دانانی پرۆگرامێکی تایبەت بە فێربونی زمانی کوردی)، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکارییەکان بۆ دارشتنی چوارچێوەی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردی کۆتایی هاتووە، لە ئێستاشدا کاردەکرێت بۆ دانانی پرۆگرامێکی یەکگرتووی فێربونی زمانی کوردی لەسەر ئاستی کوردستان بەتایبەت بۆ خوێندکاران و قوتابیانی بیانی لە زانکۆ و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لەو بەشانەی کە زمانی خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردیە، بۆ ئەو مەبەستەش سود لە شارەزایی و پسپۆری سەرجەم ئەو لایەنانە وەرگیراوە، کە دەتوانرێت بۆ دارشتنی چوارچێوەی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی کوردی هاوکاری ئەو پرۆژە نەتەوەیە بن.

پەرەپێدانی زمانی دایک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مۆراڵی و زانستییە و فاکتەری بنچینەیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمانە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تێڕوانین و پلانی درێژخایەنی هەیە بۆ پەرەپێدانی زیاتری زمانی کوردی، لەئێستادا بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان لە ڕووی مەعریفی و توانای مرۆییەوە لەئاستێکی بەرزدان، هەوڵ دەدەین هەموو ئەم توانایانە یەک بخەین بۆ خزمەتکردنی زیاتری زمانی کوردی و بنیادنانی زمانی فەرمی و هاوبەش لە هەرێمی کوردستان.

لەو چوارچێوەیەشدا لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت ڕاسپێردراوە بەمەبەستی یەکخستنی ئەو پرۆگرامانەی کە لە زانکۆکانی (سلێمانی، دهۆک و سۆران) دانراون، بەمەبەستی دانانی پرۆگرامێگی یەکگرتوی فێربونی زمانی کوردی بەهەردو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی ژوروو.

چوارەم/ مۆڵەتپێدان و متمانە بەخشین:

یەکەم/ کردنەوەی زانکۆ و کۆلیژ و بەشی نوێ

یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەت لە ڕێگەی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری بریتیە لە مۆڵەتپێدان بەکردنەوەی (زانکۆ، کۆلیژ، پەیمانگە و، بەشی زانستی نوێ لە زانکۆ، کۆلیژ و پەیمانگە) حکومی و تایبەتەکان، بۆ ئەو مەبەستەش زانکۆ و کۆلیژی زانکۆیی و پەیمانگە تایبەتەکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنمایی و پێوەر و مەرجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داواکاری پیشکەش دەکەن و، دواتر بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆپۆزەڵەکان ئەنجام دەدرێت.

متمانەبەخشین بە زانکۆ و پەیمانگە و پڕۆگرامەکانی خوێندن بنەمایەکی دیکەی دڵنیایی جۆرییە، کە تێیدا پڕۆسەی فێربون و گشت پڕۆگرامەکانی خوێندنی باڵا لەلایەن دەزگایەکی دەرەکییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی دڵنیابون لە ئاستی باشی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی خوێندن و، سەرجەم لایەنە ئەکادیمی و زانستییەکان بە ڕێکوپێکی.

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای هەڵسەنگاندنی پڕۆپۆزەڵەکان و، تێپەڕبوون بەپڕۆسەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین دوو زانکۆی حکومی بەناوەکانی (زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان) لە کەلار و (زانکۆی ئاکرێ بۆ زانستە کردارییەکان) لە ئاکرێ، متمانەی وەزاری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢) بەدەستهێناوە، کردنەوەی ئەم دو زانکۆ حکومیە لە چوارچێوەی ستراتیجی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە بەمەبەستی فراوانکردنی دەرفەتی خوێندنی تەکنیکی و بواری زانستە کردارییەکان لەهەرێمی کوردستان، بەو شێوەیە دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت پێشنیازی کردنەوەی ئەم دو زانکۆیە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش لە ساڵی (٢٠٢٣) بریاری دامەزراندنی بۆ هەردوو زانکۆکە دەرکرد، جگە لەوەش بەدەیان بەشی زانستی نوێ لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەکردنەوەیان دراوە، لەهەمانکاتدا چەندین بەشی زانستی دیکە داخراون، جگە لەوەش چەند بەشێکی زانستی دیکە، کە دابەشبوون بەسەر زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان کارەکانیان هەڵپەسێردراوە.

کردنەوەی کۆلیژ لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە بەپڕۆسەی دڵنیایی جۆری تێپەڕدەبێ، تا متمانەی کردنەوەی لەلایەن وەزارەتەوە پێدەبەخشرێ، لەو چوارچێوەیەدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا کۆمەلیک پڕۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلیژی نوێ لە ڕێگەی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرا، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی زانستی و ورد بۆ پڕۆپۆزەڵەکان چەندین کۆلیژ ڕێگەی کردنەوەیان پێدرا.

دووەم/ وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی:

وەزارەت بەردەوام هانی زانکۆکان دەدات تا ببنە باشترین زانکۆکان لەسەرتاسەری جیهان و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت عێراقیش، بۆ ئەوەی بتوانین بەشداری ڕاستەقینە لە بەرهەمهێنانی توانا مرۆییەکان لە وڵاتدا بکەن، لەو چوارچێوەیەشدا وەزارەت کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکان پاڵپشتی وەزارەت بووە بۆ زانکۆکان تا متمانەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستییەکانیان بەدەست بهێنن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی وەزارەت لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا دەیان بەش لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان توانیویانە

متمانەی نێوەدەوڵەتی (International Accreditation) لە دامەزراوە نێوەدەوڵەتییەکان بەدەست بهێنن، ئەوەش دەسکەوتێکی زانستی گرنگ بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەشەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ کاروباری پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمیەکان

بەئامانجی فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە ئەکادیمی و زانستییەکانی وەزارەت و زانکۆ و دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وڵاتانی جیهان لەلایەک، لەگەڵ زۆربەی نوێنەرایەتی و کونسڵگەری وڵاتان لە هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا بەدەیان دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدرا.

وەرگرتنی سکۆلەرشیپ و دابینکردنی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان:

پەرەپێدان بە وەرگرتنی سکۆلەرشیپ و بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان لە ڕێگەی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکارانی بیانی لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامە و یاداشتی لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکانی وەزارەت و زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە نێودەڵەتیەکان و زانکۆ ئاست بەرزەکان یەکێکی دیکەیە لە کارە گرنگەکانی وەزارەت. هەروەک دەستەبەرکردنی خولی ڕاهێنانی پێویست بۆ ستافی کارگێڕی و ئەکادیمی و توێژەرانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا ئامانجی دیکەی نەخشەڕێی وەزارەتەکەمانە، بۆ ئەوەش لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی کارەکان لە دیوانی وەزارەت بریتی بووە لە ڕاگەیاندنی (٩٠) سکۆلەرشیپی بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە وڵاتی هەنگاریا، هاوکات ژمارەیەکی دیکەی سکۆلەرشیپی لە کۆماری میللی چین و ڕوسیا ڕاگەیاندوە و، بەهۆیەوە ژمارەیەک خوازیاری خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی ئەو وڵاتانە وەرگیراون و ئێستا لە پڕۆسەی خوێندن و بەشێکی دیکەش لە پڕۆسەی وەرگرتنن.

لە سەر ئاستی زانکۆکانیش لەبەر ڕۆشنایی و ستراتیجی وەزارەت، زانکۆکان توانیوانە کۆمەڵێک خولی ڕاهێنان بۆ ستافی زانستی و توێژەران لە زانکۆ پێشکەوتوەکان دابین بکەن، هاوکات توانیویانە ئاڵوگۆڕی (Student Exchange) قوتابیان و خوێندکاران لەگەڵ زانکۆکان بکەن و، چەندین سکۆلەرشیپ بۆ مامۆستایان و فێرخوازانیان دابین بکەن.

ئاماری فێرخوازان لە دەرەوەی وڵات:

لە ماوەی ساڵی ڕابردوو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی بەرێوەبەرایەتی نێردراوان مامەڵەی چەندین خوێندکار و قوتابی بۆ تەواوکردنی خوێندنی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا، پۆست دکتۆرا) لە دەرەوەی وڵات لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و فێرخوازان ڕایکردوە.

بەشێکی زۆر لەو خوێندکار و قوتابیانە بەرێگەی سکۆلەرشیپ و، وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتی نێردراوان بەرپرسە لە کاروباری ئەو قوتابی و خوێندکارانە هەر لە ڕۆژی دەستکردنیان بە خوێندن تاکو بڕوانامەی لە بوار و پسپۆڕییەکانیان بەسەرکەوتویی بەدەست دێنن، لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەوردی ژمارەکان پیشاندراون.

خشتەی (١٣) ژمارە و جۆری خوێندنی فێرخوازان بەپێی ساڵەکان پیشان دەدات

ساڵ	مۆڵەتی خوێندن	پۆست دکتۆرا	ساباتیکالیان	سپلیت ساید	سکۆلەرشیپ	کۆی گشتی
٢٠٢٢	٣٧٣	١٧	١٣	٢	٦٨	٤٧٣
کۆی گشتی	**٩١٩**	**٤٠**	**٢٥**	**٨**	**٦٩**	**١٠٦١**

وەرگرتنی فەند و گرانتی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان بەخوێندنی باڵا:

بەهێزکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی زانکۆکانی کوردستان یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی کارنامەی چوار ساڵی نەخشەڕێی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەکادیمیا لە سەدەی بیست و یەکدا، کە ئامانج لە پیادەکردنی بریتییە لە کرانەوە و بە نێودەوڵەتیبونی پرۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هاندەر و پاڵپشتی و ڕێنیشاندەری زانکۆ و دامەزراوە زانستی و ئەکادیمیەکانی هەرێمی کوردستان و، وێستگەی بەیەکگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانەی پاڵپشتی پێشکەوتنی پڕۆسەی خوێندنن لەسەر ئاستی جیهان، لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەش زانکۆکان توانیان دەیان گرانتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بەدەستبهێنن بەمەبەستی پەرەپێدان بەپڕۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زیاتر لە زانکۆکانی کورستان و، بەشداریکردن لە بونیادنانی تواناکان لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی پلاندانان

وەزارەتی پلاندانان

لە ئاستی چاکسازیدا:

- **ئامادەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی گرێبەستە گشتییەکان:**

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بە گرنگییەوە پاڵپشتی بۆ بە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و هەنگاونان بەرەو حکومەتی ئەلیکترۆنی دووپات کردۆتەوە و لە کارنامەی کابینەکەدا بە ڕوونی تیشک خراوەتە سەر ئەم بابەتە، لەسەر ئەم بنەمایە و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی کۆیکای کۆری کاری کرد لە سەر دیزاین و دروستکردنی سیستمی ئەلیکترۆنی گرێبەستە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەک قۆناغی یەکەم هەریەک لە وەزارەتەکانی (کارەبا، کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون، تەندروستی، شارەوانی و گەشتوگوزار) و هەروەها پارێزگای هەولێر لەم سیستمەدا بەشدارن و لە قۆناغەکانی داهاتوو وەزارەتەکانی تر و سەرجەم دەسەڵاتەکانی گرێبەست لە حکومەت دەبنە بەکارهێنەری ئەم سیستەمە.

- **ئامادەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی:**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کردووە بۆ ئامادەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی. ئەم سیستەمە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکرێت و لە ئێستادا سیستمەکە تەواو بووە و بە کاردەهێنرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی لە پارێزگاکان. ئەم سیستەمە هەموو زانیارییەکانی خانەنشینانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت، هەموو ڕێکارەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی یەکدەخات و مووچەی خانەنشینی بە پێی یاساکان دیاری دەکات.

- **تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت:**

لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوەکانی (UNICEF,WFP,ILO) و بانکی نێودەوڵەتی چەندین کۆبوونەوەیان لەسەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت ئەنجامداوە، بۆ ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی پێشوەختە لە پارێزگای دهۆك وەکو سەرەتایەك بۆ دانانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت و ناو نووسکردنیان بە پێی ئالیەتێکی گونجاو کە هەموو

تایبەتمەندییەکانی خەلکی هەژار لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودمەند بن. لە هەمان کاتدا یەکخستن و ڕێکخستنی داتای گشت وەزارەتەکان و بەستنەوەی بە سێرڤەرێکی تایبەت و بۆ ئەوەی بە پێی ئالیەتێکی گونجاو ئەو خێزانانە دەستنیشان بکرێن کە شایستەن بۆ ئەوەی سوودمەند بکرێن لە تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی.

- **نەخشەڕێگای چاکسازی کەرتی باج:**

وەزارەت لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵاوە لەسەر ئاستی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لەسەر بنەمای بڕیاری ژمارە ٦٣ـی ئەنجومەنی وەزیران (بڕگەی چوارەم)، ڕەشنووسی نەخشەڕێگای چاکسازی باجمان ئامادە کردووە، مەبەست لە نەخشەڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی باجە لە هەرێمی کوردستان، ئامانجمان ئەوەیە کە لەم ڕێگەیەوە ئەو بڕە باجانەی کە لە کۆمپانیا و خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، بە سیستەمێکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای قازانجکردنیان ڕێکبخرێتەوە نەک بە شێوەی خەملاندن. بێگومان ستراتیژی و بەرنامەی حکومەت ئەوەیە کە چاکسازی لە بوارە جیاوازەکاندا بکرێت لە پێناو پاراستنی دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیاندا، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەم بەرنامەیەش کە بریتییە لە (ڕێکخستنەوەی سیستمی کارگێڕیی باج) بە تەواوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی لەبەرچاو گرتووە و بە هیچ شێوەیەک بارگرانی لە سەر شانی هاووڵاتیان دروست ناکات، بەڵکو دابینکردنی سیستەمی دادپەروەرانەی لەم شێوەیە سەرئەنجام بە قازانجی کۆی گشتی هاووڵاتیان دەشکێتەوە. لە ئێستادا نەخشەڕێگایەکە لە لایەن لیژنەی باڵا و وەزیرە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەند کراوە و بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسەندکردن.

- **ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی هێنان و کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێم:**

لەسەر بنەمای فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥٨٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥، وەزارەت سەرۆکایەتی لیژنەیەکی تایبەتی کردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژمارەیەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ مەبەستی دارشتنەوە و پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی چۆنیەتی هێنانی کرێکار و کارکردنی کارمەندی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. ئامانج لە دارشتنەوەی ئەم ڕێنماییە ئەوەیە کە دەرفەتەکانی کار زیاتر بۆ گەنجان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگونجێنرێت و هاوکات لەو بوارانەشدا کە پێویستمان بە دەستی کاری دەرەوەیە ڕێگە بدرێت سود لە ئەزموون و توانای کرێکار و کارمەندی بیانی وەربگیرێت.

دواهەمواری ڕەشنووسی ئەم ڕێنماییە لە لایەن ئەم لیژنەیەوە بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/١٢/١٣ بە مەبەستی پەسەندکردن و پاشان جێبەجێکردنی لەلایەن لایەن و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان.

- **ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو بۆ ئەو پرۆژانەی چوونەتە بواری جێبەجێکردن و پرۆژەی تەواوبوو:**

١) ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە و مامناوەند.

٢) ڕووپێوی یەکەگەشتیارییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣.

٣) ڕووپێوی خەرجی گەشتیاری بۆ ساڵی ٢٠٢٣.

٤) ڕووپێوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لە هەرێمی کوردستان IHSESIII .

٥) ڕووپێوی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق.

٦) ڕووپێوی چاودێری گشتگیری ڕەوشی خۆراکی ئاوارەکان لە کەمپەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٧) ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر MICS٧ کە بریارە لە ساڵی داهاتوو بچێتە بواری جێبەجێکردن.

٨) ڕووپێوی ژینگە بۆ کەرتی ئاو و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە هەرێمی کوردستان.

٩) ڕووپێوی هێزی کار.

١٠) ڕاپۆرتی پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بۆ ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٤٠.

١١) ڕووپێوی ڕەوشتەکانی فەرمانبەری لە کەرتی حکومی بۆ چوار وەزارەت، تەندروستی، پەروەردە، کارەبا، و بازرگانی و پیشەسازی.

١٢) ڕووپێوی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان.

١٣) ڕووپێوی جۆری کاریگەرییەکانی گۆرانی کەش و هەوا لە پارێزگای دهۆك.

١٤) ڕووپێوی جۆری هاوسەرگیری پێشوەختە و کاریگەریی لەسەر دوورکەوتنەوە لە خوێندن.

١٥) ڕووپێوی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی خۆراك و ئاسایشی خۆراکی خێزانەکانی خۆجێی لە پارێزگای دهۆك.

١٦) ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی بچوك (مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت).

١٧) ڕووپێوی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچوك ، بچوك و مامناوەند (MSME) لە کەرتی تایبەت.

١٨) ڕووپێوی یەکەگەشتیارییەکان بۆساڵی ٢٠٢٢.

١٩) پرۆژەی پۆلێنی ڕووپۆشی زەوی و بەکارهێنانی زەوی عێراق (LULC).

- **وۆرکشۆپی پلانی هەرێمی بۆ مافی مرۆڤ تایبەت بە گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری:**

بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی پلانی هەرێمی بۆ مافی مرۆڤ تایبەت بە گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری کە ڕێکخرابوو لەلایەن ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی PAO. ڕۆڵی سەرەکی وەزارەتی پلاندانانیان خستە ڕوو بۆ کارو پلانەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە هەرێم.

- **نەهێشتنی ڕۆتین و کەمکردنەوەی بیرۆکراسی:**

- ئاماژە بە خاڵی پێنجەم و شەشەم لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٧/١٥) وە ئاماژە بە نووسراوی فەرمی وەزارەت بە ژمارە (٢٤٨١) لە (٢٠٢١/٩/٢٢) تایبەت بە نەهێشتنی ڕۆتین و کەمکردنەوەی بیرۆکراسی نەرێنی لە دام و دەزگاکانی هەرێمدا بە ئاراستەی بنبڕکردنی و جێبەجێکردنی سەرجەم مامەڵەی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یاسایی و خێرا و وورد لە لایەن فەرمانبەران و کارمەندان ڕەچاوی ئەوە کراوە لە هەموو ئاستەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ئاست بەرپرسیاریەتی بین بەشێوەیەکی خێرا کاروباری هاووڵاتیان لە چوار چێوەی یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێ.
- وەڵامدانەوەی داواکاری و سکاڵا و پرسیاری هاووڵاتیان بەشێوەیەکی خێرا و گونجاو لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان لە ڕێگای سکاڵای ئەلیکترۆنی و ژمارە مۆبایلی تایبەت وە بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٣٥) لە (٢٠٢٠/٢/١٢) بە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەری یاسایی هەڵساین بە دروستکردنی سیستەمی سکاڵای هاووڵاتیان بە هاوکاری و فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری کە لە ئێستادا لە قۆناغی کۆتایی دایە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان.

لە ئاستی خزمەتگوزاری:

دوا بە دوای ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ٢٠٢٢/٤/٢٨ لە کۆتاییەکانی ساڵی سێیەمی کابینەی حکومەت بە تەرخانکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بە بڕی ٣١٥ ملیار دینار ، لە دەستپێکی ساڵی چوارەمی کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێم بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٢/٨/١٧ بڕی زیاتر لە ٧٣٦ ملیار دینار بۆ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ی بودجەی وەبەرهێنانی ڕەزامەندی لە سەر درا بە مەبەستی جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییە بەردەوامەکان بۆ گشت وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت و ڕیزبەندکردنی هەندێک پرۆژەی نوێ کە بە شێوازی خوارەوە بە سەر پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم دابەشکرا.

خشتەی پرۆژەکانی بەردەوام و پێشنیار - بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان – (٢٠٢٢-٢٠٢٣)			
پارێزگا / ئیدارە	ژماری پرۆژەکان	تەرخانکراوی ٢٠٢٣ (ملیۆن دینار)	ڕێژە
هەولێر	٣٩٨	٢٠٢،٧٨٦	٢٨,٥٪
سۆران	١١٧	٣١،٤٠٨	٤,٤٪
دهوک	٢٥٩	١٤٦،٤٠٠	٢٠,٦٪
زاخۆ	٥٥	٢٨،٤٣٥	٤,٠٪
سلێمانی	٣٥٩	٢١١،٦٤٧	٢٩,٨٪
هەلەبجە	٥٢	٢٢،١٧٥	٣,١٪
ڕاپەڕین	٦٢	١٦،٢٨٥	٢,٣٪
گەرمیان	٨٢	٥١،٨٦٨	٧,٣٪
هەرێم	٤٥	٢٥،٧٥٥	٣,٦٪
کۆی گشتی	**١،٤٢٩**	**٧٣٦،٧٥٩**	**١٠٠٪**

دوای ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر لیستی وەزارەتی پلاندانان لە ٢٠٢٢/٨/١٧ بۆ دابینکردنی تەرخانکراوی ساڵانە بۆ پرۆژەکان و بە مەبەستی بەردەوامبوون لە سەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان بە پێی پێویستی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەزامەندی نوێی ڕیزبەندکردن و دابینکردنی بودجە بە نووسراوی تایبەت بۆ وەزارەتی پلاندانان ڕەوانە دەکرا کە لە ئێستادا و لەکۆتایی ساڵی چوارەمی کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە **یەک تریلیۆن** دینار تەرخانکراوە و **٣٥٠ ملیار** دینار خەرجکراوە بۆ پرۆژەکانی ڕەزامەندی دراو کە بە شێوازی قۆناغ و بە پێی توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژەکان خەرج دەکرێت کە زیاتر بۆ سێکتەرە خزمەتگوزاریەکان وەک ئاو و ئاوەڕۆ، ڕێگاوبان، بەنداو و پۆند، قۆتابخانە و هتد... خەرج دەکرێت.

لە هەمان چوارچێوەدا لە ساڵی چوارەمی کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێم، ٢١١ پرۆژەی نوێ ڕەزامەندی لە سەر دراوە و تەرخانکراوی پێویست بۆیان دابینکرا بە مەبەستی جێبەجێکردنیان کە وەک نمونە هەندێک لە پرۆژەکان لە خوارەوە ئاماژە پێدراوە.

- دروستکردنی فڕۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی (بڕگەی ڕاوێژکاری و دیزاین) (١٩ ملیار).
- پرۆژەی بەنداوی مەنداوە (سەرپەرشتیاری و ڕاوێژکاری) (٢٠ ملیار).
- ڕاکێشانی بۆڕی (١٤٠٠ ملم)ی کاربۆنی ستیل لە نێوان کانی خان و تاسلوجە (٤٢ ملیار).
- چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکانی (گاوەر، خدرجیجە، لاوەر، حاجی شێخان، خەبات) (٥ ملیار و ٤٨٣ ملیۆن).
- ئاوەڕۆی دەربەندیخان کە دەڕژێتە چەمی دێوانە (٧ ملیار).
- دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی لە کەندی هەولێر لە تورەق (٧ ملیار و ٧٥٠ ملیۆن)

- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی (وارماوە، زەلەڕەش، دەردەکەڕ، ناوتەق، دەربەندیخان) لە (وارماوا - دەربەندیخان) بە درێژی ٢٢ کم (٨ ملیار).
- دروستکردنی قوتابخانە لە قەزاکانی پارێزگای دهوک و ئیدارەی زاخۆ (١٣ ملیار).
- دروستکردنی قوتابخانەی (١٨)پۆلی لەگەڵ ئامادەیی کشتوکاڵ بۆ ناحیەی سیروان (٤ ملیار).
- دروستکردنی جووت سایدی شەقامی فیدراڵ لە قەزای کۆیە (٦ ملیار).
- دروستکردنی کۆمەڵگەیەک بۆ فەرمانگەکانی سەر بە ب.گ.بازرگانی سۆران (٤ ملیار).
- دابینکردن و دانانی ٣ ترومپا و ماتۆر بۆ پرۆژەی ئاوی دوکان - سلێمانی هێڵی ٢/ لەگەڵ پێداویستییەکانی پرۆژەی ئاوی دوکان (٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن).
- چاککردنەوەو بەیەکەوە بەستنی ناحیەی سێگردکان - دێگەڵە (٤ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن).
- دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی قەرەچووغی گەوەرە (٥ ملیار).
- ڕاکێشانی بۆڕی (٨٠٠ ملم)ی کاربۆن ستیل لە ناوچەی قولەڕەیس (٥ملیار و ٦٠٠ ملیۆن).
- چارەسەرکردنی کێشەی لافاو لە دەوروبەری شەقامی (١٥٠) مەتری لە هەولێر (٩ ملیار).
- چێکرنا ڕێکا سەرەکی جووت سایدێ چڕە بدرێژاهیا (٢٦٥٠)م و بفرەهیا ٤٠م (١١ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن).
- جوانکاری و گەشتیاری کردنی دەوروبەری قەڵای شیروانە لە کەلار (٢ملیار و ٤٠٠ ملیۆن).
- پرۆژەکانی سێکتەرە جیاوازەکانی ئاکرێ و بەردەڕەش (٢٠ ملیار).
- چێکرنا ڕێکێن ناڤخۆیی ل تاخێ سەر هلدان قۆناغا ئێکێ (١ملیار و ٤٠٠ ملیۆن).
- دیزاین و دروست کردنی بەشێک لە شەقامی (٦٠) م لە قەزای کۆیە (٢ ملیار).

- **پرۆژە تەواوبووەکانی ساڵی چوارەمی کابینەی ٩:**

لە ئەنجامی بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و خەرجکردنی پێشینەکان لە کۆی ٣١٠٠ سێ هەزار پرۆژەی بەردەوام لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و وەبەرهێنانی وەزارەتەکان زیاتر لە ١٦٠٠ پرۆژە تەرخانکراوی ساڵانەیان بۆ دابینکراوە و ٣٥٠ ملیار دینار بۆیان خەرجکراوە و لە ئەنجامدا ٢٣٠ پرۆژە تەواوکراون بە بڕی ٥٠ ملیار دینار و خراونەتە لیستی پرۆژە تەواوبووەکان.

- **شایستە دارایی کۆمپانیا بیانییەکان:**

لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێکراون و بڕێکی شایستە داراییان ماوە، بێجگە لە پرۆژەکانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان کە بە شێوازی قۆناغ بۆیان خەرج دەکرێت بە دوو نووسراوی جیاواز لە مانگی ١ی ٢٠٢٣ و لە مانگی ٤ی ٢٠٢٣ ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەرگیرا بە

خەرجکردنی شایستە دارایی کۆمپانیا بیانیەکان بە بڕی ١ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار بە شێوەی مانگانە و نەختینە بۆ کۆمپانیا ئێرانیەکان و کۆمپانیا تورکییەکان بە پێی ڕێژەی بەرکەوتەیان و وەزارەتی پلاندانان کاری پێویستی ئەنجامدا بە دانانی تەرخانکراوی پێویست بۆ ئەم پڕۆژانە و ڕیزبەندکردنی هەندێک پڕۆژە کە لە لیستی پڕۆژەکان نەبوون.

- **چالاکییەکان لە بواری گرێبەستە گشتییەکان:**

١) وەرگێڕانی بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ گرێبەستەکانی پڕۆژەکانی کارە بچووکەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

٢) وەرگێڕانی بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی ناراوێژکاری بۆ سەر زمانی کوردی.

٣) دانانی بەڵگەنامەی کەمکردنەوە بۆ دابینکردنی (سێرڤەرات) بۆ فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT) لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ سیستمی مووچە و میلاکی حکومەت و ئەنجامدانی تەواوی پرۆسەی گرێبەستکردن و سەرپەرشتیکردنی رادەستکردنی سێرڤەرەکان لە لایەن دابین کارەوە کە لە ئێستادا تەواو بووە.

٤) دەستکردن بە پرۆسەی هەموارکردنەوەی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە ٢ی ساڵی٢٠١٦، و تەواوکردنی ئەو بەشەی کە ئۆفیسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای کردووە.

٥) جێبەجێکردنی چەند خولێکی راهێنان لەسەر ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ و بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە (SBDs) بۆ گشت وەزارەت و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. ئەمە کارێکی بەردەوامی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانە، بەپێی پێویست و لەسەر داواکاری وەزارەت و پارێزگاکان و بە هاوکاری ئەوان جێبەجێ دەکرێت.

- **جێبەجێکردنی خولەکانی راهێنان:**

ژ	ناوی خولی راهێنان	پارێزگا	ژ.بەشداربووان
١	بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ دابینکردنی کاڵا	دهۆک	٢٦
٢	بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ گرێبەستەکانی پرۆژە بچووکەکانی کاری بچووک	هەولێر سەنتەری کیپا	٢٢
٣	بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ گرێبەستەکانی کارە بچووکەکان	ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ	٣٧
٤	بەڵگەنامە ستاندارەکانی کەمکردنەوە بۆ گرێبەستەکانی کارە بچووکەکان	پارێزگای هەڵەبجە	٣٥
٥	بەڕێوەبردنی پرۆژەکان (Project Management) فەرمانبەرانی (سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و چەمچەماڵ).	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی	٥٦
٦	بەڵگەنامەی ستانداردی کەمکردنەوە بۆ خزمەتگوزاری راوێژکاری	و. پەروەردە/ هەولێر	١٨
٧	رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦	کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی/ هەولێر	٢٦
٨	رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ (بەڕێوەبەرە گشتییەکان)	هەولێر سەنتەری کیپا	٢٥
٩	دەسپاکی لە پرۆسەی گرێبەستکردن	هەولێر	٢١
١٠	بەڕێوەبردنی پرۆژەکان (Projects Management)	سەنتەری پەرەپێدان لە وەزارەتی کارەبا	٢١
	کۆی گشتی بەشداربووان		**٢٨٧**

- **چالاکییەکان لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی:**

- لە ساڵی چوارەمی تەمەنی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەت لە ڕێگەی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (کیپا- KIPA) هەڵسا بە ئەنجامدانی (٦٣) خولی جۆراوجۆر کە (٩٧٣) فەرمانبەری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون بە شێوەی خولی ناوخۆی هەرێم و خولی دەرەوەی هەرێم بە شێوەی ئۆنلاین ژمارەیان (٤٠) خولە کە (١٢٠) فەرمانبەری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون.

- **سەبارەت بە چالاکی بەڕێوەبەرایەتی بازاڕکاری و پەیوەندیکردن:**

- ئامادەکردنی مانوێڵێکی تایبەت بە بازاڕکاری، ئەو مانوێڵە دوای ئەوەی پشتڕاستکرایەوە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە، بڕیاری ئەوەی لەسەردرا کە بخرێتە ناو خشتەی خولەکانی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی. ئەو مانوێڵە لە ماوەی هەشت مانگدا بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە باوەڕپێکراو و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی لە بواری بازاڕکاری، نووسراوەتەوە .

- ئامادەکردنی ڤیدیۆ مۆنتاژێکی تایبەت بە کار و چالاکییەکانی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی KIPA کە تێیدا باس لە پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. ئەو ڤیدیۆ مۆنتاژەش بۆ بەشداربووانی خولەکانمان نمایش دەکرێت. لە ئامادەکردنی ڤیدیۆ مۆنتاژەکەشدا سوودمان لە پسپۆڕانی بیانی وەرگرتووە.
- لەگەڵ دامودەزگا حکومی و رێکخراوەکانیشدا لە هەماهەنگیی بەردەوامداین بۆ ئەوەی دەستنیشانی پێویستییەکانی راهێنانی فەرمانبەران بکەین و ئەو کەموکوڕییانەش چارەسەر بکەین کە لە خولەکانماندا هەن.

- **چالاکییەکان لە بواری پۆلێنی بەڵێندەران:**

- وەزارەت هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کاری کۆمپانیاکان و پۆلینی بەڵێندەران، لە بەڕێوبەراتی پۆلێنی وەزارەتمان (٢٤٣١) دۆسیەی کۆمپانیاکان و بەڵێندەران هەیە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١) تاوەکو (٢٠٢٣/٦/١) لیژنەی تۆمار و پۆلینکردنی بەڵێندەران (٨) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە، وە کاری لەسەر وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو نووسراوانەی کە لە گشت وەزارەت و لایەنی حکومییەکان هاتووە رەزامەندی داوە بۆ پاکتاوکردن و کڕین و فرۆشتنی پشکی هاوبەشەکانی کۆمپانیا و دانان یان دەرهێنان لە لیستی رەش و پشتگیری کردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە کاری بەڵێندەرایەتی لە دەروەی سنوری هەرێم ئەنجام دەدەن دوای دیراسەتکردنی دۆسیەی ئەو کۆمپانیایانە کاریان بۆ ئەنجام دراوە.

- **ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو لە بواری خزمەتگوزاری:**

١) ڕووپێوی یەکەگەشتیارییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

٢) ڕووپێوی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئینتەرنێت بۆ خێزان وتاك بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

٣) ڕووپێوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لە هەرێمی کوردستان IHSESIII .

٤) ڕووپێوی چاودێری ڕەوشی خۆراك بۆ ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٥) وێبسایتی نوێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە نوێترین تەکنولوجیای سەردەم کەوتە بەر دەستی بەکارهێنەران http://krso.gov.krd/.

- **رێکار و چالاکی خزمەتگوزاری لە بواری ئاماردا:**

- خستنە ڕووی داتا و زانیاری بۆ بەکاربەران (ڕێکخراو، وەزارەتەکان، قوتابیان) لەلایەن دەستەی ئامارەوە.
- پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی هێزی کار کە ڕووپێوەکەی لە ساڵی ڕابردوو.

- ئامادەکردنی داتای داواکراو سەبارەت بە دانیشتوان و هێزی کار لەلایەن لایەنە حکومی و ناحکومییەکان و کەسەکان.
- سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو سەرنج و بۆچونیان بۆ بابەتی نەخشەی ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان.
- ئامادەکردنی پرسیارنامەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان لە عیراق (IHSESIII).
- ڕێکخستنی داتای تایبەت بە ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان و گواستنەوەیان بۆ spss.
- ڕێکخستنی داتای تایبەت بە ڕووپێوی چاودێری ئاسایشی خۆراك بۆ ئاوارە و پەنابەرەکان گەڕی دووەم FSOM.
- ئامادەکردنی پرۆژەی (GSBPM) بەمەبەستی بەکارهێنان لە پرۆژەکانی ئاماری لە دەستە.
- پێداچوونەوە بە دیدگای هەرێمی کوردستان ٢٠٣٠ لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەوە.
- ئامادەکردنی پرۆگرامی تایبەت بە چوارچێوەی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣.
- سەرپەرشتیکردنی داتای تایبەت بە چوارچێوەی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣.
- ئامادەکردنی پرۆگرامی تایبەت بە ڕووپێوی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان.
- پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی ڕووپێوی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ تاك و خێزان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق.
- پاککردنەوەی داتای تایبەت بە چوارچێوەی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣.
- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی پرسیارنامەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان لە عیراق (IHSESIII) لە ڕۆژانی ٢-٢٠٢٣/٤/١٦.
- ئامادەکردنی پرۆگرامی تایبەت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان لە عیراق (IHSESIII).
- پیشاندان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی ڕووپێوی ژینگەیی بۆ کەرتی ئاو، ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاری شارەوانی لە عیراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣.

- **چالاکییەکان لە بواری هەماهەنگی و پەرەپێدان:**

١) هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئاژانسی JICA ی یابانی بۆ باشتر بەڕێوەچوون و کاراترکردنی کار و چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ لە شاری هەولێر، پرۆژەی دێرەلوک کە بەرەو کۆتایی دێت لە بواری کارەبا.

٢) هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئاژانسی (JICA) ژاپۆنی تایبەت بە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێم لە بواری دانانی پرۆژەی ماستەر پلانی شاری هەولێر کە ئەو پرۆژە ستراتیجیە گرینگە وڵاتی یابان لە ڕێگای ئاژانسی جایکا بۆ شاری هەولێر دەکات.

٣) هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئاژانسی JICA ی یابانی بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێن یۆنیدا لێپرسراوی جایکا بۆ عێراق و لەگەڵ تیمی باڵای سومیتۆمۆ کۆرپەرەیشن کە لە هەمان کات بەرپرسی کۆمپانیای TOYOTA ی عیراقیشن.

- **چالاکییەکان لە بواری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری:**

چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی:

١) چالاکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە بەغدا ئەنجام دەدرێت لە بوارەکانی (خشڵ، تایبەتمەندی، پەسندپێوی) و پێدانی ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری پارێزگاکان.

٢) سەبارەت بەپێدانی تایبەتمەندی کە لە ماوەی ئەم ساڵە (١٢٠) تایبەتمەندی دراوە.

٣) سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی ئەو بەشانەی کە دەکەونە چوارچێوەی مەودای (Scope) خزمەتگوزاری پێدانی تایبەتمەندی پێوانەی عێراقی بە خزمەتخوازان، گشت پێداویستییەکان لەرووی دۆکیۆمێنت و فۆرم و ڕیکۆردەکان لە گشت بەشە پەیوەندیدارەکان بە تەواوی ئامادەکران دواتر ووردبینی ناوخۆی (Internal Audit) لەلایەن ئەندامانی تیمی ئایزۆ لەسەر بەشە پەیوەندیدارەکان، دوای تەواوبوونی ئامادەکارییەکان ئینجا ووردبینی فەرمی لەلایەن کۆمپانیای (BV) ئەنجامدرا (External Audit) کە ئەویش بە دوو قۆناغ بوو، قۆناغی سەرەتایی (Initial Audit) و قۆناغی سەرەکی (Main Audit) کە لە ئێستادا تەنها ئەوە ماوە بەشێوەیەکی فەرمی لە ماوەیەکی کەم بڕوانامەکە ببەخشرێت بە دەستەکەمان لەلایەن کۆمپانیای B.V (Certification Body).

- **چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری:**

١) لە ڕووی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دوای دەرچوونی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٨٤) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣ کە بە نووسراویان ژمارە (١٨١٩٣) لە ٢٠٢٢/١٢/١٣ هاتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری هەڵساوە بە ئامادەکردنی میکانیزمی سەرپەرشتی کردنی پرۆگرامی پەیڕەو کراو لە کۆمەڵگاو دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کە گرێبەستیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و

ئابووری. لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٩) دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێم کۆبوونەوەیەکی لە هۆڵی (شەهید مامۆستا سعد عبدالله) ئەنجامدا کە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەخۆ گرتبووەوە لەم کۆبوونەوەیە گفتوگۆ لەسەر میکانیزم و پلانی دەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و دروست نەبوونی رێگری لە جموجۆڵی بازرگانی لە کۆمەڵگاو دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها کەمکردنەوەی ئەرك و خەرجی زیاتر لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی مادی و لۆجستی و مرۆیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگاو دەروازە سنووریەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێم بە پێکهێنانی بۆردێك بە سەرپەرشتی بنکەی کۆنترۆڵی جۆری کە بنکەکانی پسپۆڕی (تەندروستی، کشتوکاڵ، ڤێتنەری، بیناسازی و سامانە سروشتییەکان) لەخۆ بگرێت بە شێوەیەك کە کاریگەری لەسەر کارو بەرپرسیاریەتی بنکەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە نەبێت و راستەوخۆ بەستنەوەی بۆردەکە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی (Database)ی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کە کاری پشکنین ئەنجام دەدەن لە دەروازە و فرۆکەخانە داوی ئەنجامدانی رێکارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، بە نووسراوی وەزارەت/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر ژمارە (١٤) لە (٢٠٢٣/٤/٤)کە ئاراستەی سەرجەم کۆمەلگاو دەروازە سنووریەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ دانانی میکانیزم وە لە ئێستادا چاوەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانین بۆ دانانی رێژەیەک لە رێژەی (٣٨٪)ی داهاتی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆمەڵگاو دەروازە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان کە ئاماژەی پێکراوە بە نووسراوی وەزارەتمان/ نووسینگەی وەزیر ژمارە (١٢) لە ٢٠٢٣/٣/٢٧ بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمی سەرپەرشتی کردنی پرۆگرامی پەیڕەوکراو لە دەروازە سنووریەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان.

٢) لە رووی وەرگرتنی نمونە (سامپڵ) بۆ ئەو کەلوپەلانەی کە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێم لێی بەرپرسیارە وەك (یەدەگی ئۆتۆمبێل، یاری منداڵان، کەرەستەی خاوی کارگە، ئامێری کارەبایی و ئەلکترۆنی ناوماڵان، کەرەستەی پلاستیکی چێشتخانەکان، کەل و پەلی مۆبیلیا، مەوادی خاوێنکردنەوە، مەوادی جوانکاری) لە دەروازە سنووریەکان نموونە لە کەلوپەلەکان وەردەگیرێت و دەنێردرێت بۆ تاقیگەی کۆمپانیای پشکنین لە دەروازە و دوای دەرچوون لە پشکنین رێکاری پەسەندکردنی لەلایەن کارمەندی بنکەی کۆنترۆڵی جۆری دەروازە ئەنجام دەدرێت وە ئەگەر ئەنجامی نمونەی وەرگیراو لە پشکنین دەرنەچوو ئەوە بنکەکان رێکاری گەڕانەوەی بار یان لەناوبردنی باری بۆ ئەنجام دەدات و رێگای پێنادرێت هاوردەی هەرێم بکرێت.

- **کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی:**

١) **هۆبەی پیشەسازی خۆراك:** کارەکانیان ئەنجامدانی پشکنینی خۆراکە لە تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی ئەنجام دەدرێت لەسەر داواکاری لیژنەکانی قایمقامیەت و لایەنی پەیوەندیدارەکان کە لەم ماوەیە پشکنین بۆ (١٣٩) سەدو سی و نۆ ماددەی خۆراکی کراوە کە (٨٧) هەشتاو حەوت ماددە لە پشکنین دەرچوون و (٥٢) پەنجاو دوو ماددە لە پشکنین دەرنەچوون.

٢) **هۆبەی کۆنترۆڵی جۆری ئەم کارانە لە خۆ دەگرێت:**

- بەدواداچوون و وردبینی کردنی گشت کارەکانی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی وخاڵە سنوورییەکان.
- چاودێری کاری بنکەکانی کۆنترۆڵی جۆری لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان.

٣) **هۆبەی بەڕێوەبردنی جۆری پلان:**

کاری ئامادەکردنی کار و چالاکی و ئامادەکردن و ناردنی ئەنجامی پشکنینی موادو کاڵا هاتووەکان لە مەرزەکان و بنکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خۆ دەگرێت کە:

- کەلوپەلی ڕێگەپێدراو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی لە مەرزەکانی (باشماخ، پەرویزخان، فڕۆکەخانە، شوشمێ، سەرتەك، سەیران بەن و کێڵێ) بە بڕی (٢٨٥٢٩) بیست و هەشت هەزار و پێنج سەد و بیست و نۆ بار بە کێشی (٢١٩٣٤٩,٢٩٥) دووسەد و نۆزدە هەزار و سێ سەد و چل و نۆ تەن و دووسەد و نەوەد و پێنج کگم و (٨٣٨٧٧) هەشتا و سێ هەزار و هەشت سەد و حەفتا و حەوت کارتۆن لە دوای دەرچوونیان لە پشکنینی تاقیگەیی.

ژ	بنکە	بری بار / تەن	بری بار / کارتون	ژمارەی بار
١	باشماخ	٦٦٣٠١,١٦٥	٧٧٩٦٧	٣٢٩٢
٢	پەرویزخان	٢٧١٩٥,٦٦٨	٠	١٢٧٤٨
٣	فڕۆکەخانە	٥,٦١٥	٥٩١٠	١١
٤	شوشمێ	٢٦٤٩,٩١٢	٠	٣٥٧
٥	سەرتەك	٧٢٧٢٢,٥٩	٠	٨٣٥٦
٦	سەیران بەن	١٥٨١٥,٣٩٨	٠	١٢٦٨
٧	کێڵێ	٣٤٦٥٨,٩٤٧	٠	٢٤٩٧
	کوی گشتی	٢١٩٣٤٩,٢٩٥	٨٣٨٧٧	٢٨٥٢٩

- کەلوپەلی گەڕاوە بۆ وڵاتی سەرچاوە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی لە مەرزەکانی (باشماخ، پەرویزخان، فڕۆکەخانە، شوشمێ، سەرتەك، سەیران بەن و کێڵێ) کە لەم ماوەیەدا تەنها (٩٣) نەوەد و سێ بار بە بڕی (١٢٩٨,٤١٨) هەزار و دووسەد و نەوەد و هەشت تەن و چوارسەد و هەژدە کگم و (١٢٥٩٧) دوانزە هەزار و پێنج سەد و نەوەد و حەوت کارتۆن گەڕاندراوەتەوە بۆ وڵاتی سەرچاوە لە مەرزەکانی (باشماخ، پەرویزخان، ، شوشمێ، سەرتەك وسەیران بەن).

ژ	بنکە	بری بار / تەن	بری بار / کارتون	ژمارەی بار
١	باشماخ	٥٦٨,٥١٦	١١٥٩٧	٣٢
٢	پەرویزخان	٥٧٤,٤٥	٠	٤٨
٣	شوشمێ	٠,١٢	٠	١
٤	سەرتەك	٤,٧٢	١٠٠٠	٣
٥	سەیران بەن	١٥٠,٦١٢	٠	٩
	کوی گشتی	١٢٩٨,٤١٨	١٢٥٩٧	٩٣

- کەل و پەلی لەناوبراو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی لە مەرزەکانی (باشماخ، پەرویزخان، فرۆکەخانە، شوشمێ، سەرتەك، سەیران بەن و کێلێ) کە لەم ماوەیەدا (٦) شەش بار بە بڕی (١٣،٥٥٠) سیانزە تەن و پێنج سەدو پەنجا کگم لەناوبراوە لە مەرزی باشماخ.

- **کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگای دهۆك:**

١) چالاکییەکانی لیژنەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگای دهۆك بۆ سەردانکردن و بەدواداچوون و چاودێری بازاڕ کە کارەکانیان بریتیە لە (سەردان، هۆشداری، دادگا، داخستن، تەلەفکردن و غرامە) کەلەم ماوەیەدا (٢٣٢٨سەردان، ٣٥داخستن، ٤٠١ هۆشداری و تەلەفکردنی ١تەن و٨٤٠کگم + ١٤١٥ پارچە +١١٧٤ دانە)یان ئەنجامداوە.

٢) چالاکییەکانی لیژنەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگای دهۆك بۆ سەردانکردن و بەدواداچوون و چاودێری کردنی شوێنەکانی تایبەت بە پیشەسازییەکانی خۆراك کە کارەکانیان بریتیە لە (سەردان، هۆشداری، دادگا، داخستن، سزدان و تەلەفکردن) کەلەم ماوەیەدا تەنها (٩١٩سەردان، ١٧٨هۆشداری، ٢٣داخستن، ١٠،٢٥٠،٠٠٠ دینار سزادان و ١٥٢٠٥ پارچە +٣٣٠ کارتۆن+ ٧ تەن و ٦٦کگم+ ١٨٨٥ دانە تەلەف)یان ئەنجامداوە.

٣) کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی وکۆنترۆڵی جۆری دهۆك لە مەرزەکانی (ئیبراهیم خەلیل و فیشخاپوور) کە پشکنین بۆ کەرەستەو مەوادو کاڵا جۆراوجۆرە هاتووەکان دەکەن وە بڕی دەرچووەکان لە پشکنینی تاقیگەیی دەکاتە (٢٩٠٤٣) بیست و نۆ هەزار و چل و سێ بار بە کێشی (٤٢٠٧٨٥،٤٧٧) چوارسەد و بیست هەزار و حەوت سەد و هەشتا و پێنج تەن و چوار سەد و حەفتا و حەوت کگم رێگەپێدراون بۆ هاتنە ژوورەوە.

٤) کەلوپەلی لەناوبراو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری دهۆك لە مەرزەکانی (ئیبراهیم خەلیل و فیشخاپوور) لەم ماوەیەدا تەنها بڕی (٢٢) بیست و دوو بار بە کێشی (٢٢٢،١٢٠) دوو

سەد و بیست و دوو تەن و سەد و بیست کگم لەناوبراون لە مەرزی ئیبراهیم خەلیل کە لە پشکنین دەرنەچوون.

- **کار و چالاکی بنکەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر لە سنووری حاجی ئۆمەران فرۆکەخانە:**

١) کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر لە مەرزی حاجی ئۆمەران و فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی کە پشکنین بۆ کەرەستە و مەواد و کاڵا جۆراوجۆرە هاتووەکان دەکەن کەلەم ماوەیەدا بڕی (١٥٣٥٥) پانزە هەزار و سێ سەد و پەنجا و پێنج بار بە کێشی (٢٢٣٢٥٧،٦١٥) دوو سەد و بیست و سێ هەزار و دوو سەد و پەنجا و حەوت تەن و شەش سەد و پانزە کگم رێگەپێدراون لە دوای دەرچوونیان لە پشکنینی تاقیگەیی.

٢) کەلوپەلی گەڕاوە بۆ وڵاتی سەرچاوە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر لە مەرزی حاجی ئۆمەران لەم ماوەیەدا بڕی (١١٦) سەد و شانزە بار بە کێشی (٢٥٨٨،١٩١) دوو هەزار و پێنج سەد و هەشتا و هەشت تەن و سەد و نەوەد و یەك کگم گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی سەرچاوە.

٣) کەلوپەلی لەناوبراو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر لە مەرزی حاجی ئۆمەران لەم ماوەیەدا بڕی (١٣) سیانزە بار بە کێشی (٤٢،٠٩٠) چل و دوو تەن و نەوەد کگم لەناوبراوە.

- **کار و چالاکی هۆبەی خشل/ ب.پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری (هەولێر و سلێمانی و دهۆک):**

ژ	چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک
١	دەرهێنانی مۆڵەتی زێرنگەری	٣٢مۆڵەت	٨ مۆڵەت	٢٥ مۆڵەت
٢	دەرهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەڵ	٢ مۆڵەت	٢ مۆڵەت	١ مۆڵەت
٣	دەرهێنانی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ	٤ مۆڵەت	٠	٩مۆڵەت
٤	تازەکردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ	٥٢٢ مۆڵەت	٣٩٩ مۆڵەت	٣٧٨ مۆڵەت
٥	تازەکردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەڵ	٨ مۆڵەت	١٦ مۆڵەت	٠
٦	تازەکردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ	٨٠ وەرشە	٨٢ وەرشە	٨٨ وەرشە
٧	پشکنینی خشڵی هاوردە (زێڕ، پلاتین، زیو)	١٢١ کگم	٣٤٣١٢ کگم	١٥١،٣٠٦کگم
٨	پشکنینی پسولەی فرۆشتنی زێڕ	٥٤٣ پسوولە	١٦٣ پسوولە	٥٢٣ پسوولە
٩	پشکنینی دوکان و وەرشەی زێڕنگەری	٦١ دوکان	٢٧ دوکان	٦٤ دوکان
١٠	کێشکردنی تەرازوو	٦٤٨ تەرازوو	١٦٣ تەرازوو	٥٠٦ تەرازوو
١١	سەردانی لیژنەی چاودێری بازاڕ	٦٨ سەردان	٤٩٢ سەردان	٨٩ سەردان
١٢	زێری پشکێنراو لەلایەن لیژنەی چاودێری بازاڕ	٣٨ کگم	١٨٧ کگم	١٩٩٤کگم
١٣	تاقیکردنەوەی زێرنگران و خاوەن وەرشەکان	٣٨ تاقیکردنەوە	١٧ تاقیکردنەوە	٤٠ تاقیکردنەوە
١٤	هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکان	١٣هەڵوەشاندن	١٥هەڵوەشاندن	٣٨هەڵوەشاندن
١٥	ئاگادارکردنەوەی ئەو زێرنگەرانەی مۆڵەتیان نوێنەکردۆتەوە	٣ داخستن	١ داخستن	٥ داخستن

لە ئاستی پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- **ئەنجامدانی سەرژمێری لە عێراق:** وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێم چالاکانە بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵای سەرژمێری.
- **سندوقی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی(SFD)** : پرۆژەیەکە بۆ گەشەپێدانی گوندەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بودجەی بۆ دابین دەکرێت. لە وەزارەت تیمێکی تایبەت بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کارەکانی ئەم پرۆژەیە لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) پێکهێنراوە.

لە ئاستی ئابووری و داراییدا

- ئامادەکردنی چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆرمی ئابووری ٢٠٢١-٢٠٢٣ .
- چاکسازی یەکێکە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە گرنگییەکی زۆر دراوە بە ئەنجامدانی چاکسازی لە هەموو ئاستەکاندا بۆ چەسپاندنی یاسا، ڕێکخستنەوەی کەرتی وەزیفی گشتی، نەهێشتنی گەندەڵی و چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی حکومەتی هەرێم و بە تایبەت لە بواری نەوت و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج بۆ چەسپاندنی دادپەروەری.

  بە گشتی پلانەکە لە پێنج بواری چاکسازی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە :

  ١) بواری دارایی گشتی.
  ٢) بواری دروستکردنی ئابوورییەکی هەمەجۆر و هاندانی پەرەپێدانی ئابووری.
  ٣) بواری دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی گونجاو.
  ٤) بواری زیادکردنی دەستگەیشتن و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.
  ٥) بواری حکومڕانی باش.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، هەڵسا بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر گفتگۆکردن و دەوڵەمەندکردنی کۆڵەکەکانی پێکهاتەکەی ڕەشنووسەکە و بەستنی بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDGs) چەندین ڕۆکشۆپمان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکخست.

- **ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو لە ئاستی ئابووری و دارایی و خزمەتگوزاری:**

١) ڕووپێوی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (MSMEs) ی بۆ کەرتی تایبەت.

٢) چاودێری و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی خۆراکی ئاوارە و پەنابەران.

٣) ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی بچوك (مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت).

٤) پرۆژەی ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق (IHSESIII).

٥) ڕووپێوی چاودێری ڕەوشی خۆراك بۆ ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٦) ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە و مامناوەند.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی و یاسای لێبوردنی گشتی سزادراوان.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کارکردنی کرێکاری بیانی دوابەوای بڕیاری ژمارە (١٧٢) ئەنجومەنی وەزیران.
- بەپێی ڕێنمایی وەزارەت و وەزارەتی دارایی بڕینی مووچەی ئەو کەمئەندامانەی کە خانەنشینیان هەیە و بەپێی یاسای چاکسازی نابێت دوو مووچە وەربگرن یان بە لەدەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی سودمەند بوون .
- پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دۆسیەی فەرمانبەران، بەپێی یاسای چاکسازی.
- بەرزکردنەوەی ڕەشنوسی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە جێگای سیستەمی چاکسازی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٨ بگرێتەوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی مومارەسەی پیشە لە کوردستان (خزمەتگوزارییەکانی پاش فرۆشتن).
- دەرکردنی کۆمەلێک: ڕێنمایی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە، ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشی دەروونی، ڕێنمایی تایبەت بە ماڵی حەوانەوەی تووشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم، ڕێنمایی تایبەت بە ڕێژەی کرێکاری بیانی، ڕێنمایی تایبەت بە هێزی جێبەجێکردن لە چاکسازییەکان، ڕێنمایی تایبەت بە شەڵتەرەکان و ڕێنمایی تایبەت بە وشیارکردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت.
- دانانی میکانیزم و مەرج و ڕێکاری نوێ بۆ پاڵپشتی پرۆژەی (زۆر بچووك و بچووك و مامناوەند) لە ناوی (پرۆژەی گەشانەوە).
- بە خۆڕایی کردنی خوێندنی سزادراوان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکەیە لەو خزمەتانەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی توانی بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستەبەری بکات.
- ڕێکخستنەوەی دەوام و کار و چالاکییەکان و جلوبەرگ و هێمای سەرجەم کارمەندانی هێزی جێبەجێکار لە چاکسازییەکاندا.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای سزای جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان.
- بەردەوام بوون لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شایستە و کاراکردنی پڕۆسەی چاکسازی بۆ سزادراوان، لە میانەی شەش چاکسازی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە لە ئێستادا (٥٠٩٣) پێنج هەزار و نەوەد و سێ سزادراو لە خۆ دەگرن.
- کاراکردنەوەی لیژنەی دادگەری منداڵ لە هەرێمی کوردستان، کە یەکێکە لەو لیژنانەی ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی چەندین گرفتی یاسایی منداڵان.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای پاراستنی منداڵ لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پاڵپشتی ڕێکخراوی یونسیف و شارەزایانی نێودەوڵەتی و بەشداری سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و وەرگرتنی بۆچوونی کۆمەڵگای مەدەنی و پسپۆڕانی زانکۆ و بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانەکراو لەوێش بۆ ئەنجومەنی شورا ڕەوانەکرا و پاش ڕەچاوکردن و چاکردنەوەی تێبینییەکان دووبارە ڕەشنووسەکە ئامادەکراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە.
- هێنانەکایەی هۆبەی خێزانی جێگرەوە لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و دانانی ستاف و دابینکردنی شوێن و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ئەم هۆبەیە.
- پەسەندکردنی ڕێنمایی (شەبەنگی ئۆتیزم) پاش هەموارکردنی.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر سیستەمی دایەنگەکان بۆ خەرجکردنی ٤٠٪ بۆ پاڵنەری کارمەندان (حوافز) و ٤٠٪ بۆ بنیادنانەوەی باڵەخانەی دایەنگا و ٢٠٪ بۆ خەزینەی حکومەت دەگەڕێتەوە.
- هێنانە کایەی (استحداث) هۆبەی پاراستنی منداڵ لە دیوانی وەزارەت و لەگشت بەڕێوەبەراییەتیەکانی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەکو یەکە.
- پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە لە (٩) وەزارەت و (٢) دەستە پێکهاتووە.
- بەرزکردنەوەی ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- کارکردن بە سیستەمی یەك پەنجەرە لە تۆڕی پاراستنی کومەڵایەتی هەولێر و سلێمانی بۆ ئەوەی کارەکان بەدروستی ئەنجام بدریت بو بەزووترین کات خزمەتێکی تر پێشکەش بە هاووڵاتیان و بەتایبەتی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین .

- دیجیتاڵکردنی ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کاروباری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی هەرچی کرێکارە لە کەرتی تایبەت، هەموویان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێن، کە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی زۆری هاوکاریکردن لە حکومەت و هەلی کار و هاووڵاتیانیش بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتی تایبەت بکەن.
- بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ڕەوشی سزادراوان و چۆنێتی بەڕێوەچونی خولەکان و چالاکییەکانی سزادراوان
- سوودمەندبوونی (٥٢٠) سزادراو لە خولەکانی تایبەت بە مەشق و پیشەیی و وەرشە و هەروەها سوودمەندبوونی (٣١٤٥) سزادراو لە وۆرك شۆپ و سیمیناری جۆرا و جۆر.
- پێشکەشکردنی بەردەوامی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سزادراوان بە جۆرێك لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ تاکو ئێستا نزیکەی (٣٨٥٦٧) لە خزمەتی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە لە سەرجەم بنکەکانی تەندروستی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان.
- بە درێژایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێکهێنانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بۆ وەرگرتنی چارەسەر و ڕاهێنانی منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم بەو شێوەی خوارەوە :

١. نۆژەنکردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هەولێر.

٢. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هیمەت لە شاری دەربەندیخان بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.

٣. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە شاری کۆیە.

٤. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە حاجیاوە کە پێداویستیەکی گرنگ بوو بۆ دانیشوانی ناوچەکە و کەم کردنەوەی بارگرانی ئەو خێزانانەی کە منداڵی توش بوی ئۆتیزمیان هەیە .

٥. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم و شیاندنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری هەڵەبجە.

- دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بێ بەرامبەر بۆ تووشبوانی ئۆتیزم لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندرووستی.
- کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لەشاری چەمچەماڵ بۆ خزمەتکرنی گەنج و لاوانی ناوچەکە.
- ئەنجامدانی ڕوپێوی منداڵی ئیشکەر و سەرشەقام لە پارێزگای سلێمانی، لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ١٤٦٦ منداڵی ئیشکەر تۆمار کراوە و پلانی تایبەت هەیە بۆ چارەسەرکردنی پاش گەڕاندنەوەی پرۆژەی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت و گرفتەکان دەست نیشان دەکرێن و چارەسەری دەکرێن.

- دابینکردنی پارەی گیرفان بەشێوەیەکی مانگانە بۆ نەوجەوانانی سزادراو لە چاکسازییەکان و ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیانن و دایکیان سزادراوە هاوشێوەی منداڵەکانی خانەی بێ سەرپەرشتیاران و منداڵان لە پەیمانگاکانی نابینایان و نابیستان و بیرکۆڵان، چونکە بەشێك لەو نەوجەوانانەی سزادراو یان لەگەڵ دایکیانن لە چاکسازییەکان هیچ کەسێك سەردانیان ناکات و هیچ بژێوییەکیان نیە بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە.
- پرۆژەی بینایەی نوێی چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێری لەبواری جێبەجیکردندایە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای کەسنەزان، پرۆژەکە بە گوژمەی (١,٤٨٠,٧٠١,٠٠٠) لەلایەن کۆمپانیای سەرمایە جێبەجێ دەکرێت و ماوەی تەواو کردنی پرۆژەکە (٣٦٥) ڕۆژ دەخایەنێت، بەتەواو بوونی کارەکانی ئەم پرۆژەیەش ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە ئێستادا بەهۆی خراپی بینایە و کەمی ژوور و هۆڵەکانی مانەوەی سزادراوان و ڕاگیراوان لەناو چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێر هەیە چارەسەر دەبێت.
- بە هەوڵی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کەسانی خێرخواز بڕیاردرا بە دروستکردنی باڵاخانەیەک بۆ بەساڵاچووانی هەولێر لە سەر رووبەری (٧٥٠٠)م.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەپێناو بەرژەوندی هاووڵاتیان بڕیاری لێخۆشبوون لە سزای دواکەوتن (غرامە تاخیری) پارەی بەشداریەکان بە ڕێژەی (١٠٠٪) بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ دەرکرد لە ١/٦/٢٠٢٣ وە دەست پێ دەکات بە فەرمانی ژمارە (٧٥٧) لە ٢٠٢٣/٥/٢٢.
- ئامادەسازی بۆ دروستکردنی سەنتەری شیاندنەوەی کەسانی ئاڵودەبوو بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی ساڵانە لە بەشی زمانی سریانی/ زانکۆی سەلاحەدین بە مەبەستی گرنگی پێدان و بەرەو پێش بردنی ئاستی زانستی بەشەکە.

- **خزمەتگوزاری :**

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریمان ڕاگەیاند بە مەبەستی بە هاناوەچوون و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ لێقەوماوانی کارەساتی بومەلەرزەکەی تورکیا .
- دابەشکردنی پێداویستی خوێندن بۆ قوتابخانەکانی تورکمانی و سریانی.

- **کاروباری کارگێڕی:**

- ئەو نووسراوە فەرمییانەی کە لەلایەن وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان کراوە، سەبارەت بە ڕەوش و داواکاری گشت پێکهاتەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٠ تاوەکو ٢٠٢٣/٦/١٥ بریتییە لە (٦٢٧) نووسراو.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

یەکەم: پرسیارەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بۆ پەرلەمانی کوردستان نێردراوەتەوە:

- (٢٦٦) پرسیار لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەمان کراوە و ناردراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- (١٩٥) پرسیار لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەڵام دراوەتەوە و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوەتەوە.

دووەم/ (٤) چوار پرۆژە یاسا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە کە ئەمانەن:

- پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی عێراقی ژمارە (٧٦)ی ساڵی ٢٠١٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شوشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆر ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

سێیەم/ (٥) پێنج پرۆژە یاسا ئاراستەی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم کراون کە ئەمانەن:

- پرۆژە یاسای (هەمواری پیادەکردنی یاسای راژەی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).
- پرۆژە یاسای (هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان - عێراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).
- پرۆژە یاسای (پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).
- پرۆژە یاسای (هەمواری پیادەکردنی یاسای راژەی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).
- پرۆژە یاسای (بەرکارکردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی شوشتنەوەی مایە و مایدارکردنی تیرۆری ئیتحادی ژمارە (٣٩) ی ساڵی ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).

چوارەم/ (١٨) پڕۆژە یاسا ئاراستەکراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن:

- پڕۆژە یاسای (هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨).
- پڕۆژە یاسای (بەرکاردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی عێراقی ژمارە (٧٦) ی ساڵی ٢٠١٢ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پڕۆژە یاسای (بەرکاردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای رێکخستنی کارەکانی دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پڕۆژە یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان -عێراق.
- پڕۆژە یاسای (هەمواری دووەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.
- جەختکرنەوەی پڕۆژە یاسای (دەزگای خۆراک و دەرمان لە هەرێمی کوردستان –عێراق).
- ئاراستەکردنی ڕاوسەرنجی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان تایبەت بە پڕۆژە یاسای (بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان -عێراق).
- پڕۆژە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای رێکخستنی کاری دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شوشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆری ئیتحادی ژمارە(٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی حوکمەکانی یاسای رێکخستنی خاوەنداریەتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی عێراقی ژمارە (٧٦) ی ساڵی ٢٠١٢ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- پڕۆژە یاسای (بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق).
- پڕۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

پێنجەم/ (٣٤) نووسراو و وەڵامی نووسراو ئاراستە کراوە بۆ وەزارەت و دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بەم پرۆژە و پێشنیازی یاسا و پەیڕەو و بابەتی جۆراوجۆر:

- پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای سندوقی خانەنیشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شوشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆری ئیتحادی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پێشنیازە یاسای سندوقی خانەنشینی هونەرمەندان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراومان ژمارە (٩٥ لە ٢٠٢٢/٨/٩) تایبەت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی باڵا ژمارە (٢١٣ إتیحادیە/٢٠٢١).
- پرۆژە یاسای (کار لە هەرێمی کوردستان-عێراق).
- پێدانی زانیاری سەبارەت بە پرۆژە یاسای(ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.
- پێشنیازە یاسای (دەزگای کوردستان بۆ پاراستن لە تیشک لە هەرێمی کوردستان-عێراق).
- پێشنیازە یاسای (سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق).
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شووشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆر ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- ڕەشنووسی پرۆژە یاسای سندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاسای یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی حوکمەکانی ڕێکخستنی خاوەندارێتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە.
- دوو پێشنیازە یاسای بەریەکخستنی قەرزەکانی حکومەت و پاشەکەوتی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان- عێراق و لە بریخستن-مقاصە.
- پێشنیازە یاسای وەرزش لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

- پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شووشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆر ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی حوکمەکانی ڕێکخستنی خاوەندارییتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە.
- ڕەشنووسی پرۆژە یاسای چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و زەوییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- ڕەشنووسی پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕاژەی مەدەنی عێراقی ژمارە(٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پێشنیازە یاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژوی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- دوو پرۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) و (بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شوشتنەوە و مایە و مایەدارکردنی تیرۆری ئیتحادی ژمارە (٣٩) ی ساڵی ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و زەوییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە پەیڕەوی (ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنوسی پرۆژە یاسای (قانون التدابر البديلة للعقوبات السالبة للحرية في اقليم كوردستان- العراق).
- پرۆژە یاسای (بودجە ساڵی ٢٠٢٢).
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی شووشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆر ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٥ فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پرۆژە یاسای (وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

- ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردنی یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە (٧٩)ی ساڵی (٢٠١٧)ی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای رێکخستنی کاری دڵنیایی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- ڕەشنووسی یاسای (چارەسەری زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و زەوییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- پێشنیارەکانی زیادکردنی داهات تایبەت بە پڕۆژە یاسای (هەموارکردنی ڕەسمی دادی ژمارە (١١٤) لە ساڵی ١٩٨١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- ئاراستەکردنی نووسراوێک سەبارەت بە رێکخستنەوەی سەندیکای و یەکێتی و دامەزراوە ناحکومییەکان بۆ وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، ئاوەدانکرنەوە و نیشتەجێکردن، کارەبا، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو).

شەشەم/ (١٤) چوارده پێشنیازە یاسا کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کراوە سەبارەت بە ڕا وەرگرتن و دەربڕینی ڕاو سەرنج و ڕەتکردنەوە:

- پێشنیازە یاسای ناونانی چەمچەماڵ بە پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای سندوقی خانەنشینی هونەرمەندان لە هەرێمی کوردستان–عێراق.
- پێشنیازە یاسای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای سنووردارکردنی هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای هاریکاری دارایی هەژارەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای پاراستنی مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرپەرشتیارانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای دەزگای کوردستان بۆ پاراستن لە تیشک لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای (جیاکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی کەرتی تایبەت لە کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

- پێشنیازە یاسای دەزگای کوردستان بۆ پاراستن لە تیشک لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بە نووسراویان ژمارە (١٥١٦/٣/٤ لە ٢٠٢١/٥/٣٠) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (١٤٢٧٠ لە ٢٠٢٢/٩/٢٩).
- پێشنیازە یاسای دەزگای کوردستان بۆ پاراستن لە تیشک لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەلە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای یاسای بەرگری میللی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای جێبەجێکردنی ژمارە(٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

حەوتەم/ بەشداری کردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکان:

- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا بەشداریکردووە لە (٣٦) کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لەگەڵ وەزیرەکان، دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەی لیژنەکان پەرلەمان.

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمدا بەوپەڕی تواناوە لە ئاستێکی بەرزدا لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت، کاروبارەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە و جێبەجێی کردوون هاوکات هەموو بەرپرسیارێتییەکی بۆ سەرجەم هەوڵ و کار و پێشهاتەکان هەڵگرتووە، لەسەر بنەمای ڕێکخستنەوەیەکی نوێ، فەرمانگە کاریکردووە بۆ پێشخستن و فراوانترکردن و بەهێزترکردنی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ. هەمیشە جەختی لە پەیوەندییەکی دۆستانەی دوولایەنە لەسەر بنەمای ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کردۆتەوە بە ڕەچاوکردنی پاراستنی سەروەری و ئەو بەرژەوەندیانەی هەردوولا کۆدەکەنەوە. فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دید و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە گەیاندنی خواستی ئاشتییانە بۆ چارەسەریی گشت کێشەکانی ناوچەکە و بەکارخستنی پێگەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە ڕەوتی چارەسەری.

لەماوەیەدا، بەرپرسی فەرمانگە تەنها لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان زیاتر لە **(٥٠٠)** دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی باڵای وڵاتانی بیانی و باڵیۆز و کونسوڵ و بەرپرسی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەوکان و پەلەمانتار و کەسایەتی سیاسی و دیار ئەنجامداوە و بەشداری لە یاد و بۆنەکانی تایبەت بە ڕۆژی نیشتیمانی وڵاتان و چالاکی نێودەوڵەتی بازرگانی و وەبەرهێناندا کردووە، و هەروەها بەشداری لە دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی بیانی سیاسی و بازرگانی وڵاتان کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

- لەماوەی چوارەم ساڵی کابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز، سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە پێشوازی و دیداری لەگەڵ چەندین وەزیر و کاربەدەستانی باڵای وڵاتانی لە هەرێم هەبووە، گرنگترینیان:

- دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی باڵای ئەنجومەنی سیناتی فەڕەنسا بە سەرۆکایەتی بەڕێز (نیکۆڵ دورانتان) ئەندامی پەرلەمان و سیناتی ناوچەی اوری فەڕەنسا و سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی عێراقی فەڕەنسە و بەڕێز (کلۆد کیم) ئەندامی پەرلەمان و سیناتی ناوچەی بارن فەڕەنسی و جێگری سەرۆکی عێراقی فەڕەنسیە و خاتوو (ایلس جوزیف) ئەندامی پەرلەمانی و سێناتی ناوچەی ئوردن و بەڕێز ریمی فرود ئەندام پەرلەمانی فەڕەنسا، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.

- پێشوازی لە بەڕێز Keith Phillips بەرپرسی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.

- پێشوازی لە شاندێکی باڵای کۆنگرێس لە ئەمریکا بە سەرۆکایەتی بەڕێز مارك تاکانۆ سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری جەنگاوەران لە کۆنگرێس کرد، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- یاوەری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازیکردن لە خاتوو (جۆرجیا میلۆنی) سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- داواکاری دیدار لەگەڵ بەڕێز **(ئانالینا بایرباوك Annalena Baerbock)** وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و شاندی یاوەری، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیکردن لە بەڕێز **(لۆرد ئەحمەد)** وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقا، باشووری ئاسیا و نەتەوە یەکگرتوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیکردن و دیدار و کۆبوونەوەی بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لە شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی هیندستان جێگری وەزیری دەرەوە بە یاوەری باڵیۆز و کونسوڵی هیندستان لە هەرێم کرد، باسیان لە پەیوەندییە دوولایەنەکان و پێشخستنی زیاتر لە داهاتوودا کرد، وە بیروباوریان لە بارەی پرسە هەنووکەییەکانی ناوچەکە گۆڕییەوە.
- بەشداریکردنی بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لە مەراسیمی پێشوازیکردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەڕێز أنطونیو غوتیریش، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- یاوەری بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لە سەرجەم کۆبوونەوەکان بەڕێز لۆید ئۆستن وەزیری بەرگری ئەمریکا بە یاوەری باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و کونسوڵی گشتی هەرێم لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.
- پێشوازیکردن و دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو (ئانالینا بایرباوك) وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بە یاوەری باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق و کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێم، وە یاوەرکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیکردن لە بەڕێز **(Jochen Flasbarth)** وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیای فیدراڵ بۆ هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری و **(Werner Gatzer)** وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیای فیدراڵ لە وەزارەتی دارایی و شاندی یاوەری، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.

- بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە بەشداری دیدار و کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ بەڕێز محمد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و شاندی یاوەری کرد.
- بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە و بەڕێز رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ پێشوازییانکرد لە بەڕێز (گویدۆ کرۆسێتۆ) وەزیری بەرگری ئیتالیا و شاندی یاوەری بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەرێم، یاوەریکردنیان لەسەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان.
- بەرێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لە باڵەخانەی فەرمانگە پێشوازیکرد لە بەڕێز خالد ئەلعسیلی، وەزیری ئابووری نیشتیمانی و ئەحمەد مەجدەلانی، وەزیری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی فەڵەستین، بیروڕایان لەبارەی پێشهاتەکان و دۆخی گشتی ناوچەکە گۆڕییەوە و جەختییان لە دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلەکانمان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان کردەوە.
- بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە بەشداری دیدار و کۆبوونەوەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ خانمی شازادە سۆفی دەچێسی ئەدنبەرەی بەریتانیا کرد.

- لە سەرەدانێکدا بۆ بەغدا، لەگەڵ وەزیری دەرەوە و باڵیۆزی وڵاتان و کوتلەی کوردستانی لە پەرلەمانی بەغدا و چەندین کەسایەتی باڵای حکومی کۆبۆوە بەمەبەستی بەهێزکردنی زیاتری کار و هەماهەنگییەکان لەنێوان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق. خۆشبەختانە ئەم سەرەدانە دەرەنجامێکی زۆرباشی هەبوو ئەوەبوو بەشێکی تایبەت لە وەزارەت بۆ پەسەندکردنی بەڵگەنامەی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باشتر و کارئاسانیکردن لە هەولێر و سلێمانی کرایەوە.
- بەرپرسی فەرمانگە یاوەری هەریەك لە سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بووە لە گەشتەکان و کۆبوونەوە گرنگ و پڕ بایەخەکانیان لەگەڵ سەرکردەی وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە بەگشتیی ئەمانەن:
- یاوەریکردنی جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وڵاتی سویسرا بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی (World Economic Forum).
- یاوەریکردنی جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وڵاتانی ئیمارات و فەرەنسا.
- سەردانیکردنی بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە بۆ وولاتانی بەلجیکا و هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ.
- سەردانیکردنی بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە بۆ وولاتانی ئەمریکا و کەنەدا.

- لەو ماوەیەدا، دابان شەدەڵە جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە زیاتر لە ١٣٠ دیدارو کۆبوونەوەی فەرمی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم لەگەڵ باڵیۆزو کونسوڵ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و میوانانی بیانی ئەنجامداوە.

- **چاوپێکەوتنەکانی بەڕێز سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ناو و دەرەوەی هەرێم:**

لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەدا چەندین دیداری تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی و دەرەکی ئەنجامداوە بۆ خستەڕووی دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێکدانەوەی بابەت و پرسە هەنووکەییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢ بەڕێز بەرپرسی فەرمانگە لە چوارچێوەی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی تایبەت بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە هەولێر، بۆ تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ چاوپێکەوتنێکی ئەنجام دا، سەبارەت بە هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەم تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی، هەروەها دواییین ڕووداو و پێشهاتەکان بە گشتیی. fb.watch/kgFkdh-wXf/?mibextid=qC١gEa

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٦ بەڕێز بەرپرسی فەرمانگە لە دیمانەی لەگەڵ ڕۆژنامەی گوڵان سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم: پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی هەرێمێکی فیدراڵی فراوانترە، https://gulanmedia.com/so/story/٣٠٢٠٨٩.

- د. سامان سۆرانی، ڕاوێژکار لە فەرمانگە لەو ماوەیەدا ٣٨ ڕاپۆرتی شیکاری هەبووە لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتنی میدیایی بۆ قسەکردن لەبارەی بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ و هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتیی.

- سوهام خان، ڕاوێژکار لەفەرمانگە لە ماوەی چوارەم ساڵی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی یاوەری بەڕێز بەرپرسی فەرمانگە بکات لە دیدار و کۆبوونەوەکانی و پێشوازیکردنی میوانان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و بەشداریکردن لە کۆبوونەوە و سیمیناری جیاجیا، وەك ئەندام لەم لێژنانەی خوارەوە بەشداربووە لەکاتی کۆبوونەوەکان:

- لیژنەی یاسای نەوت و گاز – سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- لیژنەی تۆری هەماهەنگی و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ – سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- لیژنەی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی – دەستەی وەبەرهێنان.
- لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی نیشتمانی – ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان.

- پرۆسەی گەڕاندنەوەی هاونیشتیمانیان لە ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەکەمان توانیویەتی هاوبەشی بەکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق کە لەو وڵاتانەی کە گیریان خواردووە بگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان.
- هەروەها هەوڵیش دراوە کە وڵاتان نێردەی دیپلۆماسی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، نموونەش بۆ ئەمە کۆماری ئەرمەنستانە، کە کونسوڵگەری گشتی خۆی لە هەولێر کردەوە. دەوڵەتی قەتەریش نموونەیەکی ترە کە خواستێکی زۆری نیشانداوە بۆ کردنەوەی کونسوڵگەری گشتیی خۆی لە هەرێم کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵی وەرگرتوو، لەلایەن فەرمانگەکەمان گشت ئاسانکارییەکیان بۆ ئەنجامدرا.
- **لەم رووەوە بەردەوام لەسەر هێڵ بووین بۆ:**

- پتەوکردنی پەیوەندییە دوولایەنەکان لەگەڵ وڵاتانی بیانی بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و بازرگانی. هاندان و پێشکەشکردنی کارئاسانی تەواو بۆ بە بەدیهێنانی ئەمانجەکانی حکومەت لەم ڕووەوە.
- زەمینە ڕێکخستن و هاندانی وڵاتانی بیانی بۆ کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان .
- شیکاری ڕاپۆرتە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندیان لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە .
- هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و باڵیوزخانەکانی عێراق لە دەرەوە .
- سەرپەرشتیکردنی هەردوو بەشی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیانی بیانی و ڕێنمایی کردنیان لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم .
- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر وڵاتانی بیانی و دۆکیومێنت کردنیان .
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی شاندە بیانییەکان لەمیانەی سەرەدانیاندا بۆ هەرێمی کوردستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- پێشکەشکردنی هاوکاری بە کونسوڵگەرییەکان و هاووڵاتیانیان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەدا لە هەرێم.

- لەهەمانکاتدا، خواستی زیادکردنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە هەیە بۆ ئەوەی لەم ١٤ نوێنەرایەتییە زیاتر بکرێن، ئەمەش دەوەستێتە سەر خواست و رەزامەندی ئەو وڵاتانە و دۆخی دارایی حکومەتی هەرێم لەم بارەوە.
- پێشنیار کراوە کە نوێنەرایەتی لە چەندین وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و لە ئاسیا و ئەوروپا بکرێتەوە. لە نزیکترین ماوەدا هەوڵی کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە تورکیا-ئەنکارا وەك یەکەم هەنگاو دەندرێت، کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە رۆڵی بەرچاو دەبینێ لە هاوکێشەی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکاندا. چەندین وڵاتی عەرەبی و ئاسیایی لێرە نوێنەرایەتیان هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نووسینگەی نوێنەرایەتی خۆی لەو وڵاتانە بکاتەوە. لە دەرفەتێکی گونجاو و هەوڵێکی جدیدا لەسەر بنەمای پەیڕەو و ڕێنمایی و توانای حکومەت ئەم هەنگاوانە دەگرینەبەر.
- **لێرەدا پوختەیەک لە ئەرکەکانی نوێنەرایەتیەکان بۆ دەرخستنی بایەخی کارەکانیان دەخەینەڕوو:**

- جەخت کردنەوە لە بەرەوپێش بردن و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و ڕۆڵ بینینی نوێنەرایەتییەکان لە شیکردنەوەی بارودۆخ و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پرس و پێشهاتە جیاجیاکان.
- پێشوازی کردن و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ ئەو شاندانەی لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی دەرەوە دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فەرمی یاخود بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان یاخود بەشداری کردن لە خولەکانی پەرەپێدانی تواناکان.
- گرنگیدان بە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندو ئاژانس و ڕێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەو پەنابەرانەی کە ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێم کردووەو فشار و بارگرانییەکی زۆری دارایییان خستۆتە سەر حکومەت.
- هاندانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی بیانی و گرنگیدان بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری و دروستکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەلان و وڵاتانی دەرەوە.
- دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاو ناوەندە زانستی و ئاکادیمیەکانی وڵاتان و بەدەستهێنانی کورسی خوێندن لە بوار و ئاستە جیاجیاکاندا و چاودێری کردن و پاڵپشتی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە دەژین.

- پاڵپشتی کردنی ڕەوەندی کوردستانی و ئاسانکاری بۆ ئەو کاروبارە کارگێڕی و یاساییانەی پەیوەندیان بە وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یان بە پێچەوانەوە. بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا نوێنەرایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە گەڕاندنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە لە وڵاتانی دەرەوە گیریان خواردبوو.
- گرنگیدان بە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بەشداری و پاڵپشتی کردنی ئەو چالاکی و سیمینار و کۆبوونەوانەی لە لایەن ڕەوەندی کوردستانی یان وەزارەت و دام و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێم لە وڵاتان ڕێکدەخرێن.
- دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەو نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و بەشداری کردنی هەردوولا لەو بۆنەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی ڕێکدەخرێن.
- ناساندنی کەلتوور و کەلەپووری هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هونەری و هزری وڵاتان لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەندو دامەزراوە هونەری و ڕۆشنبیرییە تایبەتەکان.

- فەرمانگە بەردەوام داوای ئەنجامدان و کردنەوەی خولی بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێم کردووە لە ناوەوە و دەرەوە. لەو ماوەیەشدا چەندین خول بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بۆ ستافی فەرمانگە و کارمەندانی بەشە جیاجیاکانی حکومەتی هەرێم لە ناوەوە و دەرەوە کراونەتەوە. بۆ نموونە خولی تایبەت بۆ دادوەرەکان لە لایەن کونسوڵگەری گشتیی بەریتانیا و دواتر سەردانی مەیدانی بۆ وڵاتی بەریتانیا بۆ ئاشنابوونییان بە شێوازی ئیش کردنی و سیستەمی دادوەری لە بەریتانیا.

- لە مەڕاسیمەکەدا سەفین دزەیی وێڕای دەست خۆشی لە حکومەتی بەریتانیا و کونسوڵگەری گشتی بەریتانیا لە هەولێر بۆ پێشکەش کردنی ئەم جۆرە خولانە بۆ دادوەرانی هەرێمی کوردستان، هاوکات باسی لە گرنگی سەروەری یاسا کرد و ئاماژەی بەوەدا کەوا ئەم جۆرە خولانە دەبێتە وەرگرتنی زانیاری زیاتر و پەرەپێدانی ئاستی توانای دادوەرە بەڕێزەکان بۆ کاری دادوەری و ڕێز گرتنی زیاتر لە یاسا. هاوکات داوای کرد خولی زیاتر لە بوارەکانی دیکە بکرێتەوە بۆ بەرەوپێش بردنی ئاستی بینا کردنی تواناکان.

فەرمانگە هەوڵی داوە ئەم بابەتە زیاتر گرنگیان پێبدرێت و فراوانتر بکرێت هەربۆیەش خولەکان لە وڵاتانی ئەرمەنستان و هیندستان و یۆنان و بەریتانیا بەردەوامیان دەبێت.

- لەلایەکی دیکەوە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە وێڕای بایەخدان بە پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و کەلتووری لەگەڵ وڵاتان، کاری کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاری دیکە لە شێوەی دەستەخوشکی شارەکان کە نەریتێکی باوە. هاوکات بایەخی

زۆری بە کۆمەڵەی دۆستایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان داوەو پشتگیری کردوون بۆ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر، هەوڵ دراوە چەندین شاندی حکومی سەردانی وڵاتان بکات وە بە پێچەوانەوە. وە بەدواداچوونی ئەو تەوەر و باسانە بکرێت بە شێوەیەکی ستاندارد لە رێگەی نوێنەرایەتییەکانەوە کە شاندە باڵاکان و شاندی وەزارەتەکانی حکومەت و دامودەزگاکان و فەرمانگە و پارێزگاکان گفتوگۆیان لەبارەوە کردوون.

- سیاسەت و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی چاکسازی و دید و تێڕوانینەکانی بۆ پرس و بابەت و دواپێشهاتەکان و خواستی بەهێزترکردنی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان خستۆتە کاری جددی لە سەرجەم ئەو دیدار و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوانەی ئەنجاممان داوە، بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا وە ئەو گرێکوێرە سیاسییەی هاتۆتە پێش و هەنگاو و ئەو دەستپێخەرییانەمان لەگەڵ نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوون کردۆتەوە کە خراونەتە ڕوو بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو لەسەر بنەمای دەستوور.
- لە هەوڵێکی تردا، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری جددی کردووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەسەر پێکهاتەی گشتی فەرمانگە بکات بە مەبەستی فراوانتر کردنی. هاوکات فەرمانی پێداچوونەوە بەسەر پێکهاتەی گشتی فەرمانگە دەرچووە و دەخرێتە بواری جێبەجێکردن.

لەناو پێکهاتە تازەکەدا، گرنگی دراوە بە سەرجەم بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگە. دیسکی وڵاتان و تایبەتمەندکردنیان لەسەر ئاستی کیشوەر و هەرێمە جیاجیاکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و بەشەکانی تری جیهان جیاکردۆتەوە و ناوەندێکی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیمان کردۆتەوە بۆ پێگەیاندن. هاوکات پەنجەمان خستۆتەسەر هەموو کەموکوڕییەکان و جێگیرکردنی سەرجەم ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان بە کەسی شیاو. لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە بەڕوونی لە فەرمانگەکەمان ڕەنگدەداتەوە.

هەوڵەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ بەدواداچوونی پرسی کۆچبەرانی نایاسایی لە یۆنان و ژێرئاو کەوتنی لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنیان، ژمارەیەک هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری وڵاتانی تر، بوونە قوربانی و ژمارەیەکیان تەرمەکانیان دۆزرانەتەوە و بەشێکیان تاکو ئێستا بێ سەروشوێنن و ژمارەیەکی زۆریش لەو کۆچبەرانە لەلایەن پۆلیس و پاسەوانی دەریاوانی یۆنان رزگارکراون، لە میانەی هێنانەوەی تەرم کە خەرجییەکانی لەلایەن جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دابینکراوە لە چوارەم ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان **٣٧** تەرم گەڕێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لەلایەن خزم و کەسەکانیان بەخاکسپێردراون.

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە توانیویەتی هانی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێوخۆی کوردستان هەماهەنگی بکەن و پێکەوە چالاکی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بنیاتنانی کۆمەڵگا و خوڵقاندنی دەرفەت و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی و پێشخستنی کەرتی تایبەتی و گشتی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسییەت و دارایی و شەفافیەت و سەروەری یاسا و دەزگای دادوەری لە ناو دام و دەزگاکانی حکومەت دا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە سیاسەتی کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا سوود لە توانا و شارەزایی ئەو ڕێکخراوانە وەربگرێت لە کار ئاسانیکردن بۆ گەیاندنی هاوکاری و هاتنی سەدان پسپۆڕی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. فەرمانگە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکارە بۆ پێدانی نامەی پشتگیری بۆ ئەو ڕێکخراوە بیانیانەی کە دەیانەوێت لقیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بەمەش تا ئێستا ١٧ ڕێکخراوی تایبەت بە UN و ٣٠٠ ڕێکخراوی تر هەیە کە پەیوەندیان لەگەڵ فەرمانگەدا هەیە. بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم پشتگیری بۆ داواکاری ڕێکخراوەکان کراوە بە لێخۆشبوون لە دانی گومرگ بە پشتبەستن بە یاساکانی هەرێمی کوردستان. ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزەی هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بۆ سەدان کارمەندی بیانی ئەو ڕێکخراوانە کە لە بوارە جیاجیاکاندا کراوە .هەروەها پێدانی نامەی پشتگیری بۆ ئەو کارمەندانە بۆ وەرگرتنی کارتی مانەوە. بەدوا داچوون کراوە بۆ ئەو کێشانەی دێنە بەردەم کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕێکخستن و بەشداری کردن لە دەیان کۆڕ و سیمینار و وۆرک شۆپ بۆ کە کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کارمەندانی حکومەتی هەرێم بە گشتی لەسەر بابەتەکانی مافی مرۆڤ و هاوکاری مرۆیی ڕێکخراوە.

- کاروباری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەرپرسیارێتی و پیرۆزی خۆی هەیە کە پشت بە چەندین بنەما و ڕێسا و ڕێنمایی دەبەستێت، گرنگترین ئەو خاڵانەی کە ڕۆژانە لە تەواوی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و گروپی کار و ئەرکە جێبەجێکارەکان دا هەیە و بنەمای کاری ئێمەن، خۆشبەختانە لە تەواوی کارەکانمان ڕەنگیداوەتەوە بریتین لە:

١) نیشتیمانپەروەری و پابەندبوون بە پاراستنی سەروەری نیشتیمان و نەبەزاندنی هێڵی سوور لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە گەل و نیشتیمانەکەمان تاوەکو ئەمڕۆی هێناوە و کردوویەتی بە هەرێمێکی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەزاندنی ئەم سنوورە هیچ جۆرە لێخۆشبوونێك نایگرێتەوە.

٢) پاراستنی نهێنی کار و نیشاندانی نموونەیەکی بەرزی کوردستانیبوون لە ڕەوشت و ئاکاری بەرز و دڵسۆزی لە کارکردن و کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیان و کەسانی بیانی و نێردە دیپلۆماسییەکان.

٣) پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی لە دەرەوە.

- **سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ:**

لەسەر بنەمای کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگە هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەرەوپێش ببات لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و جووڵەی بازرگانییەوە. لەم ڕووەوە هەردوو بەشی تورکیا و ئێران سەر بە فەرمانگە کار لەسەر پرس و بابەتەکانی پەیوەندیدار دەکەن. **لەپێنج مانگی یەکەمی** ساڵی (٢٠٢٢) قەبارەی بازرگانی لە نێوان عێراق و تورکیا نزیکەی ٧ ملیار دۆلار بووە کە بە هەمان شێوە زیاتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و بەرزکردنەوەی قەبارەی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەوڵدراوە بۆ کردنەوەی دەروازەی نوێ و پەرەپێدانی زیاتری ڕێگەی ئاسمانی. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا لە مانگی **٩ی پار ساڵ** بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی و وەزیری بازرگانی کۆماری تورکیا کۆربەندی وەبەرهێنان و بازرگانی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان **١٤١٨** کۆمپانیای تورکیا تۆماریان هەیە. فەرمانگە لە ڕێگەی بەشی تورکیاوە بە سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا لە هەرێم بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کارو چالاکییەکانیان دەکات و کێشە و گرفتەکانیان دەخاتەبەردەست لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە بانکەکانیش تا ئێستا ٤ بانکی تورکی لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە کار و چالاکییەکانی خۆیان وەک (١-بانکی ئێش ٢-بانکی زراعە ٣- بانکی وەقف ٤- بانکی ئەلبراکا تورک).

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندی فەرمی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا، ڕۆژانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری (داد و دادوەری، ناوخۆ، ئابووری و بازرگانی، گومرگ و دەروازەکان، تەندروستی، پەروەردە و خوێندنی باڵا ، شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان) ئاڵوگۆری نووسراوی فەرمی ئەنجام دەدرێت. بەشی پەیوەندییەکانی تورکیا جگە لە کاری وەرگێری لە کوردی بۆ تورکی وە لە تورکی بۆ کوردی لە هەمان کاتیشدا کاری بە دواداچوونی نووسراوەکانیش دەکات و ئاسانکاری هاتووچۆی دیبلۆماتکاران و شاندەکانیش دەکات. لەو ماوەیەدا زیاتر لە **٧٦٠** نووسراو ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە.

بەشی ئێران سەر بە فەرمانگە، کار و بەدواداچوونی بەردەوامی کردووە لە پێناو پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە دوولایەنەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێرا. هاوکاری دوولایەنە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران بەردەوامە. لەو ماوەیەدا چوار پێشانگایان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە و کاری جددی کراوە بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان ژوورە بازرگانیەکانی هەردوولا بۆ هەماهەنگی و چارەسەری کێشە بازرگانیەکان.

کارئاسانی و چارەسەری پێویست کراوە بۆ:

- کێشەی ئەو پەنابەرانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە.
- چارەسەرکردنی کێشەی پاسپۆرت.
- وەرگرتنی ڤیزای خێرا بۆ کەسە تایبەتەکان و شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- هاوکاری و ئاسانکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوسەرگیری نێوان هاووڵاتیان هەریمی کوردستان و هاووڵاتیانی ئێران.
- هاوکاری و ئاسانکاری بۆ هێنانەوەی تەرمی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە لە ئێران کۆچی دوایی دەکەن و هەروەها ناردنەوەی تەرمی ئێرانیەکان کە لە هەرێم کۆچی دوایی دەکەن.
- بە دواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیانی ئێرانی کە لە هەرێم کێشەیان دروست دەبێت و لەلایەن کونسوڵگەری ئاگادار دەکرێینەوە.
- بە دواداچوون و چارەسەری کێشەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە لە ئیران توشی کێشە دەبن.
- بە دواداچوون و ئاسانکاری بۆ ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە لە ئێران مووچەی خانەنشینیان هەیە.

کاروباری لۆجستك لە بەڕێوەبەرایەتی پڕۆتۆکۆڵ و شاندەکان بە بەردەوام کاری لەسەر کراوەو جێبەجێکراون:

ژ	بابەت	ژمارەی نووسراوەکان
١	هینانی باری دبلۆماسی بەرێگای دەروازەکانی ووشکایی	٤٨٦
٢	کارتی نشینگە	٦٥٤
٣	ناسنامەی دبلۆماسی	------
٤	پۆستی دبلۆماسی	٧٦٠
٥	باجی ئۆتۆمبێل بۆ ناو فڕۆکەخانە	٦٦٠
٦	باجی تێرمینالْ	١٦٩
٧	داواکاری ڤیزەی هەرێمی کوردستان	٧٦
٨	باجی بازگەکان	٦٧
٩	داواکاری بەخشین لەباجی سەرپێچی	١١
١٠	تابلۆی دیبلۆماسی	٣٥
١١	تابلۆی شارستانی	١١٣
١٢	نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل	٨٠
١٣	مولەتی هەڵگردتنی چەک	٣٦
١٤	مولەتی شوفێری تایبەت بە بیانییەکان	٩
١٥	هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع)	٣٤

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی هەڵساوە بە سەرپەشتی و ڕایی کردنی گشت کاروبارە یاسایی و پەسەندکردنەکانی کە لە دەرەوە یاخود ناوەی وڵات هاتوون، لەهەمان

کاتدا هەر بابەتێکی تری یاسایی پەیوەندیدار هەبووبێت بە نووسراو یاخود بە کردەیی و مەیدانی وەک نوێنەری فەرمانگە بەشداربوون و ئەنجامداوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی دیاریکراو لە هەردوو بەشی بەم شێوەیە بووە:

- پەسەندکردنی (٢٥,٣٧٨) بەڵگەنامە.
- ئامادەکردن و ئاڕاستەکردن و وەڵام دانەوەی (١,٢٠٠) نووسراو بۆ ناوەوە و نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات.

- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و دارایی فەرمانگە هەڵساوە بە سەرپەرشتیکردن و کاروباری کارگێری و دارایی و ووردبینی و خۆیەتی و ئای تای و خزمەتگوزاری فەرمانگە بەگشتی و نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە. بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی هاتنی ڤیرۆسی کۆرۆنا و هەر بارودۆخێکی تر کە هاتۆتەپێش خۆ گونجاندنمان کردووە. لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەموو ئەو نووسراوانەی لە هۆبەی هاتوو و دەرچوو لەم بەڕێوەبەرایەتیە کاری پێویستی لەسەر کراوە:
  - دەرچوونی (١٤,٩٨٨) نووسراو بەگشتی.
  - هاتوو (وارد) (٢٣,٢٠٠) نووسراو.
  - سکانکردنی (٣٩,١٠٠) نووسراو وەک ئەرشیفی نووسراوە هاتوو و دەرچووەکان.
- لەساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە و شاندێکی یاوەری لە فەرمانگە سەرەدانی پەرلەمانی کوردستان کراوە و لەگەڵ هەریەك لە ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان و د. هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردستانی بە سەرۆکایەتی دکتۆر ڕێبوار بابکەیی کۆبوونەوە ئەنجامدراوە.
- لە کۆبوونەوەکاندا، بە ووردی گفتوگۆ لەبارەی چەندین پرس و بابەتی گرنگ کراوە وەك:
  - هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و بازرگانی هەرێمی کوردستان و عێراق.
  - فراوانترکردنی کار و چالاکی نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و هەماهەنگی و کاری هاوبەش لەسەر پرس و بابەتە جیاجیاکان.
  - دۆخی ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە بە شێوەیەکی گشتی.
  - پەنجەخستنەسەر کەموکورتییەکان.
  - کار و هەماهەنگی هاوبەش و چۆنیەتی باشترکردنی کاری بەیەکەوەیی و ئاگاداربوون لە دواین بەڕێوەچوونەکانی وڵات و هاونیشتیمانیان لە ناوەوە و دەرەوە.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا:** زیاتر لە ١٠٠٠ جار هەماهەنگی و پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا لە ڕێگای ئیمەیل و تەلەفۆن و کۆبوونەوە بەشێوەی ئۆنلاین یاخود ڕووبەڕوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە ڕێگای هاندانیان بۆ ئەو یاسا و پرۆژانەی دەردەچێت کە حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان سوودی لێوەربگرێت. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پەیوەندییە گشتییەکان زۆر چالاکانە بەرنامەی هەبووە لە ڕێگای هەواڵنامەی مانگانە و هەواڵنامەی وەرزی تایبەت بە دۆخی مرۆیی، بڵاوکردنەوەی فلایەر تایبەت بە بۆنە و یادەکان و جەژنەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێگەی چالاک بووە هەروەها لە ڕێگای ماڵپەڕی نوێنەرایەتی و بڵاوکردنەوەی پۆدکاستی مانگانە. هاوکات لە چەندین مەراسیم و سیمینار وەک میوانی قسەکەر بەشداربووە و مەراسیمی تایبەتی ڕێکخستووە وەک یادکردنەوەی جینۆسایدی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید و ئاهەنگی جەژنی نەورۆز.

- لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ : لە یەک کاتدا لۆبیمان کرد لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و کۆنگرێس بۆ بەردەوامبوونی پشتگیرییەکان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووی مەشق و دابینکردنی کەلوپەل و دەرماڵی لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٣. لە ئەنجامدا ئیدارەی ئەمریکی و کۆنگرێس لە کاتی ئێستادا پلانی ئەوەیان هەیە بودجەیەکی زیاتر لە ٣٥٨ ملیۆن دۆلار بۆ عێراق دابین بکەن کە لەو بودجەیەدا پڕی ٢٤٠ ملیۆن دۆلار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت.

- لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ : بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لۆبیمان کرد و هاوکاربووین لە داڕشتنی یاسایەک لە کۆنگرێس کە لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ ی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی بڕی ٢٥٧ دۆلار وەک هاوکاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین بکرێت ئەمەش مانای ئەوەیە کە هاوکارییەکی زۆری دارایی پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە کراوە بەتایبەتی لە ڕێگای بەرنامەی سندوقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە ٣٤٥ ملیۆن دۆلار بووە. واتەیە بەشی زۆری هاوکارییەکانی ئەو سندوقە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بووە.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە بەریتانیا:** لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٩٠٠ کۆبوونەوەی هەبووە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا و وەزیرە باڵاکان و دۆستانی نزیکی کورد و ئەو کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی پەرەپێدانی پەیوەندی دەکەن لەگەڵ هەرێم و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ناوەند و ڕێکخراوەکان و باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا و وڵاتە جیاجیاکان و پێکهاتە جیاجیاکان. هاوکات پێشوازی لە چەندین شاندی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ لەندەن و هاوکاری تەواوی کردوون لە ڕێکخستنی دیدار و کۆبوونەوەکانیاندا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە نەمسا:** بە بەردەوامی کاریان کردووە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەمسا بە تایبەتی لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هانی چەندین کۆمپانیای نەمساوییان داوە بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان لە هەرێم بکەن و پەیوەندییەکی باشیان

لە نێوان ژووری بازرگانی نەمسا و هەرێمی کوردستان دروستکردووە. هاوکات گرنگی تەواویان داوە بەو پرۆژانەی کە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە لە بوارە جیاجیاکان پێشکەشی هەرێمی کوردستانی دەکەن.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە فەرەنسا:** زیاتر لە ١٢٠٠ دیدار و کۆبوونەوەیان بە جیا ئەنجامداوە لەگەڵ هەریەك لە:

- راوێژکاری سەرۆک ماکرون بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە کۆشکی ئیلیزێ.
- بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەرپرسی کاروباری کوردەکان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فەرەنسا.
- بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی گروپی دوستایەتی فەرەنسی و کوردی.
- لەگەڵ باڵیۆزی عێراق، تورکیا، ئەرمەنیا، روسیا، ئوردن و هەرێمی کەتەلونیا و هەروەها ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریس.
- ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە فەرەنسییەکان کە لە هەرێمی کوردستان پرۆژە ئەنجام دەدەن وەک ڕێکخراوەکانی دانێیل میتەراند، لیئو لاگرانژ، پرومیدیاسیون، هاج ، س ئو س کرسیتیانیەکان و هتد...
- پارت و لایەنە سیاسییەکانی کورد و رەوەندی کوردی و قوتابیانی کورد لە فەرەنسا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە ڕووسیا:** زیاتر لە ١٠٠٠ دیدار و کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بە جیا لەگەڵ هەریەك لە کاربەدەستانی باڵای فرۆکەخانەی ڤنۆکەڤەی مۆسکۆ، ئەلیکساندەر سەرگێڤیچ لارین ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بزنس - باڵوێزی روسیا لە عێراق، دیمیتری نێرسەسیان بەرپرسی سەنتەری پەروەردە و گواستنەوە و ڤلادیسلاڤ ئەلێگەڤیچ یاریدەدەری سەرۆک ژووری بازرگانی مۆسکۆ، نوێنەری فیدراسیۆنی کوردانی سۆڤیەت لە مۆسکۆ ماروف ئەسلانۆڤ.

کارکردنی جددی کراوە بۆ چارەسەکردنی پرسی ڤیزە و کاروبارەکانی چۆنیەتی هاتنی نەخۆش بۆ ڕوسیا، هەروەها پرسی دروستکردنی قوتابخانەیەکی کوردی لە یەکێک لە گوندە کورد نیشینەکانی روسیا. هەروەها هاوکاریکردنی ئەو پەنابەرانەی کە لەناو خاکی بێلاروسیادان و دەیانەوێ بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، وە ئەوانەش کە بە نایاسایی هاتوونەتە ناو خاکی روسیا و دەستگیرکراون. بەدواداچوونی بەردەوام و ڕۆژانە کراوە لەسەر رەوشی ژیانی ئەو کۆچبەرە گیراوانەی بەهۆی بەزاندنی سنووری ڕوسیا بە نایاسایی لە ڕوسیا دەستبەسەر کراون و ڕۆژانە چاودێری رێکارە یاساییەکانیان دەکەین و بەردەوام لەگەڵ خزم و کەس وکاریان لەسەر هێڵین.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا:** بەردەوام لە پەیوەندییەکی گونجاودا بووە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەشی مەغریب، دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزارەتی دەرەوە.

حکومەتی ناوەندی ئیسپانیا هەردەم پەیوەندییەکی دۆستانەی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام هەردەم دووریەک بوونی هەیە لەبەر بابەتی کەتەلۆنیا. زۆر جار پەیوەندییەکان لە ئاستی دۆستانە زیاتر نابن. وەزارەتی دەرەوە هەموو پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی عێراقەوە لە ئیسپانیا چانێڵ دەکات. کونسوڵی ئیسپانیا لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە، جگە لە کونسوڵی فەخری، و وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا سەردانی هەرێمی کوردستانیان نەکردووە. لە ٢٠٢١ دا ئارانچا گۆنزالێس لایا پلانی سەردانیکردنی عێراق و هەرێمی کوردستانی هەبوو، بەڵام ئەم سەردانە ئەنجام نەدرا بە هۆی بوونی کەیسی پۆزەتیف لە تیمی وەزارەتدا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە شانشینی سوید:** لەو ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی بە جیای ئەنجامداوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید، ئان لیندێ، پەرلەمانتارانی گشت پارتەکانی ناو پەرلەمانی سوید لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەتی ئاڵوگۆڕ و هاوکاری پەرلەمانتاری و لایەن و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردستانییەکان و باڵوێزخانەی عێراق و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە سوید لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی نوێنەرایەتی لەناو سلکی دیپلۆماسیی لە سوید.
- **نوێنەرایەتی حکومەت لە بەلجیکا:** لە پەیوەندی بەردەوامدابووە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا، باڵیۆز (Peter Huyghebaet) بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا و کەنداو و (Hannelore Delcour) بەرپرسی دێسکی عێراق، خاڤییێر نارت، ئەندامی پەڕلەمانی ئەوروپا و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەرگری ئاسایش.

هاوکات بەشداری کارای هەبووە لە کۆبوونەوەی فەرمی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەوروپا لە گەڵ عێراق بە بەشداری نوێنەری ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا و ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و باڵیۆزی عیراق لە یەکێتی ئەوروپا. هاوکاری تەواو پێشکەش بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کراوە ئەوانەی لە وڵاتی بەلجیکا کۆچی دوایی دەکەن یاخود کێشەی کۆچکردنیان هەبووە.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە پۆلۆنیا:** هەوڵی جددی و کاری زۆری بە ئەنجام گەیاندووە لە ڕووی قەیرانی کۆچبەرانەوە کە لە پایزی ساڵی ٢٠٢١ لە سەر سنووری وڵاتی پۆلۆنیا و بیلاروسیا سەری هەڵدا. کوردستانییەکان زۆرینەی ئەو کۆچبەرانە بوون کە هەوڵیان دەدا سنووری وڵاتی پۆلۆنیا ببەزێنن پێوەری قەیرانەکە پێویستی بە کرداری چڕ و دەستبەجێبوو. هەروەها لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا لە پەیوەندی و کۆبوونەوەی بەردەوامدابوون لەگەڵ بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا بە مەبەستی فراوانکردنی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان پۆلۆنیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی ئوسترالیا:** پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ وڵاتی میواندار لە سەر ئاستی حکومەت، پەرلەمان، داموودەزگا حکومییەکان و کەسانی خاوەن ئەزموون و پرۆفیشناڵ وە کار دەکەین بۆ پتەوکردنی پردی نێوانمان و بەرژەوەندیەکانمان، لەم ڕووەوە چەندین کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە بۆ پتەوکردنی قەبارەی هەرێمی کوردستان، گرنگترین دیدارەکانیش لەو ماوەیەدا بە جیا ئەنجامدراوون لەگەڵ هەریەك لە جەندین پەرلەمانتارانی ئوسترالیا لە گروپ و پارتە جیاوازەکان، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئوسترالیا (بەشی عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، دامەزراوەی ئەنجومەنی توێژینەوەی ئوسترالی، گروپی کۆمەڵەی دۆستایەتی عێراق – ئوسترالیا، باڵیۆزخانەی ئوستوڕاڵیا لە عێراق و چەندانی تر.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

لە ساڵی چواەمی کابینەی نۆیەمدا بە دەیان ڤیدیۆ و سەدان گرافیک و لێدوان و پرێسکۆنفرانسی بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکانی حکومەت بۆ خەڵک، ئەنجام داوە.

- **بەڕێوەبەرایەتیی پێگەی فەرمیی حکومەت:**

کاری سەرەکی ئەم بەڕیوەبەرایەتییە دروستکردنی ڕاپۆرت و هەواڵی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەواڵی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان، کە سەرجەمیان لە پێگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاو کراونەتەوە.

هەواڵ:

پێگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ٩٧٦ هەواڵی سەرۆکی حکومەت و ٥٢ هەواڵی جێگری سەرۆکی حکومەت و ٣٣٠٤ هەواڵی داموودەزگاکانی دیکەی حکومەتی لە پێگەی فەرمی بڵاو کردووەتەوە کە کۆی گشتی دەکاتە **٤٣٣٢ هەواڵ**. لە هەمان کاتدا **٢٨٢** ڕاپۆرتی مەیدانی لەلایەن تیمی پێگەی فەرمیی حکومەتەوە و دروست کراوە و لە پێگەی فەرمی بڵاو کراونەتەوە.

سۆشیاڵ میدیا:

لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بە چەند شێوەیەک کاری لەسەر پرۆمۆتکردنی کار و چالاکییەکانی حکومەت کردووە، کە پێک هاتوون لەمانە:

- بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ: ٤٨١
- بڵاوکردنەوەی وێنە: ٨٧٠

- بڵاوکردنەوەی هەواڵی ماڵپەڕ: ١١٠٠
- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی گرافیك: ٧١٠
- گواستنەوەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی: ١٣

فەرمانگەی میدیا و زانیاری، بەهەرمەکانی بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی لەم پلاتفۆرمانەی سۆشیاڵمیدیا بڵاو کردووەتەوە:

میدیای دەرەوە:

لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٥٢) کۆبوونەوەی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی ئەنجامدراوە، (٨٩) ئیمێڵ و (٩٤) لێدوان و ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ناردووە، بۆ گەیاندنی پەیامی حکومەت.

- **بەڕێوەبەرایەتیی میدیا و زانیاری:**

بەڕێوەبەرایەتی میدیا و زانیاری لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە ساڵی ڕابردوودا واتە لە لە (١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ تا ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٣) توانیویەتی کار لەسەر داشبۆردی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی نۆیەم بکات و سەرجەم پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بکات و جگە لەوەش چەندین کاری دیکەی نوێ بکات وەک:

- دروستکردنی سیستەمێکی نوێ (TMS) بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ستافی فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی (داشبۆردی گوێگرتن و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە تێروانینەکانی کۆمەڵگا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان (KCPU)).

- گۆڕینی دۆمەینی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا و دروستکردن و نوێکردنەوەی داشبۆردی زانیاری ڤایرۆسی کۆرۆنا و نوێکردنەوەی ناوەرۆکی پێگەی فەرمی لە ڕووی داتا و زانیاری.
- هەروەها بڕیاری ژمارە (١٥٠) تاوەکوو (١٩٩) لە پێگەی فەرمی و دانانی (داتا و زانیاری پشتراستکردەوەی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم) بە ناوی ڕاپۆرتەکانی (دیلۆیت) بۆ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) و دانانی ڕاپۆرتی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی.

- **نوێکردنەوەی زانیاری داموودەزگاکان:**

١- ژمارەی بەکارهێنەران بە گشتی

بەراورد بە ساڵی پێشوو لەم ساڵدا ژمارەی بەکارهێنەران بە ڕێژەی (٢٦٪) زیادی کردووە، وە بەراورد بە ساڵی یەکەمی کابینە بە ڕێژەی (١٢١٪) زیادی کردووە.

٢- ڕێژەی بەکارهێنەران بە پێی ناوەندی سەردانیکردن:

لە ماوەی ساڵی سێیەمدا ترافیکی ئۆرگانیک بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزبوونی پێگەی فەرمی لە ڕانکی سایتەکانی گەڕانی وەکوو گوگل، بینگ، هتد

٣- ژمارەی بەکارهێنەران بە پێی پارێزگا و ساڵەکانی کابینەی نۆیەم







- **بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان:**

١- کردنەوەی ٣ خول بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئایتی و بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی گشت وەزارەت و فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

٢- ناردنی گشت ئەو ڤیدیۆ و سپۆتانەی کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری دروستی دەکات و پەیوەستن بە کار و چالاکی حکومەت و هۆشداریی گرنگی هاوولاتیان لە چەند بواری جیاواز، بۆ گشت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

٣- هاوبەشی سەرەکیی پێشانگای نێودەوڵەتی هایتێکس بۆ تەکنەلۆجیا، بۆ ساڵی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ هەڵسا بە ڕێکخستنی سەکۆی حکومەت کە تیایدا چەند سیستەمێکی ئەلیکترۆنی نمایش کران.

٤- هەماهەنگی و یارمەتیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (UNFPA) سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان.

٥- ئامادەکردن و ڕێکخستنی ئیڤێنتی دابەشکردنی خەڵاتی پێشبرکێی (کوردستان لە چاوی ئێمە) کە بۆ کۆمەڵە گەنجێکی بەهرەمەند لە بواری فۆتۆگرافی.

٦- ئامادەکردن و ڕێکخستنی ئیڤێنتی (خەڵاتی ساڵ)، بۆ بە سێ لە باشترین بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان.

- **بەڕێوەبەرایەتی هونەری و لۆجستی:**

بەڕێوەبەرایەتیی هونەری و لۆجستی لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ڕابردوو واتە لە ١٢٣ نووسراوی ئاراستەی گشت داموودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و لە هەمان کاتدا ٢٣٣ نووسراوی لە لایەن داموودەزگاکانەوە وەر گرتووە.

دەستەی وەبەرهێنان

دەستەی وەبەرهێنان

لە پانزە ساڵی ڕابردوو، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە (١١٢٣) پڕۆژەی وەبەرهێنان داوە، بە سەرمایەی نزیکەی (٦٧) ملیار دۆلاری ئەمریکی، بەرووبەری (٧٦٢٥٠) دۆنم لەناو ئەمانەشدا بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان تائێستا (١٥١) مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشێنراونەتەوە.

لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەم و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٥ تا ٢٠٢٣/٥/٢٥، مۆڵەت بە (٧٩) پڕۆژە دراوە بە سەرمایەی نزیکەی (٢) ملیار و (٢٤٥) ملیۆن دۆلار و لەسەر ڕووبەری (٢٤٥٨) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

- **پیشەسازی:** (٢٧) پڕۆژە بە سەرمایەی(٥٥٢) ملیۆن دۆلار.
- **نیشتەجێبوون:** (٩) پڕۆژە بە سەرمایەی (١) ملیار و (٢٩٣) ملیۆن دۆلار.
- **فێرکردن:** (٣) پڕۆژە بە سەرمایەی (٥٤) ملیۆن دۆلار.
- **گەشتیاری:** (٨) پڕۆژە بە سەرمایەی (٤٧,٥) ملیۆن دۆلار.
- **بازرگانی:** (١٩) پڕۆژە بە سەرمایەی (١٣٤) ملیۆن دۆلار.
- **تەندروستی:** (١٠) پڕۆژە بە سەرمایەی (٧٦,٥) ملیۆن دۆلار.
- **کشتوکاڵ:** (٣) پڕۆژە بە سەرمایەی (٨٨,٥) ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پڕۆژانەی لە ٢٠٢٢/٥/٢٥ تا ٢٠٢٣/٥/٢٥ پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراو لە هەر چوار پارێزگای: هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکان (گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران، زاخۆ) (٧١٤) پڕۆژە بووە، (٦٣) پڕۆژەیان پەسندنەکراوە و ئەو پڕۆژانەی بڕیاریان لەسەر نەدراوە (٢٠١) پڕۆژەن و (٤٥٠) پڕۆژە پەسندکراون بە سەرمایەی خەملێندراوی زیاتر لە (١٩) ملیار دۆلار (هەولێر: ١٣٤ پڕۆژە، سلێمانی: ١١٨ پڕۆژە، دهۆک: ١١٠ پڕۆژە، هەڵەبجە: ١٣ پڕۆژە، زاخۆ: ٦ پڕۆژە، گەرمیان: ٥٠ پڕۆژە، ڕاپەڕین: ١٦ پڕۆژە، سۆران:٣ پڕۆژە)، لە ناو ئەمانەشدا لە سێکتەری پیشەسازی جۆراوجۆر (١٠٢) پڕۆژە پەسەندکراوە بە سەرمایەی زیاتر لە (٨) ملیار دۆلار و لە سێکتەری کشتوکاڵی (١٠) پڕۆژە پەسەند کراوە بە سەرمایەی زیاتر (١٢٧) ملیۆن دۆلار. پڕۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەکە، دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە بڕگەو تەوەرەکانی کارنامەی حکومەت لە ماوەی ساڵی چوارەمی تەمەنی ئەم هەنگاوانەی ناوە:

ئاستی چاکسازی:

یەکەم: لە ڕێگای بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان :

- لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەی نۆیەم (٦) بڕیار لەلایەن ئەنجوومەنی باڵا وەبەرهێنان دەرچووە، کە تایبەت بووە بە فراوانکردنی و پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە سێکتەرکانی پیشەسازی و نیشتەجێبوون.

دووەم: لە ڕێگای کۆبوونەوەی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ :

- ژمارەیەک وەبەرهێنەری پارێزگای سلێمانی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و لەمپەرەکانی بەردەم وەبەرهێنەران، سەرۆکی دەستە راسپاردە و داواکارییەکانی وەبەرهێنەرانی وەرگرت سەبارەت بە کەمکردنەوەی رۆتیناتی پێدانی مۆڵەت و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و بەڵێنی چارەسەرکردنی پێدان.
- وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار بە مەبەستی تاوتوێکردن و پەرەپێدان و هەماهەنگی زیاتر لەنێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار کرایەوە لە ڕێگای خستنەڕووی زانیاری لەسەر پڕۆژەکان و باشتر رایکردنی کاری پڕۆژەو کواڵێتیان لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیان لە هەموو شارو قەزاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەبەرهێنان لە نێو دەستەو پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی گشتی ئابووری پەیوەست بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان تاوتوێکرا وسود وەرگرتن لە هەلی وەبەرهێنان و ئاسانکاری و کەمکردنەوەی رۆتینیات و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان خرایە روو.
- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی شار و ناوچەی پیشەسازی و سەرپەرشتیارانی بەشەکە، بەئامانجی پێشخستنی سێکتەری پیشەسازی، جەختی لە دارشتنی پلانی نوێی وەبەرهێنان و دروستکردن و دابینکردنی زەوی لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و تەنانەت قەزاکانیش کردەوە. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی راسپارد بەزووترین کات، بەربەست و کێشەکانی بەردەم ناوچە پیشەسازییەکان چارەسەر بکرێن و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران بکرێ.

سێیەم: لە ڕێگای فەرمانگەکانی نێو دەستە و پێکهێنانی لیژنەی پسپۆڕ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پارێزگەکان و ئیدارەسەربەخۆییەکان:

- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی بەڕێکردن و هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دیوانی دەستە بە نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان لە فەرمانگەی هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران بەشداریکرد لەکۆبوونەوەی لیژنەی پێداچوونەوەی ڕێنمایی تایبەت بە بڕیاری ژمارە (١٧٢)ی تایبەت بە دەستی کاری ناوخۆ.
- لیژنەی ڕاسپێردراوی هاوبەشی نێوان دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گەشتوگوزار بە مەبەستی ئامادەکردنی نەخشەی وەبەرهێنانی گەشتیاری، بڕیار درا (٦٧) پڕۆژەی گەشتیاری کە ماستەر پلانیان هەبوو، بکرێتە بنەمایەك بۆ ئامادەکردنی نەخشەی وەبەرهێنانی گەشتیاری و ڕەشنووسی ڕێنماییەک ئامادەکراوە بەمەبەستی هاندانی زیاتری کەرتی گەشتیاری.
- ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٦٠٧٥ لە ٢٠٢٢/١١/٨). دەستەی وەبەرهێنان لیژنەیەکی پێکهێنا بە هاوبەشی لایەنە پەیوەندارەکان (شارەوانی پارێزگاکان، نەخشەدانانی ئاوەدانی، تاپۆ) بە مەبەستی بەناوکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە ناوی هاوڵاتیانەوە.
- بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سۆران، هەڵسان بە بەدواداچوون و وردبینی لە دۆسیەی پڕۆژەی گوندی سلیڤانا، هەر لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی و لەبارەی هەمان پڕۆژە لیژنەی خەملاندنی نرخی ڕاستەقینەی زەوی پڕۆژە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵسا بە ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەسەر دیاریکردنی نرخی ڕاستەقینەی زەوی بۆ پڕۆژەکە.

ئاستی خزمەتگوزاری:

- دەستەی وەبەرهێنان فۆڕمی وەرگرتنی شوقەکانی لە وێب سایتی دەستەی وەبەرهێنان ڕاگەیاند بە مەبەستی سوودمەندبوونی کەسانی شایستە، بەگوێرەی نوێترین ئامار، لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ تاوەکو ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ ٥١ هەزار و ١٧٩ کەس فۆڕمەکەیان بەسەرکەوتویی پڕکردووەتە. بۆ سوودمەندبوون لە (٢٠) هەزار یەکەی نێشتەجێبوون، هەر بۆ ئەم مەبەستە:

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان سەردانی پارێزگای سلێمانی کرد. کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەبەرهێنانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین و بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەبەرهێنان لە سلێمانی ئەنجامدا.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ دامەزراوەی "کان" تاوتوێی میکانیزمی دروستکردنی یەکەکانی کرد، لە ڕووی کوالیتی و خەرجی و خزمەتگوزاری.

- لە چوار چێوەی پلانی بە ئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان . دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە دروستکردن و کەوتنەکاری وێبساتی invest.org.krd, بەمەبەستی خستەڕووی زانیاری و کار و چالاکی و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و ڕاکیشانی وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.
- بە مەبەستی گەیاندنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەکان لە سێکتەری پیشەسازی و ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار بۆ دەستی کاری خۆماڵی، دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکان کاریان بۆ دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازی کردووە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ناوچەی پیشەسازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشەسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و هەموو کارەکانی تەواو بووە و تەنها ماوە ڕابگەیێنرێت.
- ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠ کاری پەسەندکردنی سەرەتایی بۆ کرابوو، لە ئێستادا مۆڵەتی وەرگرتووە و دەستی بەکارکردووە.
- ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگای هەڵەبجە زەوی بۆ تەرخانکراوە.
- ناوچەی پیشەسازی لە خورماڵە لە قۆناغی تەرخانکردنی زەویدایە.
- ناوچەی پیشەسازی لە قەزای عەربەت لە قۆناغی پیشکەشکردنی پرۆپۆزەڵدایە.
- ناوچەی پیشەسازی کەلار لە قۆناغی ڕاییکردنی مامەڵەدایە.
- ناوچەی پیشەسازی ڕاپەڕین لە قۆناغی دابینکردنی زەوی دایە.

ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- بەمەبەستی هەماهەنگی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بەشداری لە سیمینارێک کرد، کە تیایدا جێگری پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق و بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی عێراق لقی هەولێر، سەرۆکی ڕابیتەی بانکەکانی عێراق و بەڕێوەبەری ژمارەیەک بانک ئەهلی لە کوردستان ئامادەبوون. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ڕۆڵی بانکەکانی لەهەمبەر پاڵپشتی و تەمویلی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بە گرنگ و پێویست ناوبرد و داوای لە ئامادەبووان کرد، پاڵپشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەن.
- شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتوون لە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و وەزیری پلاندانان و سەرپەشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و چەندین وەبەرهێنەرو بازرگان، بەشداری کۆنفرانسی ئەنجومەنی کاری عێراقی بەریتانی IBBC کرد. لە کۆنفرانسەکەدا سەرۆکی دەستەی

وەبەرهێنان و وەزیری پلاندانان، بەشداری یەکێک لە پانێڵەکانیان کرد و تیشکی خستەسەر هەلەکانی وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و گشتی لە هەرێمی کوردستان.

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵەی پیشەسازی و پیاوانی کاری تورکیاو عێراق کۆبووە، لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لە بارەی ئەو کۆڕبەندە ئابوورییەی لە شاری مێرسین ی باکوری کوردستان .
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ محەمەد زەکام سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی پارێزگای بابل و وەفدێکی یاوەری کۆبوونەوە لە دیوانی دەستە، لەو دیدارەدا باس لە سودبینین لە ئەزموونی هەرێم لە بواری وەبەرهێنان بۆ ناوچەکانی تر و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هەردوولا کرا.
- سەرۆکی دەستە لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی پیشەسازی و پیاوانی کاری عێراقی تورکی کۆبووەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بە تایبەت لە سێکتەری پیشەسازی لە کوردستان .

ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە یاوەری لەگەڵ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، بەشداری کۆبوونەوەیەکی کرد، لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی تورکیا لەبارەی فراوانکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنان، کارئاسانی بۆ کۆمپانیاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ کوردستان، ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان تورکیا و عێراق و کوردستان، زیادکردنی جوڵەی بازرگانی و گەشتیاری لە دەروازە سنوورییەکان.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، پێشوازی لە بەڕێوەبەر و ئەندامانی سەنتەری کشتوکاڵی جیهانی هۆڵەندی کرد و سوپاسی دەستپێشخەری کردنەوەی لقی WHC کە، تایبەتە بە پێشخستنی کشتوکاڵ لەبوارە جیاجیاکان لە هەولێر کرد، هەروەها هەبوونی ئەم جۆرە سەنتەرانەی بە گرنگ و پێویست زانی، بەتایبەتی لەم قوناغەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەرزکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی دەدات.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە دیوانی دەستە لەگەڵ ڕێکخراوی (GIZ) ئەڵمانی کۆبووە. لەم کۆبوونەوە باس لە بەیەکەوە کارکردن و ڕاویژکاری کرا، لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و ڕێکخراوی ناوبراو، لە هەندی بواری تایبەت بە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی بازرگانی دەرەکی ژاپۆن (JETRO) لە دوبەی و بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە لە دوبە کرد. لەو دیدارەدا وەفدی ڕێکخراوی (JETRO) باسیان لە ئامانجی سەردانەکەی خۆیان کرد لەپێناو بەرەوپێشبردنی پەیوەندی وەبەرهێنان لە نێوان ژاپۆن و هەرێمی کوردستان. هەر دیدارەکەدا بڕیاردرا کە

رێکخراوی (JETRO) بە هاوکاری دەستەی وەبەرهێنان کاربکات بۆ هاندانی وەبەرهێنەرە یابانییەکان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان. هاوکات هەوڵدان بۆ زیادکردنی هەبوونی ئۆفیسی کۆمپانیا یابانیەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕیاریش درا لە داهاتوودا هەوڵی واژووکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و (JETRO) بکرێت بۆ هاندان و هەماهەنگی و زیادکردنی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنەرە یابانییەکان و هێنانی وەبەرهێنەران بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری پاڵاوگەکان و پیترۆکیمیاویات و پیشەسازییە جۆراو جۆرەکانی تر. هاوکات سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان داوای لە رێکخراوی (JETRO) کرد، کە هەوڵبدەن بۆ دامەزراندنی کارگەی ئۆتۆمبێل و پارچەی یەدەکی ئۆتۆمبێل لە هەرێم.

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ شاندێکی گروپی کۆمپانیاکانی وڵاتی ئیسپانیا کە لە بوارەکانی کەرتی خانووبەرەو کەرتی گەشتیاری و پیشەسازیدا کار دەکەن کۆبووە، لەم کۆبوونەوەدا جەخت لە هەموو ئەو ئاسانکارییانە کرایەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی ڕەخساندووە کە لە هەر بوارێکدا کاردەکەن بە تایبەت کەرتی پیشەسازی و گەشتیاری و کەرتی کشتوکاڵی.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ شاندێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی (IOHR) بۆ مافەکانی مرۆڤ و پەنابەران کۆبووە. بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری کۆمسیاری رێکخراوەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس لە مافەکانی هاوڵاتیان و یارمەتیدانی گەنجان بە دەستگرتنیان لەرەخساندنی دەرفەتی کار بۆیان و کەمکردنەوەی لێشاوی پەنابەران بە دەستەبەرکردنی مافەکانیان کرا.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵەی پیشەسازی و پیاوانی کاری تورکیا و عێراق کۆبووە.
- لە زنجیرەی دیدار و کۆبوونەوەکانیاندا شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەریەک سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەزیری گەشت و گوزارو شوێنەواری شانشینی دەوڵەتی ئەردەن لە دیوانی وەزارەتی ناوبراو کۆبوونەوە. لە دیدارەکەدا شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیان لە بایەخ و گرنگی گەشتیاری کردەوەو جەختیان لەسەر ئەوەشکردەوە کە هەرێمی کوردستان لە هەردوو بواری گەشتوگوزاری و شوێنەواریەوە شوێنگەی دەوڵەمەندی هەیەو ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان پایەی تایبەتی خۆی هەیەو ئەم کەرتە لە هەر وڵاتێک بە بڕبڕەی ئابووری هەر وڵاتێک دێتە هەژماردن.
- هەریەک لە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و شاندی یاوەریان لە زنجیرەی دیدارو کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ وەزیری ئابووری و داتاو پێشەنگ و بەرپرسانی وەزارەتی ناوبراوی شانشینی ئەردەن کۆبوونەوە. لەلایەن خۆیانەوە شاندی حکومەتی هەرێم خۆشحاڵی خۆیان

بەو دیدارو کۆبوونەوەیە دەربڕی پاشان وەزیری ئابووری و داتاو پێشەنگی شانشینی ئەردەن جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە سەردەم سەردەمی پاڵپشتی کردنە لە دەزگاکانی تەکنەلۆژیاو پەیوەندییەکان و ئای تی بە تایبەت لە کەرتی تایبەتدا چونکە نەوای هاوبەشی ڕاستەقینەی پێشکەوتنەکان ژمارەو داتاکانن.

- دوا بەدوای تەواوبوونی کارەکانی کۆڕبەندی ئابووری هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئەردەن لە عەممانی پایتەخت لە لایەن کۆمەڵەی پیاوانی خاوەنکاری عێراقی لە وڵاتی ئەردەن بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بزنسمان و بەرپرسانی میری وڵاتی ئەردەن خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پای ئەو خزمەت و کارئاسانیانەی پێشکەش بە وەبەرهێنەری ناوخۆی و بیانی دەکات لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
- لە میانی سەردانە پلان بۆ داڕێژراوەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شانشینی وڵاتی ئەردەن هەریەک لە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و شاندی یاوەریان سەردانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی شانشینی ئەردەنیان کردو لەلایەن وەزیری وەزارەتی ناوبراو بەرپرسانی وەزارەت پێشوازی گەرمیان لێکرا.
- لە کۆڕبەندی ئابووری هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئەردەن لە عەممانی پایتەخت کە وەزیری وەبەرهێنانی شانشینی ئەردەن و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە خاوەنکارو وەبەرهێنەری هەرێمی کوردستان و شانشینی وڵاتی ئەردەن ئامادەیی بوون وێڕای پێشکەشکردنی چەندین وتار لە لایەن بەرپرسانی بەشداربووی کۆڕبەندەکە هاوکات سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەشکرد. و لە وتارەکەیدا ستراتیژی و دونیابینی سەرۆک وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی وەبەرهێنانی لە مەڕ هاندانی وەبەرهێنەرو خاوەنکارانی بیانی بە مەبەستی هاندانیان بۆ کاری وەبەرهێنان لە ناوخۆی کوردستان شیکردەووە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەشداری کرد، لە ڕۆژی بزنسی کۆماری چیک.
- شاندی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندی نێودەوڵەتی وەبەرهێنان بۆ وزەی نوێ بووەو تواناکانی وزە لە عەممانی پایتەختی شانشینی ئەردەن.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە نوێنەرایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی پاییزەی دوبەی لە وڵاتی ئیماراتدا کرد کۆنفرانسەکە لە ژێر ناونیشانی بەیەکەوە عێراق بونیات دەنێین بە بەشداری بەرپرسانی حکومی و ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتی ئیمارات و شانشینی بەریتانیا بوو.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ شاندێکی بازرگانی کلدانی ئەمریکی و دامەزراوەی کۆمەڵگەی کلدانییەکان بە سەرۆکایەتی مارتن مەننا کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی ژووری بازرگانی کلدانی

لە بارەی کارو پڕۆژەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا خستەڕوو، ئامادەیی دامەزراوەکەشیان نیشاندا لە ئەنجامدانی کار و پڕۆژەی وەبەرهێنان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان.

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەشداری کۆبوونەوەیەکی ئابووری و بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و نەمسای کرد. ئیڤێنتەکە لەلایەن باڵوێزخانەو گەورە دیپلۆماتکارانی کۆماری نەمسا لە عێراق بۆ وەبەرهێنەرو خاوەنکارو بزنسمانانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ناوبراو رێکخرابوو.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ شاندێکی کۆمپانیای ئەبرار سەر بە گروپی کۆمپانیاکانی ئەلمواردی وڵاتی ئیمارات بە سەرۆکایەتی پۆڵ ویلم کۆبوویەوە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ بەرپرسانی کۆمپانیای EY کە خزمەتگوزاری دارایی و ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی پێشکەش دەکات کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کراو هەوڵەکانی دەستەی وەبەرهێنان بە ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ ناوەوەی هەرێم بە ووردی روونکردەوە لە رێگەی ئەو یەکەیەی کە لە ناو دەستەدا بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ سترستۆڤ لوکزاک سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمەڵەی نوێگەری لە سێکتەری کشتوکاڵی پۆڵۆنی کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان وەبەرهێنەری وڵاتی پۆڵۆنیا و هەرێمی کوردستان کرا لە هەموو سێکتەرەکان.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ بریکاری وەزارەتی وەبەرهێنانی شانشینی عەرەبستانی سعودیە لە رێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەکی هاوبەشیان ئەنجامدا .
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ سەلیم جەراح ئەندامی دەستەی ئەمینداراتی دامەزراوەی مەعاریفی پەروەردەیی تورکیا و مەمەد مەولود یاکوت کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان کۆبۆوە.
- شاندێک لە دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریکردن لە کۆڕبەندی وەبەرهێنانی شاریقە لە وڵاتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ هەریەک لە محەمەد بن سلێمان ئەلعسیری کونسڵی گشتیی شانشینی عەرەبی سعودی لە هەرێمی کوردستان و مشعەل الهذال راوێژکار لە وەزارەتی وەبەرهێنانی حکومەتی سعودی کۆبوویەوە. لە دیداری نێوانیاندا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عەرەبستانی سعودیە کرا.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەشداریان کرد لە کۆڕبەندی ئابووری وەبەرهێنان ئەلمانی - کوردستان.

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە یاوەری وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و پارێزگاری هەولێر و جێگر و ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان سەردانی باڵەخانەی یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەڵمانیایان کرد و لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی ژوورەکە کۆبوونەوە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە یاوەری وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و جێگری پارێزگاری دهۆک لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووری و وەبەرهێنان ئەلمانیا -کوردستان کۆمەڵێک دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی وەبەرهێنەرو بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرە دیارەکانی وڵاتی ئەلمانیا ئەنجامدا کە لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ فوئاد خازر ئەلمجالی کونسوڵی گشتی شانشینی ئەردەن و محەمەد عیسا لە گروپی کۆمپانیاکانی ماناسێر و سامر سوبحی لە کۆمپانیای گرین لاند بۆ تەکنەلۆژیا و وەبەرهێنان لەکەرتی خانوبەرە کۆبۆوە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ جەیمس گالاگەر بەڕێوەبەری بازرگانی نێودەوڵەتی لە باڵوێزخانەی شانشینی بەریتانیا لە عێراق کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا تاوتوێکرا.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە نێو باڵەخانەی زانکۆی لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا بەشداری کرد لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی زەماله بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پڕۆژەکە لە ژێر ناونیشانی پڕۆگرامی تواناسازی بارزانی لەلایەن زانکۆی لەندەن و زانکۆی بەریتانی لە هەولێر بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین کراوە.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کە لە بوارەکانی رێگاوبان و دروستکردنی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر کار دەکەن بە ئامادەبوونی خاوەن و نوێنەرانی هەردوو کۆمپانیاکانی هێمن گروپ و کاڤین گروپ کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوو گەورە کۆمپانیای ئەڵمانیا مارتن ڕۆزە و ئێچ جی گروپ کە خاوەن ئەزمونێکی دەیان ساڵەن لە بوارەکانی دروستکردنی بەرزەپرد و رێگاوبان و دروستکردنی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر ئامادەییان نیشاندا کە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ جێگری وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە کۆنسوڵی ئیماراتی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان ئامادە بوو، جەخت لەسەر فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان وڵاتی ئیمارات و هەرێمی کوردستان کرا.
- دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بوو بە ئەندام لە ئاژانسی جیهانی دامەزراوەکانی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان (WAIPA). ئاژانسی جیهانی دامەزراوەکانی پەرەپێدان و

بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان (WAIPA) ئاژانسێکی نێودەوڵەتی ناحکومییە کە لە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان دامەزراوە و وەک مەکۆیەک بۆ دامەزراوەکانی بەرەپێشبردنی وەبەرهێنان (IPA) کاردەکات.

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ نزیکەی (٣٠) کۆمپانیاو وەبەرهێنەران و ژوورە بازرگانییەکانی وڵاتی ئەڵمانیا کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان پوختەیەکی لە بارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان باس کرد و تیشکی خستەسەر دەرفەت و زەمینەسازییەکانی وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و ئەڵمانی بەمەبەستی هاندانیان لە ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان لە سێکتەرە جیاوازەکان بە تایبەت لە کەرتی پیشەسازیدا.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ شاندێک لە وەبەرهێنەران و سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی ئایانای وڵاتی ئیماراتی عەرەبی کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە ئەحمەد ئەلزاهری کونسولی گشتی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان ئامادەیی بوو، باسیان لە دەرفەت و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کرد.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە پەراوێزی بەشداری کردنیان لە کۆڕبەندێکی ئابووری کە لەلایەن ئەنجومەنی کاری کوردستانی بەریتانی ئەوروپی (KBE) رێکخرابوو.
- بەردەوامی کۆبوونەکان لەگەڵ نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هاندان و کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، تائێستاش لەو پێناوەدا لەگەڵ هەریەکە لە کۆنسوڵانی وڵاتانی (کونسوڵی گشتی هەنگاریا، باڵیۆزی سوید لە عێراق، کونسوڵی گشتی ئیمارات، کونسوڵی گشتی شانیشنی ئوردن، کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا، کونسوڵی گشتی شانشینی سعودی، کونسوڵی گشتی کۆماری چیك) ئەنجامدراوە، هاوکات هەماهەنگییەکان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامە.
- بە مەبەستی هامەهەنگی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بەشداری لە سیمینارێک کرد، کە تیایدا جێگری پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق و بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی عێراق لقی هەولێر، سەرۆکی ڕابیتەی بانکەکانی عێراق و بەڕێوەبەری ژمارەیەک بانک ئەهلی لە کوردستان ئامادەبوون.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە دیوانی دەستەی وەبەرهێنان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە خوێندنەوەو شیکردنەوەی دۆخی ئابووری بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر سێکتەری وەبەرهێنان کرد.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە پانێڵکدا لە میانی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی وەبەرهێنان و ئابووری سلێمانی. ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دونیابینی خودی سەرۆک

وەزیران بۆ داهاتوو بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابوورییە بۆ کوردستان بە تایبەت لە سێکتەرەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ.

- لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەشداری لە چەندین کۆنفڕاس، ئیفینت، کۆڕبەند، پیشانگا، پانیل، سیمینارکردووە لەوانە: کۆنفڕانسی پلانی حکومەت بۆ پێشخستنی سێکتەری گەشتیاری لە دەڤەری ئامێدی، ئیڤێنتێکی تایبەت بە وەبەرهێنانی وزەی نوێی کارەبا و دروستکردنی سیستەمی وزەی خۆر، هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی وێستگەی کارەبا لە وزەی خۆر کرد لە هەولێر، کۆڕبەندی سلێمانی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ئابووری لە شاری سلێمانی کرد. پیشانگای گەشت و گوزاری لە زاخۆ، پانێلیك لە میانی لە کۆڕبەندی وەبەرهێنان و ئابووری سلێمانی، سیمیناری تایبەت بە روونکردنەوەی کۆدەکانی بیناسازی لە کوردستان.
- لە ماوەی ساڵی چوارەمی کابینەدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان چەندین پڕۆژەی وەبەرهێنانی بەسەرکردەوە لەوانە: پڕۆژەی عەلوەی هاوچەرخی هەولێر، پڕۆژەی پاڤلیۆن ئەربیل، مەزنترین پڕۆژەی وەبەرهێنان لە سێکتەری پیشەسازی ئاسن، پڕۆژەی نەخۆشخانەی جیهانی فێرکاری و بانکی جیهان لە هەولێر، پڕۆژەی نەخۆشخانەی ئاسیا، چوارچرا سیتی، دەروو سیتی، میران سیتی لە سلیمانی، پڕۆژەی ڤیابازاڕی .
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەشداری چەندین مراسیم و دانانی بەردی بناغەی چەند پڕۆژەیەك کرد لەوانە: مەراسیمی کردنەوەی ئۆفیسی فرۆشتنی پڕۆژەی پاڤیلۆن، دانانی بەردی بناغەی (٦) پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە زاخۆ، بەردی بناغەی پڕۆژەی ئاڤاکرنا (٩٨٢) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەم دەرامەتان لە دەڤەری زاخۆ .
- دەستەی وەبەرهێنانی بە مەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی، یەکەی ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی کردەوە لە دیوانی دەستە بۆ ئەم مەبەستە هەلی دامەزراندنی بۆ چەند فەرمانبەرێك ڕەخساند، لە هەمان کاتدا لە ڕێگای بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنانی شارەکان هەلی دامەزراندنی بۆ چەند پسپۆڕییەك بۆ هەمان مەبەست ڕەخساند.
- لیژنەی پسپۆڕی هەمیشەیی باڵا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گرفتەکانی بەردەم پیشەسازی وەبەرهێنان بۆ ئەو کارگانەی داخراون تاوتوێ کراو بابەتی دروستکردنی شارە پیشەسازییەکان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان بە ووردی گفتوگۆی لەسەر کرد.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

ئاستی چاکسازی :

لە پێناو بەڕێوەبردنی حکومرانییەتێکی کاراتر ، شەفافتر بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت لە چوارچێوەی یاساو پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیارەکان، بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی دەستە، هەر هەنگاوێک بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین و خەرجی و ڕێکخستن و زیادکردنی داهات بوبێت بەشێوەیەکی شەفاف ئەنجام دراوە:

- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی دەستەی ژینگە تایبەت بە چاودێری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان بەمەبەستی دامەزراندنی دەرچوانی بەشی ژینگە لە کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان.
- پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ (یاسای چاکسازی لە مووچە ودەرماڵە و بەخشین و ئیمتییازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان/ عێراق) وردبینی لە دۆسیەی گشت فەرمانبەران کراوە و ئەوەی پێویست بووە لە دەستەکەمان ئەنجام دراوە و نێردراوە بۆ سکرتاریەتی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.
- دابەزاندنی دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان یان ڕەتکردنەوە بە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە پۆلێنی (أ) لە پێناو خێراترکردن و ئاسانکاری لە مامەڵەی هاووڵاتیان جگە لەو دەسەڵاتانەی پێیان دراوە.
- ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەمەبەستی هەماهەنگی لەبواری نەهێشتنی خاڵە دژ بەیەکەکان لە ڕێنماییە کشتوکاڵیی و ژینگەییەکاندا.
- لەپێناو ڕێکخستنەو و زیادکردنی داهات بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و نووسراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ، ئاماژە بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٢ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (**EIA**) لەلایەن فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام دەدرێت داهاتەکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی و فەرمانگەکان خەرج دەکرێت.
- کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زاخۆ.
- پێکهێنانی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەسەر ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.
- پێکهێنانی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.
- بەشدارکردنی فەرمانبەرانی دەستە لەو خولانەی کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری **(KIPA)** وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتی ژینگەی عێراقی فیدراڵ ئەنجامدراون، بەمەبەستی بەرزکردنەوە ئاستی کارگێڕی و تەکنیکی و هۆشیاری و پسپۆڕی فەرمانبەران.

- جێبەجێکردنی پلانی ساڵانە و چالاکی هۆشیاری ژینگەیی لەناوەندەکانی خوێندن (قوتابخانەکان و باخچەکان) لەوانە سیمینار، وۆرک شۆپ، بڵاوکردنەوەی نامیلکە و بڕۆشەری ژینگەیی، پۆست و ڤیتی ژینگەیی بەئەلیکترۆنی، ناشتنی نەمام ، هەڵمەتی پاککردنەوە لە چەند شوێنێکی جیا).

ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتی:

لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی گرینگی دراوە بە دروستکردنی پەیوەندی بە مەبەستی هەماهەنگی و چارەسەری کێشە و بەربەستەکان و وەرگرتنی هاوکاری و ئەنجامدانی کاری هاوبەش:

- بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقی فیدراڵ کارکراوە لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی گشت بەڵگەنامە جیهانییەکان کە لە بواری ژینگە کاریان پێدەکرێت وەک: (بازل، روتردام، ستۆکهۆڵم، میناماتا، سایتس).
- لە هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوام داین لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بۆ ئامادەکردنی وۆرک شۆپەکان و کۆبوونەوەکان لەسەر پتەوکردنی کاری کەش و هەوا لە هەرێمی کوردستان و هەوڵی وەرگرتنی تەرخانکراوی کەش و هەوا (التمویل المناخی) لە رێگای سندوقی سەوزی کەش و هەوا (صندوق المناخ الاخضر) (**GCF**).
- بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی (جورج تاون) و رێکخراوی تەندروستی جیهانی (**WHO**) لە رێگای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کارمان کردووە لەسەر جێبەجێکردنی پەیرەوەکانی تەندروستی جیهانی (لوائح الصحة الدولية **IHR**).

لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان:

دەستەکەمان چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و چەندین رێکخراوی جیهانی ئەنجامداوە بە مەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری لە ڕووی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان، لەوانە کونسوڵی (ئەمریکا، ئەڵمانیا، چین، کۆریای باشوور، ژاپۆن، بەریتانیا، ئیمارات، رێکخراوی (GIZ WFP، IL، ئێلبەرلەمانی ئەڵمانی). پوختەی ئەم پڕۆژانە لەم خاڵانە خوارەوە روون دەکەینەوە:

- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی جیهانی کەش و هەوا لە شەرم الشیخ لە وڵاتی میسر.
- رێکخستن و هەماهەنگی لە رێگای نوێنەری دەستە و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوی (UNDP) و دەرکردنی بەڵگەنامەی کاری کەش و هەوا تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە ژێر چەتری بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتیمانییەکان (NDC) و هەروەها پلانی ناوخۆیی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا (خطة التكيف المحلی LAP) و لە ئایندەدا جێبەجێکردنی بەلگەنامەی:

locally appropriate mitigation(LAMA)،technology needs assessment (TNA).

- پێکهێنانی لیژنەی ئایزۆی وزە لە دەستە کە سەرپەرشتیاری تیمی ئایزۆی هەرێمی کوردستان دەکات، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستپێشخەری نیشتیمانی وزەی نوێبووەکان بۆ پاڵپشتی وزە و کەمکردنی دەرهاویشتە حکومییەکان و جێبەجێکردنی یەکێک لە بەرنامەکانی (NDC) لە هەرێمی کوردستان.

ئاستی خزمەتگوزاری:

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پێناو کەمکردنەوەی رۆتینی کارگێری و ئەپدەیتی خزمەتگوزارییەکانی کردۆتەوە و لە پۆرتاڵی خزمەت بڵاو کراوەتەوە تا هاونیشتمانیان بە قۆناغ و ڕێ و شوێنە کارگێڕییەکان ئاشنا بن و زۆرترین دەسەڵاتی بۆ فەرمانگەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان شۆڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە زووترین کات مامەڵەکانیان ڕایی بکرێت، لە خوارەوە کۆمەڵێک کار و چالاکی لە ئاستی خزمەتگوزاریدا خراونەتەڕوو:

- پێدانی مۆڵەت و ڕەزامەندی بە هاوردەکردنی ئامێر و گازەکانی فریۆن کە دۆستی ژینگەن بە پێی ڕێنمایی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢ (ڕێنمایی پاراستنی چینی ئۆزۆن) و ڕێکەوتننامەی ڤییەنا و پرۆتۆکۆلی مۆنتریال وهەمواری کیگالی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق وسەنتەری نیشتیمانی ئۆزون.
- ڕاپەراندنی کاری هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی نووسراوەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ ئاسانکاری ئیش و کاری کارگێڕی لە نێوان دیوانی دەستەکەمان و فەرمانگەکانی.
- لەبواری ژینگەیی سروشتی پێدانی مۆڵەتی ڕاوی ماسی وئاژەڵی کەرویشک و کەو وسوێسکە و مراوی و بەدواداچوون و لێپرسینەوە بۆ سەرپێچی داربرین و سزادانیان بەپێی یاسا ژینگەییەکان و هەروەها ڕەزامەندی لەسەر هەڵپاچینی دار و دروستکردنی باخچە و دابینکردنی نەمام بۆ ڕێکخراوە ژینگەییەکان.
- لە بواری تیشک، پێدانی ڕەزامەندی بە (کۆگای سەرچاوەی تیشکدەر لە سنوری هەرێمی کوردستان، ژووری تیشك لە دامەزراوەکان و نۆرینگەکان نەخۆشخانەکان، ڕەزامەندی بەشی تیشکی نەوەوی لە نەخۆشخانەکان، تاوەرەکانی گەیاندن و وێستگەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆن)، و کۆنترۆڵکردنی پارچەی بەکارهاتوو (سیکراب)ی تیشکدەر لە کارگەی شیش و ئاسن و هەروەها دابینکردنی ئامێری پێوانەکردنی ڕێژەی تیشکدەر (دۆزمیتر) بۆ کارمەندەکانی تیشک بە هەموو جۆرەکانی.
- بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرۆژانەی کەلەلایەن فەرمانگەکانی سەربە دەستەوە ڕەزامەندی کارکردنیان پێدراوە بەمەبەستی چۆنیەتی جێبەجێکردنی مەرجە ژینگەییەکانی تایبەت بەو پرۆژانە هەروەها پێدانی

ڕێنمایی بۆ هەر پڕۆژەیەک پێشتر مۆڵەتی وەرگرتووە و مەرجی ژینگەیی جێبەجێ نەکردووە و ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر ئەوانەی پابەندنەبوون.

- لیژنەی لەبری سەوزکردن، لە فەرمانگەکان هەڵدەستن بە قەرەبووکردنەوەی سەوزایی بەو پڕۆژانەی کە شوێنیان نەبووە بۆ سەوزکردن لە ناو پڕۆژەکەیان، بۆیە دەبێت شوێنێکی گشتی وەک نەخۆشخانە، زانکۆکان، قوتابخانە و باخچەی ساوایان سەوز بکەن یانیش پارک وباخچە دروست بکەن لە گەڕەکەکان.

ڕێکار و چالاکییە بەردەوامەکانی بەشی یاسایی لە دەستەی ژینگە لە ماوەی ساڵی چوارەم:

- ڕێنمایی تایبەت بە (چاودێری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢.
- ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.
- ڕێنمایی پۆلێنی پڕۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی ژمارە (٣) ساڵی(٢٠٢٢).
- ڕێنمایی پاراستنی چینی ئۆزۆن ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢).
- چۆنیەتی هاوردەکردن، گواستنەوە، کۆگاکردن، پابەندبوونی بەکارهێنان، دووبارە هەناردەکردنی سەرچاوەکانی تیشکدەر لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ساڵی٢٠٢٢.
- ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستەمەکانی پەخش و ناردن و پەیوەندیە بێتەلەکانی وەك مۆبایل ژمارە (٦) ساڵی (٢٠٢٢).
- بەیانی ژمارە (١)ی تایبەت بە ڕێنمایی (٢)ی (٢٠٢١) ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢٢).
- بەیانی ژمارە (٢)ی تایبەت بە ڕێنمایی(١)ی (٢٠٢٢) ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢٢).
- بەیانی ژمارە (١)ی تایبەت بە ڕێنمایی (٦)ی (٢٠٢٢) ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢٣).
- هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢٣).
- ڕێنمایی ڕێکخستنی ڕاوکردن ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢٣).
- ڕێنمایی بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢٣).
- ڕێنمایی سنووردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی ژمارە(٣)ساڵی (٢٠٢٣).

داتا و ئامارەکانی گشت کار و چالاکی مانگی (١-٢-٣) ساڵی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە

یەکەم: مۆڵەت و ڕێگەپێدان و ڕەزامەندی بۆ پرۆژەکانی (پیشەسازی، پیشەسازی خۆراک، خزمەتگوزاری، نیشتەجێ، بازرگانی، کشتوکاڵی، تەندروستی)، هەروەها مۆڵەتی ڕاو و گواستنەوەی دار و بیری قوڵ و مۆڵەت پێدانی بەشی تیشک، بەم شێوەیەی خوارەن:

ز	پارێزگا	ژ. مۆڵەتی پرۆژە
١	هەولێر	٢١٢
٢	سلێمانی	٢٣٥
٣	دهۆك	٨١
٤	هەڵەبجە	٥
٥	گەرمیان	٥١
٦	ڕاپەڕین	١١
کۆی گشتی		**٥٩٥**

دووەم: لەبواری یاسایی

- نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و ڕەشنووسی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.
- بڵاوکردنەوەی (٦) ڕێنمایی بە ناوی ڕاو و کواڵیتی هەوا (پاراستن و چاککردنی هەوا) و قەرەبوو کردنی زیانە ژینگەییەکان و سەربڕخانەکان و ئاگادارکردنەوە و ڕاگرتنی پرۆژەکان.
- ئامادە کردنی چەند ڕێنماییەک بە ناوی ئاژەڵی کێوی و تیشک وئۆزۆن و یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ.

ئاماری کەیسەکانی دادگا، سکاڵا، سزا و پێبژاردن، ئاگادارکردنەوەو بەڵێننامە بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان:

ز	پارێزگا	ژ. کەیسی دادگا و سکاڵا	سزاو پێژاردن	ئاگادارکردنەوە	بەڵێننامە
١	هەولێر	١١	٩	٩	٢٢٥
٢	سلێمانی	٤٩	١	٥٧	٢٦٩
٣	دهۆك	٤	٠	٠	٨٣
٤	هەڵەبجە	٤٤	٠	١٠ (سەرپێچی)	١٠
٥	گەرمیان	١ (سکاڵا)	٠	٠	٠
٦	ڕاپەڕین	٠	٠	٠	١٢

سێیەم: چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژە (کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، تەندروستی و پاڵاوگەکانی نەوت هتد) بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان.

ز	پارێزگا	ژ. پشکنین و بەدواداچوون
١	هەولێر	١٤١
٢	سلێمانی	٥٧٥
٣	دهۆك	٣٥٩
٤	هەڵەبجە	١٨٤
٥	گەرمیان	٥٢
٦	ڕاپەڕین	١٨
کۆی گشتی		**١٣٢٩**

چوارەم: دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندنی دەرچووانی ژینگە لە سەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و بەپێی ڕێنمایی (١)ی ٢٠٢٢، (٤٣) دەرچوو وەکو چاودێر لەسەر پرۆژەکان دانراون.

پێنجەم: پشکنینی تاقیگەیی (پشکنینی کیمیاوی خاک، پشکنینی بکتریۆلۆجی ئاو، پشکنینی کیمیاوی ئاو) و چەند جۆرێکی تری پشکنین لە تاقیگەکانی فەرمانگەی شارەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمانیش بەم جۆرە بوونە:

ز	پارێزگا	ژ. پشکنین	ژ. نموونە
١	هەولێر	٤٧٨٨	٢٢٧
٢	سلێمانی	١٩٨٥	١٤١
٣	دهۆك	١٥٦٥	٣١٣
	کۆی گشتی	**٨٣٣٨**	**٦٨١**

شەشەم: هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن کە بریتیە لە (پێشوازی کردن لە رێکخراوەکان و ژینگە پارێزەکان، هەڵمەتی نمام چاندن لەگەڵ رێکخراوەکان، سەردان کردنی شوێنە جیاجیاکان، بەشداری کردن لە دیدارە تەلەفزیونییەکان و لێداونە رادیۆییەکان ئەنجامدان و بەشداریکردن لە سیمینارەکان و وۆرکشۆپەکان:

ز	پارێزگا	ژ. هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن
١	دیوانی دەستە	٢١٥
٢	هەولێر	٢٣
٣	سلێمانی	٢٠
٤	دهۆك	٤٠
٥	هەڵەبجە	١٠
٦	گەرمیان	١٥
٧	ڕاپەڕین	٦٤
	کۆی گشتی	**٣٨٧**

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

یەکەم :

- لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (٣٠) سی ڕاپۆرتی هەفتانە لەبارەی کار و چالاکییەکانی سەرۆکی دەستە و ئەنجومەنی دەستە و باردۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئامادەکراوە و لە ڕێگای فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانە کراوە.
- لەم ساڵەدا (٣) ڕاپۆرتی وەرزی ئامادەکراوە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بەپێی مادەی حەوتەم بڕگەی سێیەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٠ دەستەکەمان و هەموارکراو بەپێی یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، کە تایبەتە بە ناردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی دەستەکەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- سەردانیکردنی ناوچەکانی (خانەقین، مەخمور، و کەرکوك) لەلایەن سەرۆکی دەستە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەتی دەربارەی ناوچەکە.
- سەردانیکردنی ناحیەی فایدە بۆ مەبەستی بەسەر کردنەوەی هەردوو نووسینگەی شنگال و زوماری سەر بە دەستە و قائیمقامی قەزای شنگال لە شوێنی جێگرەوەیان (بدیل) لە ناحیەی فایدە کە بە هۆی نائاسایی باردۆخی ئەمنی و ئیداری و سیاسی نەتوانراوە لە شنگال و زوماردا بکرینەوە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت سەبارەت بە سەرژمێری گشتی عێراق و کۆبوونەوەی دەستە لەگەڵ سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم و تایبەتمەندیەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بابەتی سەرژمێری گشتی و بە نووسراوی ژمارە (٧٠٢) لە ٢٠٢٢/٨/١٤ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانە کرا.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت سەبارەت بە کۆبونەوەی شاندی دەستە لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی کوردستان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٨/١٧ ئەنجامدراو ناردنی بە نووسراوی ژمارە (٧٩٣) لە ٢٠٢٢/٩/٧ ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت سەبارەت خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٧٩٦) لە ٢٠٢٢/٩/٧.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك سەبارەت بە سەردانی شاندی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ قەزای خانەقین و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٨١٥) لە ٢٠٢٢/٩/١٤.

- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سەردانی شاندی دەستە بۆ قەزای مەخموور لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٩/٢٦، و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (١٠٧٥) لە ٢٠٢٢/١٢/٦ .
- بەدواداچوونی کێشەی جووتیاران و زەوی و زاری گوندی پەلکانە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر ئەم کێشەیە و ڕەوانە کردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاپۆرتی هەفتانەی ڕۆژی ٢٠٢٣/٤/٢٧ ، و ڕاپۆرتی وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ی دەستەکەمان ئاماژەی پێکراوە وە ڕەوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و لە ڕێگای ئەوانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

دووەم : نووسینگەکانی دەستە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

- بەدواداچوونی دۆخی سیاسی، ئەمنی، گۆڕانگاری دیموگرافی، خزمەتگوزارییە گشتییەکان.
- بەدواداچوون بۆ بابەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش دەگرێتەوە.
- کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و جوتیاران لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتی لە ئێستادا کە زۆرترین کێشە لەم ڕووەوە هەیە،تا ئاستی ئەوە هاتووە کە جووتیاران مان بگرن و خێوەت هەڵبدەن وەك خۆپیشاندانێك و دەربڕینی نارەزایی دژی زەوتکردنی زەوییەکانیان لەلایەن عەرەبی هاوردە و چەندین دام دەزگای تری عێراقی. نموونەی ئەم بابەتە مانگرتنی جووتیارانی کورد و تورکمانی (تۆبزاوە، تسعین، یایجی، ترکەلان و سەرگەڕان).
- باردۆخی ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدرەی هەرێم بە تایبەتی شنگال.
- بەدواداچوونی ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی لەم ناوچانە ئەنجام دەدرێت لەلایەن هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم، بە تایبەت ئەو پڕۆژە بەردەوامانەی لەسەر بودجەی دەستە پێشتر بودجەیان بۆ دیاری کرابوو.
- بەردەوام کۆ کردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنتی تایبەت بەو تاوانانەی لە ناوچە کوردستانییەکان ئەنجام دراوە لەلایەن ڕژێمی پێشووی ڕووخاوی عێراق و دواتریش هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و ئەو پێشێلکاریانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی جومگەکانی دەسەڵات لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدراەی هەرێـم.

سێیەم: بەشی ئامار و کۆچ و کۆچپێکراون :

- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بە هەماهەنگی لەگەڵ (JCC) ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.
- پێشکەشکردنی پرۆژەیەک بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و ئاماری سەرجەم ئاوارەی کەمپەکانی هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک. کەوا بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانە لە کۆمەڵگای خانەخۆیی (کەمپەکان) دەژین و بەشێکی تریش لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین، واتا بەڕێژەی ٤١٪ لە پارێزگای هەولێر، ٤٠٪ لە پارێزگای سلێمانی و ١٩٪ لە پارێزگای دهۆکن.
- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی ستراتیژی نیشتمانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کورستان.
- بەشداریکردنی فەرمانبەران لە خولی ڕاهێنانەکانی کیپا.

چوارەم : بەشی بەدواداچوونی پرۆژەکان و هۆبەی ژمێریاری پلان:

- هەماهەنگی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پرۆژەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم جێبەجێ دەکەن.
- پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەکان.
- تەواو کردنی ڕێکارەکانی پێویست بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر گرێبەستی چوار پرۆژەی سنوری قەزای شەنگال و شێخان و ناحیەی زومار:
  - دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان لە گوندی تل مفری/ ناحیەی زومار .
  - دروستکردنی قوتابخانەی ٩ پۆڵی لە گوندی حنکە/ ناحیەی زومار .
  - دروستکردنی قوتابخانەی ١٨ پۆڵی لە سەنتەری قەزای شەنگال .
  - دروستکردنی قوتابخانەی ٩ پۆڵی لە گوندی خاتوناوە لە ناحیەی زیلکان / قەزای شێخان.
- ئاراستە کردنی نووسراو بە مەبەستی بەدواداچوونی پرۆژەکان بۆ ئەو لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە سەر بودجەی دەستە ئەنجامدەدرێن.
- ئامادەکردنی لیستی پرۆژە بەردەوامەکان و دیاریکردنی ڕێژەی جێبەجێکردنی لە ڕووی ئاستی کارکردن لەسەر هەر پرۆژەیەك و دیاریکردنی ئەو پرۆژانەی کە تەواو کراون و ئەوانەی وەستاون.

- **فەرمانگەی یاسایی و لێکۆڵینەوەکان و دیکۆمێنتکردن:**

ز	جۆری چالاکی	ژمارە	تێبینی
١	نوێکردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەران	١٣	تەواو بووە
٢	نوێکردنەوەی گرێبەستی باڵەخانەی دەستە و خانووی نووسینگەکان.	٩	تەواو بووە
٣	نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمپانیا و لایەنی تر	٣	تەواو بووە
٤	بەدواداچوونی کێشەی زەوی جووتیاران لە مەخمور.	١	تەواو بووە
٥	ئامادەکردنی پرۆژەیەکی یاسایی بۆ بەرەوپێشبردنی کەیسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.	١	بەردەوام
٦	ئامادەکاری بۆ سکانکردنی تۆمارەکانی ساڵی ١٩٥٧ کە هەر تۆمارێک پێکدێت لە (٤٠٠) دۆکیومێنت.	١٤٦٠	بەردەوام
٧	پێداچوونەوەی ئەرشیفی فایلەکانی ماددەی ١٤٠ ، ڕێکخستنەوە و ڕیزبەندکردنیان.	٥٠٠	بەردەوام
٨	سکانکردنی بڕیار و دۆکیومێنتەکانی تایبەت بە تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.	١٣٥	تەواو بووە
٩	ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر بەرنامەی کاری حکومەتی نوێی عێراق.	١	تەواو بووە

- **کار و چالاکییەکانی هۆبەی سکاڵا:**

- کارکردن لەسەر سیستەمی ئەلیکترۆنی سکاڵای هاوولاتیان.
- بەدواداچوون و ئەنجامدانی کاری پێویست لەسەر سکاڵاکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە.
- کردنەوەی بەردەوامی سندوقی سکاڵا بۆ ئەوەی بەزووترین کات کاری پێویست بۆ سکاڵاکان ئەنجام بدرێت.
- ئاگادارکردنەوەی گشت فەرمانبەرانی دەستە بەمەبەستی ئاشنا بوونیان بە هۆیەکانی پەیوەندیکردن و سندوقی سکاڵا لەکاتی بوونی هەر گلەیی و سکاڵایەک.

ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان

ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان

لە روانگەی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، بەردەوامە لەسەر پلان و ستراتیژ و چالاکییەکانی لە بەرژەوەندی خانمانی کوردستان، هەر لەم روانگەیەشەوە ستراتیژیی پێنج ساڵەی ئامادەکردووە کە ئەو دیدگایە بەرجەستە دەکات کە لە پەیڕەوی ناوخۆی نوێی ئەنجومەندا هاتووەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەممووزی ٢٠٢٢ پەسەندکراوە. کە وەک نەخشەڕێگایەکە بۆ بەهێزکردنی خانمان و پێشخستنی مافەکانیان و دڵنیابوون لە بەشداری چالاکانەیان لە بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن و حوکمڕانیدا کاردەکات.

هەروەها بە پشتگیریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و هاوبەشانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مەدەنییەکان، پلانی کاری ئافرەت، ئاشتی و ئاسایشی تایبەت بە هەرێممان داڕشتووە، کە تیشک دەخاتە سەر پابەندبوون بە چوارچێوەی دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکانی خانمان لە هەرێمی کوردستان. هەر لەم روانگەیەشەوە بۆردێکی تایبەت بە پلانی (ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش) بۆ هەرێمی کوردستان دامەزراندووە، کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەرۆکایەتی دەکات، بە بەشداری چالاکانەی رێکخراوە ناحکومییەکان، کۆمەکبەخشەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

- بەهێزکردن و تواناسازیی ئابووری ئافرەتان لە پێشینەی کارەکانمانە، تا ژینگەیەکی کارا دروست بکات کە رێگە بە خانمان دەدات بە تەواوەتی بەشداری لە پرۆسەی ئابووریدا بکەن، دەستیان بە سەرچاوە داراییەکان بگات، و بەدوای کارگێڕی و پێشکەوتنی پیشەییدا بگەڕێن. هەروەها هەوڵەکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەریی چڕتر دەکەینەوە.
- دیدو ستراتیژیی خانمان لەگەڵ دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٣٠ و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (SDGs) هاوتەریبن.
- بەهاوکاری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەتوانین خانمان بەهێزتر بکەین، گەشەپێدانی بەردەوام بۆ داهاتوویەکی گەشتر بۆ هەمووان.. پەیڕەوی ناوخۆی نوێی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، ژمارە ١٤ لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەندکرا .

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش لە هەرێمی کوردستان:

- ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان بە پلانێکی سەربەخۆ و جیا لە عێراقی فیدراڵ بڕیاری ١٣٢٥ ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش جێبەجێ دەکات.
- ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ستراتیژییەکی تۆکمەی پێنج ساڵەی (٢٠٢٤-٢٠٢٨) بۆ پێشخستنی یەکسانی جێندەریی و بەهێزکردنی ئافرەتان و پێشخستنی بەشداری

کارایان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەدا دەخاتە ڕوو. ستراتیژییەکە ڕۆڵی گرنگی ئافرەتان لە گەشەپێدانی بەردەوامدا دەناسێنێت و لە ڕێگەی بوارە سەرەکییەکانی سیاسەتەوە چارەسەری ئاستەنگەکان دەکات. پلانەکە تیشک دەخاتە سەر یەکسانی جێندەریی بە شێوەیەکی سیستماتێك، حوکمڕانی باش، تواناسازیی ئابووری، توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و گۆڕانی کەشوهەوا. ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گشتگیرو یەکسانە بە بەکارهێنانی چوارچێوەی دامەزراوەیی خۆی، بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و گرتنەبەری ڕێبازێکی فرە کەرتی.

- بە سیستەمکردنی بوارەکانی یەکسانی جێندەریی و ستراتیژییەکان؛ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بە سیستەمی باشتر لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی حکومەتدا، بۆ دەستبەرکردنی پێداویستییەکانی خانمان، پیاوان، کچان و کوڕان (دیدی هەرێمی کوردستان ٢٠٣٠).
- حوکمڕانی دروست؛ دڵنیابوون لە بەشداریکردنی یەکسان و نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانەتری ژن و پیاو لە پۆستە سەرکردایەتییەکان و حوکمڕانیدا (دیدی هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢، ٢٠٣٠)
- ستراتیژی پێنج ساڵەی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان (٢٠٢٣-٢٠٢٧) ئامانجی پێشخستنی یەکسانی جێندەریی و بەهێزکردنی ئافرەتانە لە هەرێمی کوردستان- عێراق لەڕێگەی حوکمڕانییەکی دروستەوە. دۆخی ئێستای نوێنەرایەتی خانمان لە حوکمڕانیدا پێویستی بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریەکی واتادار. حوکمڕانی باش بۆ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی سیاسەتەکانی وەڵامدەرەوەی جێندەر، بڕیاردانی شەفاف و پاراستنی مافەکانی خانمان زۆر گرنگە.
- تواناسازیی ئابووریی و ستراتیژییەکان؛ دەستەبەرکردنی بەشداریی یەکسانی ژن و پیاو لە گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان و بەهرەمەندبوون لە سوودی یەکسان لە بەشداریکردنی ئابووری و بەهێزکردنی (دیدگای هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢، ٢٠٣٠).
- توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر؛ کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، پیاوان و منداڵان) دیدی هەرێمی کوردستان – عێراق ٢٠٣٠.
- بەدامەزراوەیی کردنی پرسی یەکسانی جێندەریی و کەمکردنەوەی مەترسی کارەساتەکان لە ڕێگەی بەشداری کردنی یەکسان و پاراستنی کەشوهەوا و پەرەپێدانی بەردەوام لە کۆمەڵگەی کوردستان".

بەشێك لە هەواڵ و چالاکییەکانی ئەنجومەن:

- پرۆژەی کاراکردن و بەهێزکردنی رۆڵی خانمانی پێکهاتەکان لە جێبەجێکردنی ئەجێندای "ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش" لە دهۆك.
- بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، لەلایەن رێکخراوی خەڵك بۆ گەشەپێدان، بەهاوکاری رێکخراوەکانی (سیدا)، ئینتەرنیوز، (NPA)نەرویجی، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران و چالاکوانانی مەدەنی و رۆشنبیر و هونەرمەندان، ئەم ئێوارەیە هەردوو کورتە فیلمی (یوسف و ١٨-١٩) لە سیناریۆ و دەرهێنانی (ڕۆژە حەسەن ساڵح) نمایشکران.
- ١٦ رۆژ لە چالاکی؛ سەرجەم لایەنەکان لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و چالاکوانان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵەکان یەکخران بە دروشمی "یەکخستنی تواناکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی کچان و خانمان"، هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەستی بەچالاکییەکانی کرد، کە ماوەی ١٦ رۆژ دەخایەنێت.
- خولێکی تایبەت بە بەڕێوبەر و ستافی شڵتەرەکان؛ ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ خولێکی تایبەت بە بەڕێوبەر و ستافی شەڵتەرەکان لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی UN Womenبەڕێوەچوو، بە ناونیشانی (ئەنجامدانی ڕاهێنانی نوێکردنەوە بۆ بەڕێوبەر و ستافی ماڵەکانی دالدەدانی ئافرەتان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا).
- رێوڕەسمی کۆتاییهاتنی بەشی یەکەمی پرۆژەی (مەسار) بۆ هاندانی گەشەپێدانی ئابووری ناوخۆیی خانمان لە قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆك ، بەڕێوەچوو.
- یادداشتنامەی لە یەکگەیشتن لە نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و هەردوو رێکخراوی (women for women international)و (GIZ) واژۆکرا.
- ئەنجامدانی دیداری لە یەکگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بۆسنیا بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی دوای جەنگ و ململانێیەکان.
- بە دروشمی "پابەندبوون بە ئاشتی بۆ جیهان، بەرەو داهاتوویەکی گەشتر"، یەکەم دیداری ژنان بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان، بۆ هاریکاری مافی ئێزیدییەکان، بەسەرپەرشتی خانمی یەکەمی ئێزیدیان خاتوون مەیان خەیری بەگ، لە لالش بەرێوەچوو.
- کارکردن لەسەر هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و یەکێتی ئەوروپا.

- ڕێککەوتننامەی وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیاو نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەهێزکردنی سیستەمی وەڵامدانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کچان و ئافرەتانی رزگاربووانی توندوتیژی واژۆکرا.
- بەشداریکردن لە خولێکی دوو رۆژە دەربارەی تاوانی "بازرگانی بە مرۆڤ و بەقاچاخ بردنی کۆچبەران".
- سەردانیکردنی پارت و لایەنە سیاسییەکان دەربارەی یەکسانی جێندەریی لە هەرێمی کوردستان.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ کونسولخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان دەربارەی پرسەکانی پەیوەستن بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ فەرمانگەی تواناسازیی ئافرەتان لە ئەمینداریییەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکی و پڕۆگرامی هاوبەش.

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ئاستی چاکسازی:

یەکەم: چالاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون:

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون یەکێکە لە گرنگترین بەڕێوبەرایەتییەکانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە تیایدا بەدواداچوون دەکات بۆ کاروباری ڕێکخراوە تۆمارکراوەکان لە ڕووی هونەری و کارگێڕی و دارایی و لە هەندێک کاتدا بە دواداچوونی یاسایش لەکاتی هەبوونی هەر کێشە و گرفتێک بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە سکاڵا و گرفتەکان لە پێناو چارەسەرکردنیاندا دەکات لە بەشێکی تری کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەبێتە ڕایەڵەیەک لە نێوان ڕێکخراوەکان بە نوێنەرایەتی فەرمانگە و ڕێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیجی هاوبەش، دانانی پلانی کاری ساڵانە، سەرپەرشتی کردنی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان، و چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانیان لە ڕێگای سەردانی کردنی ڕێکخراوەکان لە شار و شارۆچکەکان.

بە دواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی (ڕێکخراوەیی و کار و چالاکییەکان)ی ڕێکخراوەکان:

- هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوەکان بە شێوەی هەرەمەکی (ڕاندۆم) لە سەر دوو ئاستدا (پارێزگاکان - پسپۆڕێتی).
- بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتی دارایی و ووردبینی کردنی دۆسیەی ڕێکخراوەکان، بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و ڕاپۆرتی دارایی، بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی یاسایی.
- ئەندامبوونی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون لە هەموو بۆردەکانی سەرپەرشتیکردنی فەرمانگە سەبارەت بە ڕێکخراوەکان.
- هەڵسەنگاندن بۆ کۆی گشتی ئەدا و کاری فەرمانبەران بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان بە مەبەستی تواناسازی و پەرەپێدانی زیاتری سەرچاوە مرۆییەکان.

دووەم: چالاککردنەوەی بەشی پرۆژەکان:

بەشی پرۆژەکان کە بەشێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دارایییە، لە دوای دەست بەکاربوونی ستافی نوێی فەرمانگە چالاککراوەتەوە.

ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەشی پرۆژەکان بریتیە لە :

- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە چالاکی و پڕۆژەکانیان و گەیاندنی داواکارییەکانی کەرتی گشتی بە ڕێکخراوەکان.
- هەماهەنگیکردن بۆ ڕیکخراوە کوردستانییەکان و پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان بە ڕێکخراوە بیانییەکان.
- وەرگرتنی داواکاری دام و دەزگاکان و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، و پێشکەشکردنی بە ڕێکخراوەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
- هاوکاریکردنی ئەو خێزانانەی کە سەردانی فەرمانگە دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕیگای ڕێکخراوەکان هاوکاری بکرێن.

ئاستی خزمەتگوزارییەکان:

- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سێکتەری ژینگە و ئاراستەکردنیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتی فەرمانگە بۆیان. هەروەها دروستکردنی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی): درورستکردنی داتابەیس، لەگەڵ زۆرتربوونی ژمارەی ڕێکخراوە تۆمار کراوەکان و هەروەها زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوە چالاکەکان، ئەرکی سەرشانی فەرمانبەرانی فەرمانگە زیاتر دەبوو. بۆ ئەوەی فەرمانگە بتوانێت ئیش و کارەکانی ناو فەرمانگە و کاروباری ڕێکخراوەکان بەشێویەکی ڕێک و لەکاتی گونجاو ڕایی بکات، پێویستی بە سیستەمێکی داتابەیسی پێشکەوتوو هەبوو، ئەوە جگە لەوەی ئەو داتابەیسە بەرچاو ڕوونی بە فەرمانگە دەدات دەربارەی داتا و زانیاری ڕێکخراوەکان لەڕووی (سێکتەری کارکردن، شوێنی جوگرافی، جۆر و ژمارەی چالاکی) .

لە قۆناغی یەکەمدا، کە قۆناغی ئامادەکاری بوو، کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەنجامدرا بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر شێوازی کاری هەربەڕێوەبەرایەتییەک، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەو شێوازە کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە سیستەمەکە ڕایی بکرێت .

قۆناغی دووەم، بریتی بوو لە دروستکردنی ئەرشیفێکی دیجیتاڵی. کە تیایدا دۆسیەی ڕێکخراوەکان سکان کران و زانیاری ڕێکخراوەکان لەناو داتابەیسەکە ڕێکخران. ئەویش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت کە بۆ ماوەی (٨) مانگ دۆسیەی (٥١٥٠) ڕێکخراو کرانە دیجیتاڵی.

قۆناغی سێیەم، و کۆتایی بریتی دەبێت لە خستنەکاری سیستەمەکە و ڕاهێنانکردن بە ستافی فەرمانگە بۆ بەکارهێنانی سیستەمەکە. وا بڕیارە لە ساڵی داهاتوو سیستەمەکە بکەوێتەکار، ئەمەش ئاسانکاری زۆر دەکات بۆ ڕاییکرادنی کاروباری ڕۆژانەی فەرمانگە و کەمکردنەوەی ڕۆتین. جگە لەوەش فەرمانگە لە پلانی دا هەیە لە داهاتوودا کاروباری ڕێکخراوەکانیش بەشێوەی ئۆنلاین ڕێکبخاتەوە ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی ئۆنلاین و بەستنەوەی بە سیستەمی فەرمانگە.

- گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پڕۆژەی (سۆران، لانکەی شۆڕش) درێژکراوەی ئەو پڕۆژانەیە کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ڕایگەیاندووە، وەکو پڕۆژەی (لە هەڵەبجەوە دەستپێدەکەین) کە بەبۆنەی بوون بە پارێزگا فەرمانگە ڕایگەیاند.

بۆ ئەم مەبەستە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە بڕیاری ژمارە (٩٦٥) لە ڕێکەوتی (٨/٦/٢٠٢٢) بڕیاری دا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بە مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، و پڕۆژەکەش ناونرا بە (سۆران، لانکەی شۆڕش) ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی کە ناوچەکە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گێڕاویەتی. هەر دوای دەرچوونی بڕیارەکە، سەرۆک و ئەندامانی لیژنە دەستیان بەکارکرد و پەیوەندی کرا بە چەندین ڕێکخراو بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەکە. ئەو ڕێکخراوانەش دیاریکران کە ڕەزامەندییاندا بە بەشداریکردن. ئەوە جگە لە پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە مەبەستی سوودمەندبوون لە کار و چالاکی پڕۆژەکە کە بەشێکیان پەیوەست بوون بە پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان لە سنوورەکە.

ز	ناوی چالاکی	ڕێکخراو	سوودمەندبووان
١	ڕاهێنانی TOT	ڕێکخراوی ستاتیستیکس بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە	١٤ ڕێکخراو
٢	سیمیناری فریاگوزاری سەرەتایی	ڕێکخراوی الثقة	٣٦ کارمەندی زانکۆ
٣	هاوکاری منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت	TDH	٤٠ منداڵ
٤	کارامەییەکانی دانوستانکردن	INSO	٣٣ ڕێکخراو + گەنج
٥	مافەکانی منداڵان	منداڵپارێزی کوردستان	٢٦ کارمەن
٦	دیاری بۆ منداڵانی تووشبوو بە تالاسیمیا	ڕێکخراوی نوهاتی خێرخوازی	٢١٨ منداڵ
٧	هاوکاری منداڵی بێناز	ڕێکخراوی دەستی هاوکاری	٥٠ خانەوادە
٨	پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان	ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ	١٧ ڕێکخراو
٩	پەرەپێدانی توانای کارمەندانی تەندروستی	دەزگای بەیان بۆ گەشەپێدانی مرۆیی	٨٠ کامەند
١٠	پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان	منظمة جسور الشبابية	١٧ ڕێکخراو

١١	هاوکاری مرۆیی	ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان + ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە	٥٦٠ ژینگە پارێز
١٢	هاوکاری منداڵی بێناز	منظمة العين للرعاية الاجتماعية	١٨٥ خانەوادە
١٣	هاوکاری مرۆیی	Dorcas International	٢٠٠ خێزان
١٤	هاوکاری مرۆیی	ڕێکخراوی هاوسۆزی بۆ ڕۆشنبیری و هاوکاری مرۆیی	١٠ خێزان
١٥	هاوکاری مرۆیی	منظمة ازدهارنا للتنمية الاقتصادية	١٠٠ خانەوادەی هەژار
١٦	هاوکاری مرۆیی	ڕێکخراوی پەرە بۆ پەرەپێدانی تواناکان	١٠٠ خانەوادەی هەژار
١٧	پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان	فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان	٢٨ ڕێکخراو
١٨	هاوکاری منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت	ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان + ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە	٢١٠ خێزان
١٩	هاوکاری مرۆیی	CHF International	٢٠٠ خێزان
	کۆی گشتی سوودمەندانی ڕاستەوخۆ		**٢١٢٤**

چالاکییە جۆرییەکان:

- چالاکی ژینگەیی (پاککردنەوەی هاوینەهەوارەکان و دانانی حاویەی زبڵ)
- دابینکردنی سیستەمی ئاگر کوژێنەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاشتی.
- دابینکردنی دەرمان بە بڕی ٦٢ ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
- دابینکردنی ١٠ عارەبانە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- دابینکردنی بڕی (٥٠٠٠) یەکەی دەرمان.

ئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان:

- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سێکتەری ئافرەتان و ژنان و ئاراستەکردنیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتی فەرمانگە بۆیان، هەروەها دروستکردنی بۆردی ڕێکخراوەی بواری ئافرەتان و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان.

ئاستی ئابووری و دارایی:

- بە مەبەستی ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە سێکتەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بڕیارێکی دەرکرد کە ئاسانکاری بۆ کاری وەبەرهێنانی ڕێکخراوەکان دەکات و میکانیزمی چۆنیەتی وەبەرهێنانی دیاریکردووە.

دەزگای گشتی کاروباری مین

دەزگای گشتی کاروباری مین

بەشی یەکەم: چالاکییەکانی مین لابردن

یەکەم / چالاکییەکانی مین لابردن:

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا / دەزگا:

ز	چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	ئیدارەی گەرمیان	ک. گشتی
١	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بەدەست (Elec +Full)	١٤٧،٢٨٣	١٧١،٣٠٣	٨٦،٧٣٨	٩٣،٣٨٣	٤٩٨،٧٠٧
٢	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ سەگی میندۆز (MDD)	٠	١٢،٤٩٥	٠	٠	١٢،٤٩٥
٣	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بە میکانیکەڵ (MECH)	٤٦،٩٥٠	١٧،٠١٥	١٩،٣٨٠	٣٥٠	٨٣،٦٩٥
٤	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بچوککراو (Reduced)	٥٤،٧٧٤	١٩،٧٠٣	١١٧،٣٣٧	٧،٢٠٠	١٩٩،٠١٤
	کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢	**٢٤٩،٠٠٧**	**٢٢٠،٥١٦**	**٢٢٣،٤٥٥**	**١٠٠،٩٣٣**	**٧٩٣،٩١١**
٥	ڕووبەری لابراو لە ریگای (PTS)	٢٣٩،٦٧٦	٣٣٠	٠	٠	٢٤٠،٠٠٦
٦	ژمارەی کیڵگە مینی پاککراو	١١	٨	٥	٥	٢٩
٧	ژمارەی شەڕگەکانی (BAC)ی پاککراو	٠	٢	٠	٠	٢
٨	ڕووبەری شەڕگەکانی(BAC)ی پاککراو	٠	٣٠٦	٢،٩٥٠	٠	٣،٢٥٦
٩	ژمارەی کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	٧	٠	٠	٠	٧
١٠	ڕووبەری کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	١١١،١٦٦	٠	٠	٠	١١١،١٦٦
١١	ڕووبەری زەوی ئامادەکراو بە میکانیەکەڵ (م٢) (Area Prepared)	٢٤،٨٨٢	٣٤،٤٤٠	٠	٠	٥٩،٣٢٢
١٢	ڕووبەری زەوی نیشانەکراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە (م٢)	٠	٢٤٣،١٥٠	٠	٠	٢٤٣،١٥٠
١٣	ڕووبەری زەوی پشکێنراو لەلایەن تیمەکانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی بە (م٢)	١٧٥،٧٧٠	٢٤،٣٢٠	٤٠،٤٩٥	٣٨،٥٠٠	٢٧٩،٠٨٥
١٤	ژمارەی مینی دژە کەسی لە ناوبراو	٨٦٦	٨٢٠	١٥١	٩٥	١،٩٣٢
١٥	ژمارەی مینی دژە تانک لە ناوبراو	٠	٠	٥	٣	٨
١٦	ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لە ناوبراو	١،٢٨٠	٥٦٤	١،١١٩	١٩،٣٠٣	٢٢،٢٦٦
١٧	کۆی ڕووبەری هەڵکەندراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	٠	٥٨،٤٦٧	٠	٠	٥٨،٤٦٧
١٨	کۆی ڕووبەری فەرشکراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	٠	١٩،٠٥٦	٠	٠	١٩،٠٥٦
١٩	کۆی ڕووبەری بێژراوە بە میکانیەکەڵ (م٢)	٠	٤٢،٤٣٥	٠	٠	٤٢،٤٣٥
٢٠	ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێی (IED) لەناوبراو	٠	٠	١٢	٠	١٢

ب- ڕێکخراوەکان:

ز	چالاکی	ڕێکخراوی (MAG) و ڕێکخراوی (FSD)	کۆی گشتی
١	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بەدەست (Elec +Full)	٩٤٧،٧٧١	**٩٤٧،٧٧١**
٢	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ سەگی میندۆز (MDD)	١٧٤،١٩٩	**١٧٤،١٩٩**
٣	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بچوککراو (Reduced)	١٢٥،٩٧٣	**١٢٥،٩٧٣**
٤	**کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢**	١،٢٤٧،٩٤٣	**١،٢٤٧،٩٤٣**
	ژمارەی کیڵگە مینی پاککراو	٢٠	**٢٠**
٥	ژمارەی شەڕگەکانی (BAC)ی پاککراو	٣	**٣**
٦	ڕووبەری شەڕگەکانی(BAC)ی پاککراو	٣٩٤،٧٨٨	**٣٩٤،٧٨٨**
٧	ژمارەی کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	١٥	**١٥**
٨	ڕووبەری کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	٥٣٥،٣٥٣	**٥٣٥،٣٥٣**
٩	ڕووبەری زەوی ئامادەکراو بە میکانیەکەڵ (م٢) (Area Prepared)	٣٧،٣٢٠	**٣٧،٣٢٠**
١٠	ڕووبەری زەوی نیشانەکراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە (م٢)	٦٥٩،٧٢٧	**٦٥٩،٧٢٧**
١١	ڕووبەری زەوی پشکێنراو لەلایەن تیمەکانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی بە (م٢)	٥٣،٧٣٠	**٥٣،٧٣٠**
١٢	ژمارەی مینی دژە کەسی لە ناوبراو	١،٧١٦	**١،٧١٦**
١٣	ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لە ناوبراو	١،١٤٩	**١،١٤٩**
١٤	کۆی ڕووبەری فەرشکراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	٢٨٩	**٢٨٩**
١٥	کۆی ڕووبەری بێژراوە بە میکانیەکەڵ (م٢)	٩٦٧	**٩٦٧**
١٦	ڕووبەری پاککراوە لە شوینی مەترسی بەرز (IED)	٧٠٥،٣٧١	**٧٠٥،٣٧١**
١٧	ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێی (IED) لەناوبراو	٥٥	**٥٥**

دووەم / ڕاهێنان - خول:

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا / دەزگا:

ز	جۆری / بابەتی خول	ژ. بەشداربوو	ب.گشتی	شوێنی	لایەنی ئەنجامدەر	ماوە
١	خولی ڕاهێنانی لەناوبردنی پارچەی تەقەمەنی ئاستی دوو (EOD LEVEL ٢	٩	دهۆک	ب. گ . ک.م. دهۆک	دەزگای گشتی کاروباری مین	ڕێکەوتی٠٥/٠٦/٢٠٢٢ تاوەکو ٢٣/٠٦/٢٠٢٢
٢	خولی (پوچەڵکردنەوەی مین ئاستی ١) بۆ فەرماندیی پێشمەرگەی بەرگری فریاکەوتن	٩	سلێمانی	ب. گ. ک. م. سلێمانی	دەزگای گشتی کاروباری مین	پێنج ڕۆژ

ب- ڕێکخراوەکان

ز	جۆری / بابەتی خول	ژ. بەشداربوو	ڕێکخراو	شوێن	لایەنی ئەنجامدەر	ماوە
١	خولێ چاودێریکردنی جۆری (Quality Monitoring)	١٤	MAG	سەنتەری ڕاهینان ڕێکخراوی (MAG) لە چەمچەماڵ	ڕێکخراوی (MAG)	١٢/٠٦/٢٠٢٢ تاکو ١٦/٠٦/٢٠٢٢
٢	خولێ چاودێریکردنی جۆری ناوەخۆ(Quality Monitoring)	٩	MAG	سەنتەری ڕاهینان ڕێکخراوی (MAG) لە چەمچەماڵ	ڕێکخراوی (MAG)	٢٦/٠٦/٢٠٢٢ تاکو ٣٠/٠٦/٢٠٢٢
٣	خولی ڕاهێنانی ڕووپێوی ناتەکنیکی (NTS)	٢٣	MAG	سێکتەری چەمچەماڵ	ڕێکخراوی (MAG)	٢٤-٧-٢٠٢٢ تاوەکو ٤-٨-٢٠٢٢
٤	خولی ڕاهێنانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی ئاستی٣	١٦	MAG	سێکتەری چەمچەماڵ	MAG	٢٨-٨-٢٠٢٢ تاوەکو ٢٩-٨-٢٠٢٢
٥	خولی ڕاهێنان (گەڕان بەناو بینایەکان) Building Search	١٧	MAG	سەنتەری ڕاهێنان MAG لە چەمچەماڵ	MAG	٢٢/١١/٢٠٢٢ تاوەکو ٠١/١٢/٢٠٢٢
٦	خولی ڕاهێنان و دۆزینەوەی و لەناوبردنی بۆمبی چێندراو(IED)	٢٥	MAG	چەمچەماڵ	MAG	١٥/٠١/٢٠٢٣ تاوەکو ٠٩/٠٢/٢٠٢٣
٧	خولی ڕاهێنان بەڕێوەبەری چالاکییە مەیدانییەکان	٤	MAG	چەمچەماڵ	MAG	٢٠/٠٢/٢٠٢٣ تاوەکو ٠٢/٠٣/٢٠٢٣
٨	خولی ڕاهێنانی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان Accident Investigation	٥	MAG	چەمچەماڵ	MAG	٢٠٢٣/٣/١٢ تاوەکو ٢٠٢٣/٣/٣٠
٩	خولی ڕاهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی(DJIFPV)	٦	FSD	بەڕێوەبەرایەتی سۆران	FSD	١٠/٤/٢٠٢٣تاوەکو ٢٠٢٣/٤/١٣
١٠	خولی ڕاهێنانی پارچە تەقەمەنی ئاستی دوو(EOD Level٢)	١٦	MAG	سێکتەری چەمچەماڵ	MAG	٢٠٢٣/٤/٣٠ تاوەکو ٢٠٢٣/٦/١

پوختەی زانیارییەکانی بەشی یەکەم:

ز	پوختەی چالاکیەکان	دەزگا	ڕێکخراوەکان	کۆی گشتی
١	ڕووبەری پاککراوی کێڵگەمینەکان لە پارێزگاکان م٢.	٧٩٣،٩١١	١،٢٤٧،٩٤٣	**٢،٠٤١،٨٥٤**
٢	ڕووبەری لابراو لە ریگای (PTS).	٢٤٠،٠٠٦	٠	**٢٤٠،٠٠٦**
٣	ژمارەی کێڵگەمینی پاککراوە.	٢٩	٢٠	**٤٩**
٤	ژمارەی شەڕگەی پاککراوە.	٢	٣	**٥**

بەشی دووەم: دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان

دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان:

یەکەم / دڵنیایی جۆری:

ز	چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	ئیدارەی گەرمیان	کۆی گشتی
١	ژمارەی سەردانی چاودێرانی دڵنیایی جۆری بۆ کێڵگەمینەکان.	٢٦٩	٢٥٦	١٣٦	١٣	٦٧٤
٢	ژمارەی فۆرمی پڕکراوە لەلایەن چاودێران لە میانەی سەردانەکان.	٩٥،٠٩٢	٣٢٥،٠٥١	٢٢٥	١٠٤،٨٢٥	٥٢٥،١٩٣
٣	ژمارەی مەتری چێککراوە لە کاتی سەردانی کێڵگەمینەکان م٢.	٢١،٨٧٤	١١٦،٨١٧	٥٤،٣٧٠	١٢،٧٣٥	٢٠٥،٧٩٦
٤	ژمارەی (مین، ERW)ی دۆزراوە لە کاتی چێککردنەوە.	٠	١	٠	٠	١
٥	ژمارەی (مین، ERW)ی دۆزراوە لەکاتی نموونەسازی.	٠	٤	٠	٠	٤
٦	ژمارەی (پارچەی کانزایی) دۆزراوە لەژێر زەوی لەکاتی چێککردنەوە.	١٤	٢٠	٢	١	٣٧
٧	ژمارەی کێڵگەمینی نموونەسازکراو.	٥	١٢	٦	٠	٢٣
٨	ڕووبەری کێڵگەمینی ئامادەکراو بۆ نموونەسازی م٢.	٤٠،٩٦١	٢،١٩٦،٦٧٧	٠	٠	٢،٢٣٧،٦٣٨
٩	ڕووبەری سامپڵکراو م٢.	٣،١٠٠	٧٦،٥٧٠	٧٤،٧٢١	٠	١٥٤،٣٩١
١٠	هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان بۆ سەگ و سەگەوان.	٠	٤	٠	٠	٤
١١	هەڵسەنگاندن بۆ ئامێری مینپاکی.	٠	٣	١	٠	٤

دووەم / مۆڵەتپێدان:

زنجیرە	چالاکی تایبەت بە مۆڵەت	کۆی گشتی
١	نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا	٥
٢	نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو	٤
٣	پێدانی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو	٢

بەشی سێیەم: پلاندانان و بەدواداچوون

پلاندانان و بەدواداچوون:

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕێکخراوی iMMAP بۆ بەدواداچوونی کارەکانیان سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی دەزگا لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی زانیاری و بوارەکانی تر.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی سەرتاسەری تایبەت بە ئامادەکردنی پلانی پێنج ساڵەی دەزگا لەگەڵ بەڕێزان بەڕێوەبەرانی پلاندانان و بەدواداچوونی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای دهۆک.

- بەدواداچوونی گۆڕانکاری بەسەر هۆکارەکانی بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ هەولێر بە ئینتەرنێتەوە، کە پێشتر ڕێکخرابوو بۆ گۆڕینی ئامێری بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بە تۆڕی ئینتەرنێت بەڵام لەبەرئەوەی کە کێشەیەکی hardware ی یەکێک لە ئامێرەکەیان هەبووبەستنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بە ئینتەرنێتەوە کێشەیەکی گەورەی دروست کردبوو، شایەنی باسە کێشەکە لە مەودای دوو ڕۆژ چارەسەرکرا لە ڕێگای Remote control دواتر کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە ئاسایی بووەوە.
- ئەنجامدانی ڕاهێنانی تایبەت بە بنکەی سەرچاوە کراوەی مینپاکی ئەنجامدرا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی گشت پارێزگاکان و کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری لە دەزگا کە زیاتر لە ٢٢ کارمەندی بەشەکانی (پلاندانان، زانیاری، نەخشەسازی، تۆمارکاری زانیاری، چالاکییەکان، رووپێوی، هۆشیاری، کۆگا) بۆ ناساندنی کارە ئەنجامدراوەکانی ئەم بنکەی زانیارییە نوێیە و وەرگرتنی ڕاو بۆچوون و سەرنجەکانیان لەسەر تێکڕای پڕۆگرامەکە و شێوازی بەڕێوەچوونی داهاتووی کارەکان.
- ڕێکخستنی کارەکانی ئامادەکردنی ئەتلەسی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان – عیراق، کە سەرجەم کارەکانی دەزگا چڕدەکاتەوە لە بڕگە سەرەکییەکانی بواری مینپاکی، پاکسازی کێڵگەمینەکان و ڕەهاکردنی ناوچە مەترسیدارەکان و دەستنیشانکردنی کارە ئەنجامدراوەکانی دەزگا بەشێوەیەکی تێکڕایی و نیشاندانی کارەکان لە ڕێگای نەخشە و خشتە و هێڵکاری پێویست بۆ ناوچە پاککراوەکان و پیسبووەکان وقوربانیانی مین و شوێنەکانی تری کاری مینپاکی.
- گواستنەوەی زانیارییەکانی مینپاکی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی و گەرمیان بۆ بنکەی زانیاری مینپاکی.
- ئامادەکردنی بنکەی زانیاری IMSMAng بەشێوەی Virtual کە ئێستا بەشێوەیەکی ئەزموونی بەکاردەهێنرێت لەسەر سێرڤەری سەرەکی دەزگا لەجیاتی بەکارهێنانی ئامێرێکی سێرڤەر بۆ هەمان بنکە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕێککەوتنی CCW، و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی مین لە بەغدا کە بەشێکە لە ئیلتزامی دەزگا بەرامبەر بە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی حکومەتی فیدراڵی عیراق.
- ئامادەکردن و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕێککەتنامەی ئۆتاوا ناسراو بە ڕاپۆرتی شەفافیەت، کە تیایدا کارەکانی ساڵی پێشووی دەزگا نیشان دەدات سەبارەت بە پەیوەستبوونی بە ڕێککەوتی پاکسازی و تێکشکاندنی مینی دژەکەسی کە پابەندبوونی عیراق بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە نیشان دەدات.

یەکەم / بەشی پلان:

ئامادەکردنی نووسراوەکانی دەرچوو و ڕێکخستنی فەرمان و ئەرکەکانی پێویست بەپێی پلانی ساڵانەی پارێزگاکان بۆ ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی جێبەجێکاری پارێزگاکان و بەدواداچوونی و ڕێکخستنی فۆرمەکانی تایبەت بە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارەی نوسراو	ژمارەی فەرمانی ئەرک	ژمارەی کێڵگە مین	ژمارەی ناوچەی پیسبوو
٢٣	٦٩	٩٠	٢٥٨

دووەم / بەشی بەڕێوەبردنی زانیاری:

- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان (Data Synchronization): ئەنجامدانی یەک پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٥) لە نێوان بنکەی سەرەکی داتا بەیسی (IMSMA) لە هەولێر و بنکەی داتا بەیسی (IMSMA) لە سلێمانی.
- بەشداری کردنی بەرپرسی بەشی ئیدارەی زانیاری لە خولێکی تایبەت بە بەڕیوەبردنی (IMSMA Core) لە ڕێکەوتی (٢٠/٠٦/٢٠٢٢) تاوەکو(٠١/٠٧/٢٠٢٢)، بە هاوکاری و سپۆنسەری ڕێکخراوی (GICHD)، کە لە وڵاتی لوبنان بەڕێوەچوو.
- پێشکەشکردنی سمینارێکی تایبەت بە بنکەی زانیاری (IMSMA Core) بۆ بەڕیزان بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری و بەڕێوەبەری پلاندانان و کارمەندانی بەشی ئیدارەی زانیاری لە (٢٥/٠٧/٢٠٢٢).
- بەشداریکردنی بەشی ئیدارەی زانیاری لە خولێکی تایبەت لە سلێمانی دەربارەی بەرنامەی بنکە زانیاری سەرچاوەکراو (Open Source Data Base for Mine Action) بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ.
- چێک کردن و ڕاستکردنەوەی زانیاری و نەخشەکانی (ئەتڵەسی کێڵگەمینەکانی هەرێمی کوردستان) کە لەماوەی یەک هەفتەدا بە بەشداری تەواوی کارمەندانی تۆمارکاری زانیاری و هێلکاری نەخشەسازی.
- بەشداری کردنی خولێکی تایبەت بە بەرنامەی (QGIS) و بەستنەوەی بە بەرنامەی (DB Open source) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.
- پێشکەشکردنی سمینارێکی تایبەت بە بنکەی زانیاری (IMSMA Core) بۆ بەڕیزان بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری و بەڕێوەبەری پلاندانان وکارمەندانی بەشی ئیدارەی زانیاری.

أ- هۆبەی تۆمارکردنی زانیاری وئەرشیف:

- تۆمارکردن:

تۆمارکردنی (١،٥٦٩) فۆرم لە داتا بەیسی سەرەکی (IMSMA) بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە:

ژمارە	جۆری فۆرم	ژمارەی فۆڕمی تۆمارکراو
١	فۆڕمی مەترسی MF	١١٣
٢	فۆڕمی مەترسی UXO	٢٧٤
٣	فۆڕمی مەترسی IED	٢
٤	فۆڕمی مەترسی DA	٢٧
٥	فۆڕمی Progress	٣٥١
٦	فۆڕمی Completion	٦٢
٧	فۆڕمی MRE	٥٢٢
٨	فۆڕمی Accident	١٣
٩	فۆڕمی Victim	١٥
١٠	فۆڕمی Place	١٦٠
١١	فۆڕمی Task	٣٠
	کۆی گشتی	١،٥٦٩

- تۆمارکردنی (٤٣) فۆڕم لە داتا بەیسی (IMSMA) لە (Grey Area) بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە:

ژمارە	جۆری فۆڕم	ژمارەی فۆڕمی تۆماکراو
١	فۆڕمی مەترسی Hazard (IED)	٤٣
	کۆی گشتی	**٤٣**

- **ئەرشیف:**

ئەرشیف کردنی گشت ئەو فۆڕمانەی کە لە داتا بەیسی (IMSMA) تۆمارکراون وەک لە هەردوو خشتەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە چ ئەوانەی بە دۆکیومێنت یاخود بە شێوەی ئەلیکترۆنی هاتوون، و ئەرشیف کردنی ئەو نووسراوانەی تایبەتن بە بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بەدواداچوون بە مەبەستی پاراستنیان.

ب - هۆبەی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری (GIS) و (IT):

- سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری (GIS):

- بەراوردکردنی داتابەیسی سلێمانی و داتابەیسی (HQ) ودۆزینەوەی جیاوازیەکان بۆ SYNC:
- ئامادەکردن و دروست کردنی (٦٨) نەخشەی تایبەت بەناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی:

ژ	شوێنی داواکراو	نەخشە
١	هەرێمی کوردستان	٥
٢	مام قلینج	١
٣	بری پیس بوو لە قەزای کۆیە	٣
٤	هەولێر	٦

٥	سلێمانی	٦
٦	دهۆک	٦
٧	گوندی قەزای مێرگەسوور	١
٨	ناوچەی سۆران	٢
٩	ناوچەی مێرگەسوور	٣
١٠	ناوچەی ئامێدی	٢
١١	نەخشەی گوندی خۆران	١
١٢	نەخشەی گەرمیان	٤
١٣	نەخشەی هەڵەبجە	٤
١٤	ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم (Gray Area)	٢
١٥	چاپ کردنی نەخشەی تایبەت سەربەناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی، بەشێوەی هێلکاری و لیست و کورتکراوە بە هەموو پارێزگاکانەوە (هەولێر و دهۆک و سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە) بۆ بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری .	٣
١٦	چاپ کردنی نەخشەی تایبەت سەربەناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی بەشێوەی هێلکاری و لیست و کورتکراوە بەهەموو پارێزگاکانەوە (هەولێر و دهۆک و سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە) بۆ سەرۆکی دەزگا و جێگری سەرۆکی دەزگا و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری و بەڕێوەبەری گشتی- هەولێر و گەرمیان و سلێمانی و دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان .	١٣
١٧	ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی تایبەت بەناوچە مەترسیدارەکانی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بە داتا و زانیاری بۆ تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچوونی قوتابی قۆناغی چوارەمی لەکۆلێژی ئەندازیاری – سەرۆکایەتی زانکۆی صلاح الدین	٢
١٨	ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی تایبەت سەر بەناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هۆشیارکردنەوەو پاڵپشتی قوربانیانی مین (EORE) بە زمانی بە زمانی ئینگلیزی بەشێوەی هێلکاری.	١
١٩	ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی تایبەت بەناوچە مەترسیدارەکانی چەمی رێزان/ سورداش/ دوکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون	١
٢٠	ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی تایبەت سەربە ناوچە مەترسیدارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین بەزمانی ئینگلیزی بەشێوەی هێلکاری .	١
٢١	چاپکردنی نەخشەی تایبەت سەربەناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی بەشێوەی هێلکاری بەپێی کات و نیشاندانی ساڵانی ڕابردوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون.	١

- ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکانی ناو بنکەی زانیاری (Geodatabase) کە تایبەتە بە نەخشەسازی (سێرڤەری Server-M).
- دروستکردنی نەخشەیەکی تایبەت بە خاڵی تەقاندنەوەی تەقەمەنی لە (هەولێر، دهۆک، گەرمیان).
- بەشـــداریکردن لە بەراورد کردنی زانیـارییەکـانی مینپـاکی لە بنکەی زانیـاری ســەرەکەی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی و بنکەی سەرەکی پاش وەرگرتنی زانیارییەکانیان.

- ئامادەکردن و دروستکردنی نەخشەی تایبەت بەناوچە مەترسیدارەکانی ئیدارەی سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر بە زمانی کوردی بە داتا و زانیاری بۆ تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچوونی قوتابی (عبدالسلام محمد معروف) و قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی جوغرافیا لە فەکەلتی ئاداب– سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران.
- ئامادەکردنی لیســـتێکی ئێکســـل کە پێکهاتبوو لە (X.Y) تان و پۆی ئەو خالانەی کەوتبونەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناردنی بە ئیمیل بۆ بەشی ئیدارەی زانیاری بۆ چارەسەر کردنیان.
- ڕاهێنان و بەکارهێنانی بەرنامەی نوێی (QGIS) رۆژانە بۆ لێراهاتن و بەکارهێنانی لە داهاتوودا.
- تۆمارکردنی فۆڕمی زانیاری لە داتا بەیسی بنکەی زانیاری سەرچاوەکراو (OSDBMA) :

بەشی چوارەم: هۆشیارکردنەوە و یارمەتیدانی قوربانییانی مین

یەکەم / هۆشیارکردنەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا / دەزگا:

١- سەردانیکردنی ناوچەکان:

ز	چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	ئیدارەی گەرمیان	ک. گشتی
١	ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان	٧٩	٨٢	١١٢	١٥	٢٨٨
٢	ژمارەی کۆبوونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان	١١٦	٨٢	١٨٧	٢٣	٤٠٨
٣	ژمارەی سوودمەند (پیاو) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٥،٤٧٤	٦٥٩	٦٠٣	٤١	٦،٧٧٧
٤	ژمارەی سوودمەند (ئافرەت) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٢٣٣	٤٦٧	٢٦٤	٥٣	١،٠١٧
٥	ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	٢٥١	٤٩٨	٨٠٦	٩٣	١،٦٤٨
٦	ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (١٣ - ١٧) ساڵی	٢٥٩	٤٣٠	٦١٢	٩٩	١،٤٠٠
٧	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - نێر) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٧٩٩	٥٠٣	١،١٩٦	٢٠٩	٢،٧٠٧
٨	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - مێ) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٧٦١	٥٠٠	٩٩٥	١٧٠	٢،٤٢٦
	کۆی گشتی	**٧،٧٧٧**	**٣،٠٥٧**	**٤،٤٧٦**	**٦٦٥**	**١٥،٩٧٥**

٢- دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە:

ز	چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	ئیدارەی گەرمیان	ک. گشتی
١	پۆستەر	٥،١٨٥	٣٣٧	١،٤٧٩	٣	٧،٠٠٤
٢	نامیلکەی رێبەری هۆشیارکردنەوە	٢٤٨	٠	٣٨	٣	٢٨٩
٣	لفلێت	١،٣٢٤	١،٨٥٦	٦،١٤٧	٥٨٨	٩،٩١٥
٤	کارتی زانیاری پەیوەندیکردن	١٥٢	٠	٣٩٦	١٩	٥٦٧
٥	نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وێنەدار	٠	٠	٣٠	٠	٣٠
٦	گۆڤار	٨	٨١٤	٠	٥٨٩	١،٤١١
٧	یاری مار و پەیژە (پەزڵ)	٦١	١٠٠	١٤٦	٢٤	٣٣١
٨	دەفتەری قوتابخانە	١،٦٣٣	٢٧٤	٦٤	١٢٢	٢،٠٩٣
٩	قەڵەم	٠	٢٠٠	٠	٠	٢٠٠
	کۆی گشتی	**٨،٦١١**	**٣،٥٨١**	**٨،٣٠٠**	**١،٣٤٨**	**٢١،٨٤٠**

ب- رێکخراوەکان:

١- سەردانیکردنی ناوچەکان:

ز	چالاکی	رێکخراوی MAG	رێکخراوی SOS	رێکخراوی SHO	کۆی گشتی
١	ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان	٥٩٧	٥٥٦	٤	١،١٥٧
٢	ژمارەی کۆبونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان	٢،٢١٠	٥٥٦	٢٦٧	٣،٠٣٣
٣	ژمارەی سوودمەند (پیاو) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٢،٧٦٢	٧،٥٣٣	٥٩١	١٠،٨٨٦
٤	ژمارەی سوودمەند (ئافرەت) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٢،٧١٣	٢،٧٤١	٦١٥	٦،٠٦٩
٥	ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	٣،٩٨٥	٩،٦٨٧	٢٩٦	١٣،٩٦٨
٦	ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	٤،٢٥٧	٤،٤٤٦	٣٧١	٩،٠٧٤
٧	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - نێر) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٧،٥٣٥	١٠،٥٩٥	٧١٨	١٨،٨٤٨
٨	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - مێ) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٦،٣٤٧	٧،١٦٢	٥٤٥	١٤،٠٥٤
	کۆی گشتی	**٢٧،٥٩٩**	**٤٢،١٦٤**	**٣،١٣٦**	**٧٢،٨٩٩**

٢- دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە:

ز	چالاکی	ڕێکخراوی MAG	ڕێکخراوی SOS	ڕێکخراوی SHO	کۆی گشتی
١	پۆستەر	٤،١٢٦	٢٩،١٣٣	٣٤٦	٣٣،٦٠٥
٢	لفلێت	١٩،٧٤٦	٤٧،٧٨٦	٢،٩٤٢	٧٠،٤٧٤
٣	کارتی زانیاری پەیوەندیکردن	٥،٥٥٩	٠	٢،٤٦٧	٨،٠٢٦
٤	نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وێنەدار	٣،٢٨٧	٠	٣٢٤	٣،٦١١
٥	گۆڤار	١٠	٠	٠	١٠
٦	یاری مار و پەیژە (پەزڵ)	١،٥٥٣	١٦٤	١٢٧	١،٨٤٤
٧	دەفتەری قوتابخانە	٣٨٦	١٦،٨٣٣	٢٩٣	١٧،٥١٢
٨	تی شێرت	٦٠	٠	٠	٦٠
٩	قەڵەم	٧٦	٠	٠	٧٦
١٠	ستیکەر	٠	٣٠،٩٦١	٠	٣٠،٩٦١
١١	تـــۆپ	٠	١،١٣٤	٠	١،١٣٤
١٢	مەدالیە	٠	٥٤١	٠	٥٤١
١٣	کوپ	٠	١٥	٠	١٥
١٤	کاس	٠	٢٨	٠	٢٨
١٥	شۆرت و درێس	٠	١،٣١٨	٠	١،٣١٨
١٦	کاتژمێر	٠	٢٩	٠	٢٩
١٧	درع و کریستاڵ	٠	٥١	٠	٥١
	کۆی گشتی	**٣٤،٨٠٣**	**١٢٧،٩٩٣**	**٦،٤٩٩**	**١٦٩،٢٩٥**

دووەم / یارمەتیدانی قوربانییانی مین:

- چالاکی سەنتەرەکانی پەلی دەستکرد و دووبارە راهێنانەوەی جەستەیی:

ز	چالاکی	مەڵبەندی ئۆرتۆپیدی دیاناDPLC	بنکەکانی پەلی دەستکرد لە سلێمانی (کۆرد و ئیمرجێنسی)	بنکەکانی پەلی دەستکرد لە دهۆك	سەنتەری پەلی دەستکرد و راهێنانەوە-ICRC	کۆی گشتی
١	ژمارەی نەخۆشی تازە تۆمارکراو (سەردان)	١،٢٧٤	٨٢٧	١٩٩	٤٤٢	٢،٧٤٢
٢	ژمارەی نەخۆشی خەوتوو	٠	٣١٢	٠	٠	٣١٢
٣	ژمارەی چارەسەری سروشتی ئەنجامدراو	٥٠٨	٢،١٧٨	٩١٤	٤٤٢	٤،٠٤٢
٤	ژمارەی چاککردنەوەی پەلی دەستکرد	٢٩٠	١،٤٤٨	٧١٨	٣١٧	٢،٧٧٣
٥	ژمارەی کورسی جوڵاو (wheel chair)ی پێشکەشکراو	٣٢	١٥	٨	٠	٥٥
٦	ژمارەی یاریدەدەری ڕۆیشتن (Walking aid)وەک: دارئەنیشك، داردەست، دارمل یان ڕەوڕەوە	٨٠	١،١٩٧	٩٦	٠	١،٣٧٣

	(Walker higher)ی پێشکەشکراو					
٧	ژمارەی کورسی (WC) پێشکەشکراو	٢٣	٣٦٦	١٦	٢٨	٤٣٣
٨	پرۆژەی داهات بۆ کەمئەندامان	٠	٩	٠	٠	٩
٩	ژمارەی پاڵپشت (orthosis) ی دروستکراو	٤٩	١٣٧	٢٥	٠	٢١١
١٠	ژمارەی پەلی سەرەوەی دروستکراو	٤٦	٥٢	١	٠	٩٩
١١	ژمارەی پەلی خوارەوەی دروستکراو	٢٨	٣٤٦	١٥	٠	٣٨٩
	کۆی گشتی	**٢،٣٣٠**	**٦،٨٨٧**	**١،٩٩٢**	**١،٢٢٩**	**١٢،٤٣٨**

سێیەم / ژمارەی قوربانیانی مین و تەقەمەنی

ز	بریندار / کوژراو	پـــارێزگـــــا					کۆی گشتی
		هەولێر	دهۆک / (نینوی)	سلێمانی	هەڵەبجە	ئیدارەی گەرمیان	
١	ژمارەی بریندار	٣	٧	٧	٠	٢	١٩
٢	ژمارەی کوژراو	٢	١	٧	٠	٢	١٢
	کۆی گشتی	**٥**	**٨**	**١٤**	**٠**	**٤**	**٣١**

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هۆشیارکردنەوە لە ب.گ.هونەری:

- ڕاهێنان پێکردن و پێگەیاندنی ٢٦ چاودێری سەلامەتی لە گونده مینرێژکراوەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک.
- ئەنجامدانی سیمیناری هۆشیارکردنەوە بۆ زۆربەی گروپی شاخەوانەکان و فەرمانبەرانی دەستەی ژینگە و دەستەی گەشتوگوزار.
- هاوکاریکردنی ڕێکخراوی MAG لە بەرهەمهێنانی ٢٠ کورتە ڤیدیۆ و ئەنیمەیشنی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە لە مین و تەقەمەنی.
- سەردانکردنی کارگەکانی ئاسن و دروستکردنی شیش و هەروەها گەراجەکانی کۆکردنەوەی سکراب و کەرەستەی ئاسن بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کرێکارەکان لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی.
- ئەنجامدانی خولێکی قوتابخانەی هاوینە بۆ (١٠٠) خوێندکار لە خوێندنگای گوندی (راوگان) لە قەزای پێنجوێن لە پارێزگای سلێمانی.

- سەردانکردنی تیمەکانی هۆشیارکردنەوەی رێکخراوەکانی (WFP ,SHO,SOS,MAG) بە مەبەستی بەدواداچون و دڵنیابوونی جۆری لە چالاکییەکانیان.
- دەرچوواندنی پێوەری نیشتمانی یارمەتیدانی قوربانییانی مین. بە هاوبەشی لەگەڵ فەرمانگەی کاروباری مین لە بەغداد.
- ئەنجامدانی سێ وۆرکشۆپی (پەرەپێدانی تواناکان) بۆ (٣٣) کارمەندی هۆشیارکردنەوەی دەزگای مین و رێکخراوی MAG و SoS لە شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەنجام دا. بابەتی وۆرکشۆپەکە لەسەر (کارامەییەکانی پەیوەندیکردن) و (بەکارهێنانی زمانی جەستە) بوو.
- بە نوێنەرایەتی دەزگای مین بەڕێوەبەری هۆشیارکردنەوە (٣) سیمکاردی هێلی گەرمی (١٨٢) وەرگرت بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە.
- بە هاوکاری بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکان فیلمێکی دۆکیومینتاری لەسەر چالاکییەکانی دەزگای مین ئامادەمان کرد.

ئەکادیمیای کوردی

ئەکادیمیای کوردی

یەکەم : گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

- لەم ماوەیەدا ژمارەکانی (٥٢ و ٥٣ و ٥٤)ی گۆڤاری ئەکادیمیا بە هەرسێ زمانی (کوردی – عەرەبی– ئینگلیزی)، ئامادەکراوە و لە چاپخانەدا لە ژێر هەڵەچن و دیزاین کردن دایە. ئەم گۆڤارە گرنگیی تەواوی بەو توێژینەوە زانستیانە داوە کە خزمەت بە فەرهەنگ و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

دووەم: چالاکییەکانی ئەکادیمیای کوردی

- ناساندن و بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمی زانای کورد شێخ محەمەدی خال زمانەوانی دەروونی، شیکردنەوەی ڕۆمانی کوێرەی چاوساغ.
- سەرکردانیکردنی بەڕێز میسو سیغیل توێژەر و ئەکادیمیستی فەڕەنسی و پسپۆری جوگرافیای سیاسی بۆ ئەکادیمیای کوردی.
- ئەکادیمیای کوردی ئێوارە کۆڕێکی بۆ ئەکادیمیست و پسپۆری هونەر (د. فازیل جاف) بەناونیشانی(ئەندێشەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە) ڕێکخست.
- ئەنجامدانی سیمینارێک بۆ پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بە ناونیشانی (کوردی موسڵ) لە شاری کەرکوك.
- کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئەکادیمیای کوردی لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٢/٦/١٩ کە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ بەردەوامبوو.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٣، شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، سەردانی ئەکادیمیای کوردییان کرد.
- بەشداریکردن لە چوارەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی بۆ کتێب کرد لە ڕۆژانی ١٧ تا ٢٠٢٢/١١/٢٦.
- کردنەوەی کتێبخانەی (د. ئیحسان شێرزاد) لە ئەکادیمیای کوردی.
- پێشوازیکردن لە بەڕێز کونسوڵی ڕووسیای فیدراڵ ماکسیم ڕۆبین و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیای فیدراڵ بەڕێز لە ٢٠٢٢/١١/٧.
- ئەنجامدانی ئێوارە کۆرێك بۆ پسپۆری فەلسەفەی سیاسی بەڕێز (د. سەربەست نەبی) ڕێکخست لە بارەی گوتاری ئیسلامی سیاسی و کێشەی کورد.
- بەشداریکردن لە پێشانگای کتێب لە زانکۆی سۆران بە مەبەستی زیاتر ناساندنی سەرجەم چاپکراوەکانی ئەکادیمیا.

- ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ نووسەر و وەرگێڕ (م. تاریق کارێزی) بەناونیشانی (کەرکوك و پرسی کولتوور کتێبخانەی کارێز بەنموونە).
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی (پرسی زمان لە ڕاگەیاندن و ڕیکلامی بازرگانیدا).
- ڕێکخستنی ئێوارە کۆڕێك بۆ بەڕێز (دکتۆر پەروین بەدری تۆفیق) بە ناونیشانی (تحليل رموز الالهة عشتار في معبدها في اربيل (ايكالدينا) وتعين موقع معبدها على ضوء النصوص والمنحوتات الاشورية).
- ڕێکخستنی سیمینارێك بۆ بەڕێز دکتۆر (Gor yaranyan) ڕێکخست بە ناونیشانی (مێژووی دەستنووسی کوردی بە پیتی ئەرمەنی).
- بەشداریکردن لە پازدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب کرد.
- سەردانیکردنی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بۆ بەغدا لە ٢٠٢٣/٣/٨، کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- سەردانیکردنی ئەکادیمیست و سیاسەتمەدار و کوردناسان بەڕێزان (ئەدمۆن غەریب و پرۆفیسۆر د. ئەحمەد ناجی سەردانی ئەکادیمیای کوردی.
- پێشوازییکردن لە شاندێکی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی PEN کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ئەسڵی خان یلدرم و زەردەشت حاجۆ و بە یاوەریی بەڕێز قەندیل حەسەن شێخ بزەینی.

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی لە ژێر چاپدان

- (٢٨) بەرهەمی ئەکادیمیای کوردی لە ئێستادا لە ژێر چاپدان.

چوارەم: بەرهەمەکانی ئەکادیمیای کوردی

- (٢٧) دانە کتێب وەک بەرهەمی چاپکراوی ئەکادیمیای کوردی چاپکراون و لەبەردەستی خوێنەراندان.

پێنجەم: دیارییە پێشکەشکراوەکان بە ئەکادیمیای کوردی

- ئەکادیمیا سوپاس و پێزانینی ئەکادیمیای ئاراستەی ئەو نووسەر و لایەنانە کردووە کە بەرهەمەکانیان وەک دیاری پێشکەش بە ئەکادیمیای کوردی کردووە.

شەشەم: دیاریی ئەکادیمیای کوردی بۆ دەرەوە

- (٧٣) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە بە زانکۆی کەرکوك کراون.
- (٥٠) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە زانکۆی دهۆک/ کۆلیژی زمان کراون.
- (١١) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە بنکەی ژین کراون.
- (٣٥) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە زانکۆی چەرمۆ کراون.
- (٣٥) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە وەزیرەکان، ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر، قوتابخانەی دارەتووی کوڕان و کتێبخانەی بانی ناحکومی کراون.
- (٤٠) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە (كلية التربية للعلوم الانسانية/جامعة ديالى) کراون.
- (١٦٠) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە کراون.
- (٤٦) بەرهەم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی پێشکەش بە قوتابخانەی پۆڵای بنەڕەتی تێکەڵاو کراون.

حەوتەم: پێشکەشکردنی بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ ئەدیب و نووسەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان

- (١٩١٠) دانە کتێب لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی وەك دیاری پێشکەش بە ئەدیب و نوسەر، ناوەندە ئەکادیمی و کتێبخانەکان کراوە.

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

ڕاپۆرتی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری تایبەت بە هەنگاوەکانی بە دیجیتاڵیکردنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم
(وەرچەرخانی دیجیتاڵی)

وەرچەرخانی دیجیتاڵی لایەنێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش لە ڕێگەی تێهەڵکێشکردنی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە ووریاییەوە پرۆسەی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لەڕێگەی پلانێکی وردەوە و بەهاوکاری کۆمپانیای نێودەوڵەتی (Adam Smith International) ئەنجام دەدات. ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، چونکە هەم هاووڵاتیان و هەم لایەنی حکومی و کەرتی تایبەت پێویستیان بە کات دەبێت بۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە دەیان بەستێتەوە بە حکومەتەکەیانەوە. هەر بۆیە تێهەڵکێشکردنی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان نابنە جێگرەوەیەک بۆ ئەو ڕێکارانەی هەنووکە بەکاردێن، بەڵکو دەبنە تەواوکەریان.

هەروەها فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری وەکو لایەنی تایبەتمەند بە سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی وەرچەرخانی دیجیتاڵی، کاری لەسەر ئامادەکردنی ژێرخانی دیجیتاڵی، دروستکردنی سیستەم بۆ دامودەزگاکانی حکومەت (خزمەتگوزاری حکومەت بۆ حکومەت)، دروستکردنی سیستەم بۆ هاووڵاتیان (خزمەتگوزاری حکومەت بۆ هاووڵاتی)، و پێشکەکردنی خزمەتگوزاری دیجیتاڵی بۆ کەرتی تایبەت (خزمەتگوزاری حکومەت بۆ کەرتی تایبەت) دەکات. لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خزمەتگوزارییانەدا، فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری چەندین کار و چالاکی ئەنجامداوە و هەروەها بەردەوامیشە لە دانانی ستراتیجییەتی گشتی و تایبەتیی وەچەرخانی دیجیتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کار و چالاکییەکان:

١) **داتاسەنتەری ناوەندی حکومەت:** داتاسەنتەری ناوەندی حکومەت لەسەر ستانداردی نێودەوڵەتی (Tier ٣) دروست کراوە، واتا بە شێوەیەکی بەردەوام کارا و پارێزراو دەبێت. ئەم داتاسەنتەرە دەبێتە شوێنێکی ناوەندی بۆ کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بە شێوەیەکی گشتی، کە دەکاتە نزیکەی ٤٠٠ خزمەتگوزاری. دامودەزگاکانی حکومەت دەتوانن خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانیان لەم داتاسەنتەرەوە جێگیر (Host) بکەن.

٢) **داتاسەنتەری پاڵپشتی:** ئەم داتاسەنتەرە دەبێتە پاڵپشتی بۆ داتاسەنتەری سەرەکی ناوەندی حکومەت لە کاتی بوونی هەر ڕووداوێکی گەورە یان ڕوودانی کارەساتێکی سروشتی.

٣) **بەرزە پاشگری .KRD:** تەنها بەرزە پاشگری دۆمەینیەکانە کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لە جیهانی ئەلیکترۆنی.

٤) **پۆرتاڵی یەکگرتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان GOV.KRD.**

٥) **ئەو سیستەمانەی کە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری دروست کراون:**

- **سیستەمی ڕێکخستنی هاتن و چوون بۆ هەرێمی کوردستان:**
  - پۆرتاڵی پێشکەشکردنی ڤیزای ئەلیکترۆنی بۆ هەرێمی کوردستان.
  - سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری دەستەبەر.
  - سیستەمی بەڕێوەبردن و پێدانی ڤیزا.
  - سیستەمی تۆماری نیشتمانی ڕاگیراوان.
  - سیستەمی بەڕێوەبردنی هاتن و چوون لە سنوورەکان.
  - یازدە سیستەمی تر کە وەک پاڵپشت بۆ ئەم سیستەمانەی سەرەوە کار دەکەن.
- **سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی خشتەی مووچە.**
- **سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان:**
  - داواکاری خەرجیی حکومەت.
  - تۆماری خەرجیی حکومەت.
  - بنکەی زانیاریی گرێبەستەکانی حکومەت.
- **سیستەمی زانیاری دانیشتووان:**
  - شوناسی دیجیتاڵی.
  - ناسینەوەی دیجیتاڵی.
- **سیستەمی سکاڵای هاووڵاتیان:**
  - پۆرتاڵی پێشکەشکردنی سکاڵای هاووڵاتیان.
  - داشبۆردی سیستەمی سکاڵای هاووڵاتیان.
- **سیستەمی هەژماری یەکە داراییەکان.**
- **سیستەمی بەڕێوەبردنی نووسراوەکان.**
- **سیستەمی پاڵپشتی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان.**
- **سیستەمی نوێکردنەوەی زانیاری.**

٦) **دابینکردنی ژێرخانی جێگیرکردن لە داتاسەنتەری ناوەندی حکومەت:**

ئەمانەی خوارەوە بریتین لەو سیستەمانەی کە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە تەنها جێگیرکردنیان بۆ کراوە لەسەر داتاسەنتەری ناوەندی حکومەت:

- سیستەمی پێوەری زیرەکی کارەبا.
- سیستەمی دیجیتاڵی مۆڵەتی شوفێری و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل.
- سیستەمی ناسینەوەی بایۆمەتری.
- سیستەمی دیجیتاڵی دادنووسی.
- سیستەمەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- سیستەمی گرێبەستی گشتی ئەلیکترۆنی کوردستان.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاریی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسی.
- سیستەمی تۆمارکردن بۆ پێکوتەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- سیستەمی وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

٧) ڕاهێنان:

تیمی ڕاهێنان لە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری خولی ڕاهێنانی کردوەتەوە بۆ بەکارهێنەرانی هەر یەک لەم سیستەمانەی خوارەوە:

- سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان.
- سیستەمی ناسینەوەی بایۆمەتری.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی نووسراوەکان.

٨) پاڵپشتی و هاوکاری تەکنیکی:

تیمی پاڵپشتی تەکنیکی لە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە شێوەیەکی بەردەوام پاڵپشتی تەکنیکی فەراهەم کردووە بۆ هەر یەک لەم سیستەمانەی خوارەوە:

- سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان.
- سیستەمی ناسینەوەی بایۆمەتری.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی نووسراوەکان.
- سیستەمی تۆمارکردنی بایۆمەتری مووچەخۆرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی خشتەی مووچە.

٩) پێداچوونەوە و شیکردنەوە:

ئەمانەی خوارەوە بریتین لەو پرۆسە نادیجیتاڵی یان سیستەمە دیجیتاڵییانەی کە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە پێداچوونەوە و شیکارییان بۆ کراوە و ئامادەکاری پێویست کراوە بۆ قۆناغی داهاتوو:

- سیستەمی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک.

- سیستەمی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان:
  - پۆرتاڵی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ تۆمارکردنی ناوی بازرگانی و کۆمپانیاکان.
  - داشبۆردی سیستەمی تۆماری ناوی بازرگانی و کۆمپانیاکان.
- سیستەمی زانیاری دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
- سیستەمی تۆماری ئەلیکترۆنی (e-Registration).
- سیستەمی بەڕێوەبەردنی سەرچاوە مرۆییەکان.
- پۆرتاڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (AVL).
- سیستەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.
- پۆرتاڵی کتێبخانەی نیشتیمانی دیجیتاڵی.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری سەرچاوە مرۆییەکان - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

١٠)دابینکردن و بەخشینی کەلوپەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی بۆ دامودەزگاکانی حکومەت:

- فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری هەڵساوە بە دابینکردن و بەخشینی چەندین کەلوپەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی بۆ چەندین وەزارەت، دەستە، و فەرمانگەی حکومەت بۆ ئاسانکاریکردن لە ڕاپەڕاندنی کاروبار و ئەرکی ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی خێرا. پوختەی ژمارەی ئەو کەلوپەلانە بریتین لە:

- دابینکردنی (١٢٢٢) لاپتۆپ بۆ گشت بەکارهێنەرانی سیستەمی بەڕێوەبردنی داراییی کوردستان.
- دابینکردنی سکانەر بۆ دامودەزگاکان.
- دابینکردنی کەلوپەل بۆ سیستەمی تۆمارکردنی بایۆمەتری: دابینکردنی ١٤ لاپتۆپ، کامێرا، سکانەر، سکانەری پێڵوی چاو، سکانەری پەنجەمۆر و هێڵی ئینتەرنێت بۆ هەر یەک لە پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی.
- بەخشینی کەلوپەل بە چەند دامودەزگایەکی حکومی.